رووداو
RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (404) دووشەممە 2016/4/18 – 29ی نەورۆزی 2716 (750) دینار


به مۆبایل وێنەی دەگرێت و چەقۆ لەسەر ملی دادەنێ

## لەناو مزگەوتێک دەستدرێژی دەکرێتە سەر مێرمنداڵێکی ناکام

**رووداو- راپەڕین**

لە مزگەوتی یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری رانیە، گەنجێک دەستدرێژی دەکاتە سەر مێرمنداڵێک کە خاوەن پێداویستیی تایبەتە. دۆسیەی ئەو منداڵە لە دادگایە و تۆمەتبارەکەش دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. ئەو رووداوە لە نێوەڕاستی مانگی شوباتی ئەمساڵ لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری رانیە روویداوە. گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بە ناوی (ک.ج) بە زەبری چەقۆ هەڕەشەی لە مێرمنداڵێکی تەمەن 17 ساڵان بە ناوی (ئە.ش) کردووە و بردوویەتیە مزگەوتی گوندەکە. لەوێش دەستدرێژیی کردووەتە سەری. باوکی مێردمنداڵەکە بە (رووداو)ی راگەیاند ئێوارەی رۆژی 2016/2/17 کوڕەکەی نانی نیوەڕۆی خواردووە و چووەتە دەرەوە و تا درەنگانی شەو نەگەڕاوەتەوە "ئەو شەوە کوڕەکەم کەوتبووە دەست کەسێک کە لە خۆی گەورەترە، چەقۆی لەسەر ملی داناوە و بردوویەتی بۆ مزگەوتی گوند، لەوێ دەستدرێژی دەکاتە سەر، پاشان بە مۆبایل وێنەی دەگرێت و پێیدەڵێت ئەگەر لەلای کەس باسی بکەی، ئابڕووت دەبەم".

(م.ج) کە براگەورەی تۆمەتبارەکەیە دەڵێت بەهیچ شێوەیەک بەرگری لە براکەیان ناکەن و پارێزەریشی بۆ ناگرن، تەنانەت ئەوە دوو مانگە لە زیندانە سەردانیان نەکردووە.

« 2



**عارف قوربانی**

### یەکگرتوو، ئەوەی کە خۆیان نایزانن

22

**عارف تەیفوور بۆ (رووداو):**

### عەبادی پیاوێکی درۆزنەو نیەتی چاکسازیی نییە

5

### یەکێتی داوای وەزارەتی ناوخۆ لە پارتی دەکاتەوە


4

# ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق رێککەوتن

« 3



## مۆزەخانەی کوردستان بە"نهێنی" دیزاین دەکرێت



« 2

## کوردە پەنابەرە دێرینەکان فینلاند بەجێدێڵن

« 11

## راپی کوردی نەوەیەک لە ئەڵمانیا دەگۆڕێت



« 12



## 50%ی کتێبەکانی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر نەفرۆشراون

**ڕووداو- هەولێر**

لە یازدەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، کە زیاتر لە 700 هەزار کتێب بە زمان و ناونیشانی جۆراوجۆر نمایشکرابوون، تەنیا 50% کتێبەکان فرۆشراون و نیوەشیان ماونەتەوە، ئەوەش بەهۆی قەیرانی دارایی، چونکە ژمارەی سەردانکەرانی پێشانگاکە لە ساڵی رابردوو زیاتر بووە.
ئیهاب عەبدولڕەزاق، سەرپەرشتیاری پێشانگای کتێب دەڵێت "ئەوەی ساڵی رابردوو 10 کتێبی کڕی بێت، ئەمساڵ شەش بۆ حەوت کتێبی کڕیوە، واتە نزیکەی 20% بۆ 30% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە".

### جوویەک دیزاینی کردووە کە براکەی لە هۆڵۆکۆستدا لەدەستداوە

# مۆزەخانەی کوردستان بە"نهێنی" دیزاین دەکرێت

**ڕووداو- Bloomberg**

حەوت ساڵ لەمەوبەر، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی کەسێکەوە داوای لە دانیەل لیببیسکیند، دیزاینەری بەناوبانگی پۆڵەندی-ئەمریکی کردووە مۆزەخانەیەک بۆ کوردستان دیزاین بکات. مۆزەخانەکە دەبێتە نێوەندی نمایشکردنی میراتە کولتووری و مێژووییەکانی هەرێمی کوردستان. بارزانی لەڕێگەی کەسەکەوە بە لیببیسکیندی گوتووە مۆزەخانەکە دەبێت گوزارشت لە مێژووی کورد بکات، کە دەیان ساڵ ڕووبەڕووی توندوتیژی و چەوساندنەوە بووەتەوە. واتە مۆزخانەکە هەم گوزارشت لە مێژووی ترس و تۆقاندنەکانی کورد دەکات و هەمیش سامانە کولتوورییەکانی کوردی تێدا نمایشدەکرێت.

هەرچەندە ئەوکات ڕەوشی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی عێراق، ئارام بوو، بەڵام دروستکردنی مۆزەخانەیەک کە ڕەنگدانەوەی شوناسی کورد بێت، وەکو پرسێکی هەستیار سەیرکراوە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی دەکرا تورکیا، ئێران، سووریا و عێراق مەترسی لەسەر دەستپێکردن و تەواوکردنی پڕۆژەکە دروستبکەن. بۆیەش بارزانی داوایکردووە پڕۆژەکە بەنهێنی بمێنێتەوە. دیزاینەرە پۆڵەندییەکەش ڕازی بووە.

چاوەڕێدەکرا دوو ساڵ لەمەوبەر، لە وەرزی بەهاردا پڕۆژەکە دەستپێبکات، کە لەسەر پانتاییەکی زیاتر لە 45 هەزار مەتر دووجایە و چاوەڕێ دەکرێت 250 ملیۆن دۆلار تێچوونی بێت، بەڵام چەند مانگێک دواتر، داعش مووسڵی گرت و بەشێکی زۆر لە دارایی هەرێمی کوردستان بۆ خەرجییەکانی جەنگی داعش تەرخانکران.

دانیەل لیببیسکیند، کە خۆی جووە و دایک و باوکی لە ڕزگاربووانی هۆلۆکۆستن، پێیوایە "لە سەردەمی وێرانکارییەکاندا، بەتایبەتیش لەکاتێکدا کولتوور وێران دەکرێت، ئارەزوویەکت بۆ بیناکردن تێدا دروست دەبێت". بە بۆچوونی ئەو ئەندازیارە بەناوبانگە، دروستکردنی ئەو مۆزەخانەیە ناتوانێ تۆڵەی ئەو زیانە گەورە کولتوورییە بکاتەوە کە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق و سووریا بەسەر میراتە کولتوورییەکاندا هاتووە، بەڵام لە کاتێکدا "میراتە جیهانییەکان بەبەرچاومانەوە تێکدەدرێن، دروستکردنی پڕۆژەیەکی لەمشێوەیە پێویستتریشە".

لیببیسکیند مۆزەخانەی بۆ چەندین شاری ئەورووپی و ئەمریکی دروستکردووە. بەتایبەتیش ناوبانگێکی باشی هەیە بەوەی کە پڕۆژەکانی دەتوانن گوزارشت لە کۆمەڵکوژی و جینۆساید بکەن. ئێستاش بەنیازە پڕۆژەیەکی هاوشێوەی مۆزەخانەی جووەکان لە بەرلین لە شاری هەولێر دروست بکات کە یەکەمجار لە ساڵی 2010 سەردانیکردووە و بە دەربڕینی خۆی "سنوورەکانی نەمربوونیشی تێپەڕاندووە".

لە کاتی گەشتەکەی بۆ کوردستان جگە لە هەولێر سەردانی ئەو ناوچانەی کوردستانیشی کردووە کە لە ئەنفال ڕزگاریان بووە. وەک خۆی دەڵێت "پێشتریش لەبارەی ئەنفالەوە شتم دەزانی، خۆشم هەر ڕۆڵەی چیرۆکی هاوشێوەم. وەک بڵێی ئەنفال دووبارەبوونەوەی مێژووییەکی دیکە (واتە مێژووی هۆلۆکۆست) بێت. ئەوان (واتە نازییەکان) لە نیوەشەودا براکەی منیان برد. منداڵەکانیان کوشت و تا ئێستاش نازانین خۆی لەکوێیە".

بەر لە گەشتەکەی بۆ کوردستان، لێکۆڵینەوەی لە جوگرافیای کوردستان کردبوو، هەر بۆیەش بیرۆکەی ئەوەی بۆ هاتبوو کە مۆزخانەکە، وەک چوار پارچەی کوردستان، لە چوار پارچە پێکبێت، تەنانەت ویستوویەتی پارچەکان بە زەقی و بەوردی لە مۆزەخانەکەدا بەدیبکرێن. هەر لەنێو چوار پارچەکەی مۆزەخانەکەدا جارێکی دیکە دوو هێڵ ڕێگەی مۆزەخانەکە دابەشدەکات. هێڵی یەکەمیان دەربڕی رابردووی کوردە، کە بە هێڵ یانیش ڕێگەی ئەنفال ناونراوە. هێڵی دووەم هێڵی داهاتووی کوردە، کە بە هێڵی ئازادی ناونراوە.

لیببیسکیند کە ماستەرپلانی سەنتەری بازرگانیی جیهانیشی داناوە، بەوە بەناوبانگە نەک هەر لە ڕێگەی ماتریاڵەکانەوە، بەڵکو لەڕێگەی تەکنیکەکانی دیزاینیش گوزارشت لەو مێژووە دەکات کە ئەو گەلە پێیدا ڕۆیشتووە. ئەمە بەڕوونی لەنێو مۆزەخانەی جووەکاندا لە بەرلین دەبینرێت. کاتێک لەنێو مۆزەخانەکەدا فەزای زۆر دەبینرێت کە بە فەزای "بۆش" ناونراون و ئاماژەن بەو جۆرە لە شوناس و کولتووری جوو کە پێش هۆلۆکۆست لەئارادانەبوون و دوای جینۆسایدەکە جووەکان خۆی تێدا بینیوەتەوە.

دانیەل لیببیسکیند یەکێکە لەو دیزاینەرانەی کە پێیوایە ئیسلام سامانێکی کولتووری و داهێنانی بەهێزی هەیە، بۆیەش لە دیزاینی مۆزەخانەکەدا لەپاڵ توخمە کوردییەکاندا کۆمەڵێک توخمەکانی شارستانییەتی ئیسلامیش بەدیدەکرێت.

بۆ کاروبار و بابەتە مەڵتیمیدیاییەکانی مۆزەخانەکە پەیوەندی بە گوین ڕوبەرتس کراوە کە پێشتر ڕۆژنامەنووس بووە و زۆربەی پێکدادانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تۆمارکردووە. ئێستاش خاوەنی کۆمپانیای (RWF World)ە.

تاوەکو ئێستا دیارنییە لەم ڕەوشە ئابوورییەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا کەی دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە دەکرێت. بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە کوردستان زیاتر لە هەزار کلیۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دا هەیە. دانیەل لیببیسکیندیش دڵنیا نییە و دەڵێت "زانیاریم نییە پڕۆژەیەکی لەوجۆرە لەکاتی جەنگدا دەستی پێکرابێت، بەڵام ڕەنگە لەم سەردەمی وێرانکارییەدا، بیناسازی لە هەموو کاتێکی دیکە گرنگتر بێت. بیناسازی هونەرێکی سەربازی یان سیاسی نییە، بەڵکو چاندنی باخێکە، دروستکردنی باڵەخانەیەکە، هێزی بیناسازی لەوەدایە کە دەتوانێت شتێکی باش بکات".



مۆزەخانەکە لەسەر ڕووبەری 45 هەزار مەتر دووجا دروست دەکرێت و تێچووەکەی 250 ملیۆن دۆلارە

### به مۆبایل وێنەی دەگرێت و چەقۆ لەسەر ملی دادەنێ

# لە مزگەوتێک دەستدرێژی دەکرێتە سەر مێرمنداڵێکی ناکام

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

لە مزگەوتی یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە، گەنجێک دەستدرێژی دەکاتە سەر مێرمنداڵێک کە خاوەن پێداویستیی تایبەتە. دۆسیەی ئەو منداڵە لە دادگایە و تۆمەتبارەکەش دانی بە تاوانەکەیدا ناوە.

ئەو ڕووداوە لە نێوەڕاستی مانگی شوباتی ئەمساڵ لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە ڕوویداوە. گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بە ناوی (ک.ج) بە زەبری چەقۆ هەڕەشەی لە مێرمنداڵێکی تەمەن 17 ساڵان بە ناوی (ئە.ش) کردووە و بردوویەتیە مزگەوتی گوندەکە. لەوێش دەستدرێژیی کردووەتە سەری.

باوکی مێرمنداڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کوڕەکەی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و نەخۆشیی شەلەل دەماغی هەیە. توانای هاتوچۆکردنی بەباشی نییە. زۆرجار خۆی کوڕەکەی دەشوات "بەڵام منداڵێکی بێ کێشەیە."

باوکی (ئە) دەڵێت ئێوارەی ڕۆژی 2016/2/17 کوڕەکەی نانی نیوەڕۆی خواردووە و چووەتە دەرەوە. تا درەنگانی شەو نەگەڕاوەتەوە. ئەو خۆی لە بەرەکانی جەنگ بووە. هاوژینەکەی پەیوەندیی پێوە کردووە و گوتوویەتی هێشتا (ئە) نەگەڕاوەتەوە.

باوکی (ئە) گوتی "ئەو شەوە کوڕەکەم کەوتبووە دەست کەسێک کە لە خۆی گەورەترە، چەقۆی لەسەر ملی داناوە و بردوویەتی بۆ مزگەوتی گوند، لەوێ دەستدرێژی دەکاتە سەر و هەڕەشەشی لێدەکات کە لەلای کەس باسی نەکات، هەر بەوەندەش وازناهێنێ، بە مۆبایل وێنەی دەگرێت و پێیدەڵێت ئەگەر لەلای کەس باسی بکەی، ئابڕووت دەبەم".

باوکی (ئە) دەڵێت کارگوزارێکی مزگەوتەکەش ئاگاداری ڕووداوەکەیە و تۆمەتبارەکە داوای لە کارگوزارەکە کردبوو کە ئەویش دەستدرێژی بکاتە سەر (ئە) بەڵام ئەو ڕەتیکردبووەوە "بەڵام هەندێک پارەی لێ وەرگرتبوو کە تاوانبارەکە لە کوڕەکەمی سەندبوو"، گوتیشی "ئەو کارگوزارە وەکو شایەت بانگ کراوە، بەڵام هەر جارە و قسەیەک دەکات، بۆیە گومانم هەیە ئەویش دەستی لەو کارەدا هەبێت".

باوکی (ئە) باسی هەڵوێستی بنەماڵەکەی کرد سەبارەت بەوەی بەسەر کوڕەکەیدا هاتووە و گوتی "بە سوڵحی عەشایەری تەنیا لە هەڕەشەی تاوانبار کە چەقۆی خستووەتە سەر ملی کوڕەکەم خۆش دەبین، بەڵام لەسەر مەسەلەی دەستدرێژییەکە و گرتە ڤیدیۆییەکە بە هیچ شێوەیەک خۆشنابین".

باوکی (ئە) گلەیی لە دەزگا ئەمنییەکان هەیە کە دۆسیەکە "بە سستی" بەڕێوە دەبەن و دەڵێت "دوو مانگە دۆسیەی کوڕەکەم لە پۆلیسە و هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە". هەروەها گوتی "دەبووایە وەزارەتی ئەوقافیش لەسەر ئەو بابەتە بێتە دەنگ، چونکە ئەوە پێشێلکردنی پیرۆزیی مزگەوتە".

بەڵام بەرپرسی ئەوقاف لە ناوچەکە دەڵێت ئاگایان لەو ڕووداوە نییە. غەریب ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەوقافی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "ئاگاداری ئەو ڕووداوە نین. دەبووایە مامۆستای مزگەوتەکە یان موختاری گوند ئاگادارمان بکاتەوە، بۆئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین".

(م.ج) کە براگەورەی تۆمەتبارەکەیە، هەرچەندە دەڵێت نازانن ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ براکەی ڕاستە یان نا، بەڵام دەڵێت بەهیچ شێوەیەک بەرگری لە براکەیان ناکەن و پارێزەریشی بۆ ناگرن، تەنانەت ئەوە دوو مانگە لە زیندانە سەردانیان نەکردووە.

ڕائید مستەفا محەمەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین پشتڕاستی کردەوە کە دۆسیەی ئەو مێرمنداڵە لە پۆلیسی ناوچەکەیە و گوتی "کەسوکاری مێرمنداڵەکە سکاڵایان تۆمار کردووە، ڕۆژی 2016/2/22 گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بەو تۆمەتە دەستگیرکراوە و بەپێی ماددە 396 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکە دەکرێت. پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی ڕووداوەکە بەردەوامە".

پارێزەر ڕێناس عالی مەلا باسی سزای ئەو تۆمەتبارە دەکات ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساخ ببێتەوە و دەڵێت "بەپێی برگە یەک لە ماددە 396 هەر کەسێک بە زەبری هێز دەستدرێژی بکاتە سەر کەسێک جا نێر بێ یان مێ، بە حەوت ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ. برگەی دووەمی ماددەکەش دەڵێت ئەگەر تاوانلێکراو 18 ساڵی تەواو نەکردبێ، ئەوا بە زەرفی موشەددەد دادەنرێت و تاوانبار بە 10 ساڵ زیندانیکردن سزا دەدرێت".

### خۆی قەدەغەی کردووە

# حکومەت واز لە عەلی ناهێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو – سلێمانی**

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان هێشتا لە نووسراوەکانیدا کار بەو فۆنتە دەکات کە بۆخۆی دوو ساڵ و چوار مانگ لەمەوبەر قەدەغەی کردووە بەکاربهێنرێ. بەرپرسی فەرمانگەی تەکنەلۆژیا و زانیاری دەڵێت لای ئەوان کارە تەکنیکییەکان تەواوبوون و دەبێ فەرمانگەکانی حکومەت بەو فۆنتە کار بکەن کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەرداوە.

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە 8201، لە ڕۆژی 2014/12/15 بەکارهێنانی سەرجەم فۆنتەکانی وەکو "عەلی فۆنت"ی قەدەغە کردووە و بڕیاردراوە تەنیا کار بە "فۆنتی یوونیکۆد" بکرێت. بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران لە نووسراوەکانیدا هێشتا کار بە فۆنتەکانی وەکو "عەلی کەی سەحیفە"، "عەلی کەی سەمیک" و "عەلی کەی جەددە" دەکات.

ئەنجوومەنی وەزیران نووسراوێکی بە ژمارە 1566 لە ڕۆژی 2016/4/11 دەرکردووە و نووسراوەکە چەند فەرمانێکی تێدایە بۆ پارێزگای دهۆک، بەڵام کلێشەی نووسراوەکە تەنیا فۆنتی یوونیکۆدی تێدا بەکارنەهاتووە. بەڵکو فۆنتەکانی عەلیشی تێدا بەکارهاتوون.

سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێئاگایی خۆی لەو نووسراوەی ئەنجوومەنی وەزیران نیشاندا و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئەو بڕیارەی پێشتر بۆ ئەو بابەتە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە، پێویستە سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکان پابەندبن پێیەوە، بەڵام ئەگەر لە هەر شوێنێک جێبەجێ نەکرابێت، ئەوە دەکرێ لەڕووی تەکنیکییەوە فەرمانگەی تەکنەلۆجیا و زانیاری بەدواداچوونی بۆ بکەن. ئەگەریش لە هەر شوێنێک کێشە بۆ گۆڕینەکە هەبێت، ئەو فەرمانگەیە هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی دەکات".

هیوا ئەفەندی، بەرپرسی فەرمانگەی تەکنەلۆژیا و زانیاری لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئاماژەی بەوەدا کە وەکو لایەنی تەکنیکی هەموو وردەکارییەکانیان بۆ وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە. لە ماڵپەڕی خۆشیاندا وردەکارییەکانیان خستووەتەڕوو، بەڵام گوتی "ئەگەر لە هەر شوێنێک جێبەجێ نەکرابێت، دوو هۆکار هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کە لە بابەتەکە تێنەگەیشتوون یانیش لە بێموبالاتیی خۆیانە، بەڵام ئەگەر شوێنێک جێبەجێی نەکردبێت، ئەوە دەبێ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، بەدواداچوونی بۆ بکات".


(ڕووداو) چەند جارێک هەوڵیدا ڕای د.نووری عوسمان، بەڕێوەبەری فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون وەربگرێت، بەڵام پەیوەندییەکان بەردەست نەبوون.

هەندێک لە وەزارەتەکان دەڵێن لەو ڕۆژەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانیان بەدەستگەیشتووە کاری پێدەکەن، بەڵام هەندێک لە وەزارەتەکان هێشتا کار بە فۆنتە کۆنەکە دەکەن.

محەممەدئەمین هەورامی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کاتی دەرچوونی بڕیارەکەی حکومەتەوە فۆنتی نووسینەکانیان بۆ یوونیکۆد گۆڕیوە و گوتی "ئەو بڕیارەمان گشتاندووە بۆ تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکانیشمان و جێبەجێ دەکرێت". بەڵام مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بە ئاماژەدان بە گۆڕینی فۆنتی نووسراوەکانی وەزارەتەکەیان، گوتی تائێستاش بەشێک لە وەزارەت و دامودەزگاکانی دیکەی حکومەت پابەندی ئەو بڕیارە نەبوون و گوتی "بەشێک لەو نووسراوانەی بۆمان هاتوون زۆربەیان نەگۆڕاون".


هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
اقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
ژمارە: ١٥٦٦
No:
ڕێکەوت: ٢٢/ نەورۆز/٢٧١٦ ی کوردی
Date: ٢٠١٦/٤/١١
﴿ فەرمان ﴾
لەبەر بەرژەوەندی گشتی، و لەسەر داواو پێویستی پارێزگای دهۆک بڕیاردرا بە:

رووداو
راپۆرت
ژمارە (404) دووشەممە 2016/4/18



## ئەبوبەکر عەلی: عادل نووری لە سەنگەرێکی هەڵەدایە

**رووداو- هەولێر**

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتوو رایگەیاند، پەرلەمانتاری حیزبەکەیان، عادل نووری، لە سەنگەرێکی "هەڵە"دایە. چاکسازی و دژایەتیکردنی گەندەڵیش لە عێراق بە "وەهم" دەزانێ. ئەبوبەکر عەلی گوتی "خەڵکی یەکگرتوو بەشێوەیەکی گشتی رازی نەبوون بە هەڵوێستەکەی عادل نووری، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر هەڵوێستەکەی. خۆم پەیوەندیم پێوە کرد و پێمگوت تۆ لە سەنگەرێکی هەڵەدایت، راکردن و بەدوای چاکسازی و دژایەتیکردنی گەندەڵی لە عێراق وەهمە، عێراق بەرەو داڕووخان دەڕوات".

# ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق ڕێککەوتن

## ئالا تاڵەبانی: ئێران لەگەڵ مانەوەی سەلیم جبوورییە لە پۆستەکەیدا

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

هەوڵەکانی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق و موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر بۆ گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت شکستی هێنا، ئەمریکا و ئێران لەسەر مانەوەی سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی عێراق هاوڕان، زەرەرمەندی یەکەمیش لەو یارییە کورد بوو.

هیچ جارێک هێندەی ئەمجارە پرۆسەی سیاسیی عێراق مەترسی لەسەر نەبووە، خۆپیشاندانەکان خەریک بوو لە گرێژنە دەربچن و کار گەیشتە ئەوەی دروشمی "بڕووخێ" بەرز بکرێتەوە و پەتی سێدارە بەسەر دیواری مەیدانی تەحریردا هەڵبواسرێ.

نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق دەیویست بە هەر شێوەیەک بێت ئەو پشێوییەی عێراق بقۆزێتەوە و بەرەکە لەژێر پێی حەیدەر عەبادی دەربهێنێ و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر کورسیی دەسەڵات. بەڵام سەرکردەیەکی کورد بە (رووداو)ی گوت "بارزانی بە ئەمریکا و لایەنە کوردستانییەکانی لە بەغدا گوتووە، گەڕانەوەی مالیکی هێڵی سوورە و دەستبەرداری عەبادی و سەلیم جبووری نابین".

ئەو سەرکردە کوردە کە بەباشی نەزانی ناوی بڵاوبکرێتەوە، لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "ئەمریکا و ئێران ڕێککەوتوون کە گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەماندا نەکرێت".

زەلمای خەلیلزاد باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لە وتارێکدا کە رۆژی 14ی ئەم مانگە لە رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) بڵاوبووەتەوە، دەڵێت "لەم کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران دەتوانن یارمەتی عێراق بدەن بۆئەوەی لەو قەیرانە سیاسییەی تێیکەوتووە دەرباز ببێ، ئەویش لە ڕێگەی هاندانی سەرکردەکانی عێراق بۆ ئەوەی هاوکاریی عەبادی بکەن لە هەندێک نەک هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی دەیەوێ بیانکات".

ئالا تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "سەلیم جبووری، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە، ئێرانیش لەگەڵ مانەوەی ئەوە، چونکە بە کەسێکی میانڕەوی دەزانن". ئالا تاڵەبانی بەدووری زانی پەرلەمانتارانی مانگرتوو لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا ڕێژەیی یاسایی دانیشتنی پەرلەمان تەواو بکەن. گوتیشی "ئێمەش وەکو کورد لەگەڵ مانەوەی جبوورین لە پۆستەکەیدا".

بەپێی زانیارییەکان، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق پەنای بۆ بارزانی بردووە و داوای لێکردووە هەرچی هەیە بکرێ بۆ ڕێگری لە گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت، بارزانیش بەڵێنی پێداوە کە دژی ئەو هەنگاوە دەوەستێتەوە و دڵنیای کردووەتەوە کە کورد لەگەڵ ئەم هەنگاوە نابن.

هەر بەپێی زانیارییەکان نووری مالیکی تاوەکو دوایین سات لەگەڵ هادی عامری، سەرۆکی کوتلەی بەدر لە دانوستاندندا بووە بۆ ئەوەی رازی بکات بە گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت، چونکە فراکسیۆنی بەدر لە پەرلەمانی عێراق خاوەنی 30 کورسییە و ئەگەر لە پەرلەمان ئامادە بن، ئەوا ڕێژەی یاسایی بۆ پەرلەمانتارانی مانگرتوو تەواو دەبێت، بەڵام عامری لەسەر داوای ئێران نەچووەتە ژێر باری داواکەی مالیکی.

هەندێک لە پەرلەمانتارانی سەر بە مالیکی و ڕەوتی سەدر و چەند پەرلەمانتارێکی کورد و عەرەبی سوننە مانیان گرتووە و هەموو هەوڵێک دەدەن کۆبوونەوەی پەرلەمان بکەن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا بکرێ، ئەوان ژمارەیان 130 پەرلەمانتارە، بەڵام نیسابی قانوونی پەرلەمان پێویستی بە ئامادەبوونی 165 پەرلەمانتارە.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو پەرلەمانتارە مانگرتووەکان کە سێ پەرلەمانتاری کوردیشیان لەگەڵە، بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین پەرلەمانتار کە عەدنان جەنابی بوو، کۆبوونەوە. ئەوان ڕایانگەیاند کە نیسابی قانوونییان تەواو کردووە و بڕیاری لادانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان دا. بەڵام دواتر وێنەی کۆبوونەوەکە درەی پێکرا و دەرکەوت کە کۆبوونەوەکە نیسابی قانوونی تەواو نەکردووە.

حەیدەر عەبادی تاوەکو ئێستا دوو لیستی گۆڕانکاری لە کابینەکەی پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، لیستی یەکەم کورد دژی وەستایەوە. لیستی دووەمیش بە دڵی کوتلەی سەدر نییە. ئێستا سەدر گەورەترین لەمپەرە لەبەردەم گۆڕانکارییەکانی عەبادی.

موقتەدا سەدر ئێستا لە شاری بەغدایە و مۆڵەتی 72 کاژێری داوەتە عەبادی بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە کابینەکەیدا بکات. سەدر دوای ئەوەی زانی گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان شکستی هێناوە، بە هەزاران لە لایەنگرانی خۆی ڕژاندە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان بچنە ژێرباری داواکانی.

خۆپیشاندەران لە مەیدانی تەحریر هەڕەشە لە عەبادی دەکەن و دەڵێن ئەگەر لەو ماوەیەی موقتەدا سەدر دیاری کردووە گۆڕانکاری نەکات، ئەوا دەچنە ناوچەی سەوز و وەزیرەکان دەکەنە حاویەی خۆڵەوە.

موقتەدا سەدر داوا لە عەبادی دەکات سەرجەم وەزیرەکانی کابینەکەی بگۆڕێ و کەسانی تەکنۆکرات لە دەرەوەی حیزبەکان دابنێ، بەڵام کورد یەکەم لایەنە دژی ئەوە وەستاوەتەوە و دژی دانانی وەزیری کوردە لە دەرەوەی ئیجماعی سیاسیی کورد.

خەسرۆ گۆران، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "ئەگەر وەزیرەکانی کورد لە بەغدا بگۆڕدرێن، کورد بەشداری لە حکومەتدا ناکات، عەبادیش بەڵێنی بە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوە، وەزیرەکانی کورد نەگۆڕێت".

لیستی دووەم کە عەبادی بەنیاز بوو پێشکەشی پەرلەمانی بکات، ئەو وەزارەتانەی تێدا نەبوو کە بە دەست کوردەوەن، ئەوانیش وەزارەتی دارایی، ڕۆشنبیری و کۆچ و کۆچبەران.

فراکسیۆنی عێراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی لەگەڵ داواکاری پەرلەمانتارانی مانگرتوودا بوو، بەڵام سەرکردەیەکی کورد لە بەغدا کە سەردانی ئەمریکییەکانی کردووە بە (رووداو)ی گوت "ئەمریکییەکان بانگی عەللاویان کردووە و هەڕەشەیان لێکردووە بکشێتەوە، ئەویش کشاوەتەوە".

مەیسون دەمەلوجی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی عێراقییە بە (رووداو)ی گوت "ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێ فەوزایە، ڕاستە سەرۆکایەتی پەرلەمان لاوازە، بەڵام پێناچێ ئەوانەی بڕیار بوو دابنرێن، لەوانەی ئێستا بەهێزتر بن".

بەبڕوای پەرلەمانتارێکی کورد، زەرەرمەندی یەکەم لەو یارییە کورد بوو، ئەو پەرلەمانتارە گوتی "ئەو یارییە تەواو دەبێت، بەڵام کورد زەرەرمەندی یەکەم دەبێت، چونکە بەهۆی ئەو یارییەوە دوو پەرلەمانتاری خۆی دەرکرد".

هەر یەک لە عادل نووری، پەرلەمانتاری یەکگرتوو و تاڤگە ئەحمەد پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان کە دەنگی خۆیان خستبووە پاڵ دەنگی پەرلەمانتارانی مانگرتوو، لە فراکسیۆنەکانیان دەرکران.



موقتەدا سەدر ئێستا لە شاری بەغدایە و مۆڵەتی 72 کاژێری داوەتە عەبادی بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە کابینەکەیدا بکات (فۆتۆ: AFP)

---

## محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان:

# چیدی پێویست ناکات کورد شاند بنێرێتە بەغدا

**ئێستا لەم ناوچەیە تەنیا کورد گوێ لە ئەمریکا دەگرێ**

**بارزانی هیچ هیوایەکی بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا نەماوە**



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، دڵنیایە لەوەی جارێکی دیکە شاندە باڵاکەی کورد لە بەغدا بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە و هیچ هیوایەکیش نابینێ بۆ ئەوەی ئاڵۆزی و پشێوییە سیاسییەکانی ئێستای عێراق بەشێوەیەک کۆتایی بێت کە "کورد سوودی لێ ببینێ". هەربۆیە یەکڕیزیی گرنگی کورد لەوەدا دەبینێتەوە "بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و قسەی کۆتایی لەگەڵ بەغدا یەکدەنگ بن".

محەممەدی حاجی مەحموود، هەفتەی پێشوو لە پیرمام سەردانی بارزانی کردووە و دەڵێت زیاتر باسی ڕەوشی ئێستای عێراقیان کردووە "بارزانیش هەمان ڕای هەبوو لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق، تەواو بێهیوایە لە بەغدا و پێیوایە کورد ناتوانێ لەگەڵیان بگاتە ئەنجام".

گێژاوە سیاسییەکەی عێراق، ئەو ناکۆکییە قووڵەی خەریکە درزی نێوان لایەنەکان تەواو گەورە دەکات و شیعەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشبوون بەسەر دوو بەرە بۆ مانەوەی سەرۆکایەتییەکانی ئێستای عێراق و لادانیان، نزیکە لەوەی شەڕە گەورە و چارەنووسسازەکەی داعش لە بیری عێراقییەکان بباتەوە. کوردیش لەو نێوەندەدا جگە لەوەی توانی یەکڕیزی خۆی پیشان بدات، هاوکات لە هەر بەرەیەکیانەوە نزیک بێت، بە هێمای خواستی مانەوە لە عێراق پێناسە دەکرێ.

بەڵام محەممەدی حاجی مەحموود ئەوە بە یەکڕیزی کورد لە بەغدا نابینێت و دەڵێت "ئەوە یەکڕیزیی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕانە لە پێناوی مانەوەی وەزارەتەکانیان و شینی هەریسەکەیە". لەو بڕوایەشدایە لە "شینی هەریسەکە"دا، کۆتایی یارییەکە تاڕادەیەک ڕوونە کە مانەوە لە بەغدای لێدەکەوێتەوە و کورد بە وردە کێشەوە سەرقاڵ دەبێت و کێشە بنچینەییەکانی خۆی بیردەچێتەوە.

کورد بۆچی لەنێوان ئەو یارییەدا ڕێگایەکی دیکە نابینێتەوە تاوەکو وەک لایەنێکی بەهێز دەربکەوێ و خواستە ڕاستەقینەکانی لەبەردەم سەرکردە عێراقییەکاندا دەرببڕێ؟ محەممەدی حاجی مەحموود، وەڵامی ئەو پرسیارە دەگێڕێتەوە بۆ واشنتن "لەبەر ئەوەی کورد لە هەڵوێستی ئەمریکا دەترسێ". گوتیشی "لەم ناوچەیەدا ئێستا کەس گوێ لە ئەمریکا ناگرێ، ئەفغانستانی شێواند و جێیهێشت، سوریای بە چارەسەرنەکراوی بۆ ڕووسیا و وڵاتانی دیکە جێهێشت و وا عێراقیش خەریکە لەدەست دەردەچێ، تەنیا کورد گوێ لە ئەمریکا دەگرێ، کاتی ئەوەیە کوردیش قسەی خۆی بکات و بڕیار بدات بە کشانەوە لە بەغدا، لە کۆتاییدا کاردانەوەکانیش ئەوەندە گەورە نابن کە کورد خۆی چاوەڕوانی دەکات".

کێشەکانی عێراق لە ناکۆکی نەتەوە و مەزهەبەکانەوە گەیشتە حکومەت و گۆڕانکارییەکان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و گۆڕینی کابینەی حکومەت بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێککەوتنە سیاسییەکان بە پاساوی بونیادنانەوەی حکومەت و دامەزراوەکان، دواتر کێشەکە بووە ئاریشەیەکی ئاڵۆزتر و ئاڵایە ملی پەرلەمانەوە. بەڕای محەممەدی حاجی مەحموود، یارییەکە زۆرتر بۆ دەرپەڕاندنی کورد و سوننە بوو لە کایەی سیاسیی عێراقدا بەناوی چاکسازی و گۆڕانکارییەوە "بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوون".

بڕیارە شاندێکی باڵا لە سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، بچنە بەغدا و گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە عێراقییەکان بکەن. پێشتر فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی "گفتوگۆی جددی لەگەڵ بەغدا دەکەن". بەڵام سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان پێیوایە چیدی چوونی شاندی کورد بۆ بەغدا پێویست نییە، چونکە سەردانەکانی ڕابردوو هیچی لە دۆخەکە نەگۆڕی "شاندی کوردی تەنیا پێویستە بۆ مەسەلەی ریفراندۆم بچێتە بەغدا و پێیانبڵێن ئاگادار بن ئێمە ریفراندۆم دەکەین".

**پێویستە تەنیا بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم قسە لەگەڵ بەغدا بکرێ**

**یەکڕیزییەکەی کورد لە بەغدا تەنیا یەکڕیزی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕانە**

وەک محەممەدی حاجی مەحموود باسیکرد، ئێستا یەکێتی بۆچوونی وایە کە هێشتا دەبێ هەوڵ لەگەڵ بەغدا بدرێ و دانوستاندن نەپچڕێنرێ "لەبەر دڵڕاگرتنی یەکێتی جارێکی دیکە گفتوگۆ دەکرێتەوە لەگەڵ بەغدا، بەڵام ئەنجامەکە ڕوونە کە هیچ بەدەست نایەت".

دوایین قسەی فەرمی ئەمریکییەکان لەبارەی عێراقەوە، لە زمانی جۆن کیری، وەزیری دەرەوە هاتە دەرەوە کاتێک بە سەردانێک گەیشتبووە بەغدا و گوتی "ئێمە لەگەڵ عێراقێکی فیدراڵی یەکگرتووین". محەممەدی حاجی مەحموود، لەو بڕوایەدایە کە کاتی شکاندنی قسەی ئەمریکایە "دەبێ کورد بۆ کشانەوە لە بەغدا یەکهەڵوێست بن، چونکە تازە لە بەغدا و لەلایەن پەرلەمانتارانی عەرەبەوە سووکایەتی بە کورد و پیرۆزییەکانی دەکرێ".

لەبارەی قسەی ڕاشکاوانەی ڕووسیا بۆ پشتیوانی لە دۆزی کورد و مافەکانی کە ماوەیەکە مۆسکۆ، بێ پەردەتر لە هەر وڵاتێکی ناوچەکە لەبارەی کوردەوە قسە دەکات، بەبڕوای سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان "قسەی مۆسکۆ لەبارەی کوردەوە جددی نییە و زۆرتر بۆ دژایەتیکردنی تورکیا و ئەمریکا بەو شێوەیە قسە دەکەن".

کورد و بەغدا سەرباری کێشەکانی نێوانیان، شەڕێکی هاوبەشی دیکەشیان بۆ دروستبووە کە ئەویش دابەزینی نرخی نەوت و داعشە، پارێزگای نەینەوا هێشتا بەدەست داعشەوەیە، بەڵام لەسەر چارەنووسی ئەو پارێزگایە و چۆنێتی بەڕێوەبردنی لە دوای داعش، دیسان هەولێر و بەغدا کۆک نین. نوێترین قسەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی شەڕی مووسڵەوە ئەوەیە پێشمەرگە ناچێتە نێو شارەکەوە، بەڵام محەممەدی حاجی مەحموود، لەو بڕوایەدایە کە بەبێ وەرگرتنی "گەرەنتی"، کورد نابێ بیر لە چوونە نێو مووسڵ بکاتەوە. گەرەنتییەکە ئەوەیە کە دەبێ پێشمەرگە بیپارێزێت و بۆ بەڕێوەبردنیشی ڕێککەوتن بکرێ.

ڕووداو
ژمارە (404) دووشەممە 2016/4/18

### کۆنگرەی یەکێتی زانایان دوو ساڵ دواکەوتووە

**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی نزیکەی دوو ساڵە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەهۆی نەبوونی پارەوە دواکەوتووە. جەعفەر گوانی گوتەبێژی یەکێتی زانایان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ماوەی نزیکەی دوو ساڵە کۆنگرەی شەشەم دواکەوتووە و گوتی "پێش تەواوبوونی چوار ساڵەکەش چەند جارێک داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بودجەیەکمان بۆ بەستنی کۆنگرەکە بۆ تەرخان بکەن، چونکە پێش کۆنگرە دەبێت کۆنفرانس ببەستین و کۆنگرەکەش ڕەنگە نزیکەی 300 ملیۆن دیناری تێ بچێت و دەتوانین کەمتریشی بکەینەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە حکومەت ناتوانێت پارەمان بۆ خەرج بکات".

# یەکێتی داوای وەزارەتی ناوخۆ لە پارتی دەکاتەوە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی:
## کە کاتی ئەو ئاڵوگۆڕە هات تاوتوێی دەکەین

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

تەنیا دوو مانگی ماوە بۆ ئاڵوگۆڕی وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ لایەکیان باسیان لەو ئاڵوگۆڕە نەکردووە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت داوای وەزارەتی ناوخۆ لە پارتی دەکەنەوە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیش دەڵێت هەر کاتێک یەکێتی داوای کردەوە، لە سەرکردایەتی پارتی تاوتوێی دەکەین.

دوای گفتوگۆ و دانوستاندن و چەندین دانیشتنی دوو قۆڵی تا پێنج قۆڵی، ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2014/6/19 بە بەشداریی هەر یەک لە (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) پێکهات. پشکی یەکێتی کە لە کابینەکانی پێشتردا 50% بوو، بەهۆی بەشداریی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ کە لە خولی ڕابردووی پەرلەماندا ئۆپۆزیسیۆن بوون، کەم بووەوە.

یەکێتی کە خاوەنی 18 کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، لەم کابینەیەدا جگە لە چەند دەستەیەک، وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان، تەندروستی، ڕۆشنبیری و لاوان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی وەرگرت. هەروەها 72 بەڕێوەبەری گشتی و 41 ڕاوێژکار و نۆ بریکاری وەزیریشی پێدرا. لە بەرامبەردا پارتی وەزارەتەکانی ناوخۆ، سامانە سروشتییەکان، پەروەردە، پلاندانان، شارەوانی و چەند دەستەیەکی وەرگرت.

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە کە براوەی دووەمی ئەو هەڵبژاردنە بوو بە 24 کورسی، وەزارەتی دارایی و ئابووری، پێشمەرگەی پێدرا کە لە کابینەی ڕابردوودا لەلای یەکێتی بوون، بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیدا، بڕیار درا کە دوای دوو ساڵ لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت، هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە نێوان هەردوولادا ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (ڕووداو)ی گوت، پێشتر لەگەڵ پارتی ڕێککەوتوون کە دوای دوو ساڵ لە پێکهێنانی حکومەت، ئاڵوگۆڕ بەو دوو وەزارەتە بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا لە کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ پارتی ئەو بابەتەیان نەوروژاندووە، چونکە هێشتا وادەی ماوە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی "لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا هیچ نووسراوێک لە نێوانماندا نەبووە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو دوو وەزارەتە، بەڵکو هەر بە زارەکی قسەی لەبارەوە کراوە".

لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەو حکومەتە دەبووایە تاوەکو ساڵی 2018 ئەو کابینەیە پێکەوە بەڕێوەببەن و ناویشیان نابوو کابینەی بنکە فراوان، بەڵام کابینەکە نیوەی تەمەنی تەواو نەکرد، کێشەی تێکەوت.

بەهۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ناڕەزایەتییەکانی شاری سلێمانی و سووتاندنی بارەگاکانی پارتی کە بزووتنەوەی گۆڕانی پێ تۆمەتبار دەکرا، گرژیی کەوتە نێوان ئەو دوو حیزبە، دواجار پارتی ڕێگەی نەدا د.یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە هەولێر، سێ وەزیرەکەی گۆڕانیشی ناردەوە ماڵەوە. ئەو وەزارەتانەی پێشتر بەدەست گۆڕانەوە بوون، ئێستا بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن.

ئەندامەکەی سەرکردایەتیی یەکێتی بەدووری زانی بەهۆی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە، حیزبەکەی داوای ئەو ئاڵوگۆڕە بکات و گوتی "بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستانەوە هیچ لایەکمان بیری ئەو ئاڵوگۆڕەمان نەماوە، پێشموانییە وەکو یەکێتی بەلامانەوە گرنگ بێت وەزارەتی ناوخۆ وەربگرینەوە، چونکە خودی حکومەت لە قەیراندایە و چەندین وەزارەت و دەستەش بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن، لەبەرئەوە وەزارەتێک وەربگرینەوە یاخود نا شتێکی وا گرنگ نییە".

بەڵام سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "داوای وەزارەتی ناوخۆ دەکەینەوە، بەڵام لەنێو ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەدا هێشتا زووە بۆ باسکردنی ئەو ئاڵوگۆڕە".

ئایا پارتی ئامادەیە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە، کاکەمین نەجار، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا لەنێو پارتیدا باسی ئەو ئاڵوگۆڕە نەکراوە و یەکێتیش بە فەرمی داوای وەزارەتی ناوخۆیان نەکردووە، ئەگەر داوایان کرد ئەوا لە سەرکردایەتیی پارتی تاوتوێی دەکەین".

لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەزارەتی ناوخۆ لەدەستی پارتی بووە، لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە ساڵی 2005دا ئەو وەزارەتە هەر لەلای پارتی مایەوە و هێشتا هەر لەدەست پارتییە، بەڵام دوو بریکاری هەیە کە یەکێکیان یەکێتییە و ئەوەی دیکەیان گۆڕانە. ئێستا بریکارەکەی گۆڕان نێردراوەتەوە ماڵەوە.

ئەندامەکەی سەرکردایەتیی یەکێتی وەکو ئاماژەدان بەوەی تائێستاش هەرێمی کوردستان "دوو ئیدارەیی"یە، گوتی "وەکو لایەنی پراکتیکی و کارکردن، کوردستان تائێستاش هەر دوو ئیدارەییە و ئێمە سەرپەرشتی هێزەکانی ناوخۆی سنووری یەکێتی دەکەین، ئەگەریش بمانەوێت ئاڵوگۆڕەکە بکەین پێویستە ئێمە دەستپێشخەری بۆ باسکردنی بکەین، نەک پارتی".

**لەلایەن بارزانییەوە نێردراون**

# دەستەی دەستپاکی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە 21 دۆسیەی گەندەڵی

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

لقی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەک ڕاپۆرت لەبارەی گەندەڵی بۆ بارزانی دەنێرن، ئەویش 21 دۆسیە لەوانە دەداتە دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت، بارزانی پێیگوتوون ئەگەر دەستەی دەستپاکی ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا نەکات، ئەوا خۆی ناوەکان ئاشکرا دەکات.

مانگی شوباتی ڕابردوو، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە چاکسازی لەنێو حکومەت و حیزبەکەشیدا دەکات، دواتر داوای لە سەرجەم لقەکانی پارتی کرد ڕاپۆرتی بۆ بنێرن لەسەر هەر کەسێک کە گومان دەکەن دەستی لەکاری گەندەڵیدا هەبێ.

سەربەست لەزگین، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاپۆرتی سەرجەم لقەکان گەیشتوونەتە پیرمام و بارزانی بەدواداچوونی بۆ ڕاپۆرتەکان کردووە و چەندین کۆبوونەوەشی لەبارەی ئەو ڕاپۆرتانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، هەروەها لە ڕێگەی نووسینگەکەی خۆیەوە بەردەوام بەدواداچوون بۆ ئەو ناوانە دەکات کە لە ڕاپۆرتی لقەکاندا ناویان هاتووە".

سەربەست لەزگین کە بەرپرسی لقی هەشتی پارتییە لە زاخۆ، لقەکەی خۆیان بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "زۆرجار نووسینگەی سەرۆک بارزانی پەیوەندی پێوەکردووین لەسەر ئەو ناوانەی لە ڕاپۆرتەکانی ئێمەدا هاتوون و داوای زانیاری زیاتریان کردووە".

لەزگین ناوی هیچکام لەوانەی ئاشکرا نەکرد کە لە ڕاپۆرتەکانی ئەواندا هاتوون، بەڵام هەندێک نموونەی هێنایەوە و گوتی "هەیە بە دەیان دۆنم زەوی بەنێوی دامەزراندنی کۆمپانیاوە وەرگرتووە، بەڵام لە بنەڕەتدا کۆمپانیای نەبووە و زەوییەکەی فرۆشتووەتەوە".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ چەند کەسێک دەرچوو، لەوانەش سەرۆکی بانکی ناوەندی و جێگرەکەی و چەند فەرمانبەرێکی بانکەکە بە تۆمەتی ئەوەی چەکی پارەیان خەرج کردووە، لەکاتێکدا بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران خەرجکردنی چەک ڕاگیراوە. هەروەها بارزانی 21 دۆسیەی ئاراستەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان تێدا بکات.

بەرپرسی لقی هەشتی پارتی کە ئاگاداری ئەو 21 دۆسیەیە دەڵێت "سەرۆک بارزانی زۆر جدیە لە ئەنجامدانی چاکسازی، تەنانەت گوتوویەتی ئەگەر دەستەی دەستپاکی ئەو 21 دۆسیەیە ئاشکرا نەکات، ئەوا خۆی ناوەکان ئاشکرا دەکات".

دادوەر سدقی سەلیمخان، دادوەری دەستەی دەستپاکی لە دهۆک هەندێک زانیاری لەسەر چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی ئەو 21 دۆسیەیە دایە (ڕووداو) و گوتی "دەستەی دەستپاکی لە هەولێر دەربارەی ئەو 21 کەیسە پەیوەندی بە منەوە کرد، ئێمە ئێستا کار لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسانە دەکەین، لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان ناو لەنێو ئەو لیستەدا هەن، دۆسیەکان بەپێی شوێنەکانیان بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەی دەستپاکیدا دابەشکراون".

دادوەر سدقی سەلیمخان هەروەها دەڵێت "پێشتر یەکلاکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی قورس بوو، چونکە ئەوکات یاساکانی گەندەڵی زۆر ئاشکرا نەبوون، بەڵام ئێستا یاسای زۆر ڕوون هەن، هەندێک لە کەیسەکان بە ماوەیەکی کەم یەکلایی دەبنەوە، بەڵام هەندێک لە کەیسەکان دوادەکەون و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە".

**زیندانییەکی ڕۆژهەڵاتی لە چاکسازیی سلێمانی:**

# بەشێک لەو گیراوانەی ڕادەستی ئێران کرانەوە، ئازاد کراون



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان لەسەر تاوانی جۆراوجۆر سزادراون، دەڵێن هەندێک لەو زیندانییانەی کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی دوو لایەنەدا ڕادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرانەوە، لەوێ ئازادکراون و ئەوەش بە بڕوای ئەوان کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زیندانیان دروستکردووە، بەڕێوەبەری چاکسازیی سلێمانیش دەڵێت "کاتێک ئەو زیندانیانە ئاڵوگۆڕ دەکرێن، ئێران بە یاسای خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و هەندێکیان بە کەفالەت ئازاد دەکات".

ساڵی ڕابردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران واژۆ کرد بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زیندانیانی هەردوولا بۆ ئەوەی ماوەی سزاکەیان لە وڵاتی خۆیان تەواو بکەن، لەو چوارچێوەیەشدا ساڵی ڕابردوو 97 زیندانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی ئێران کرانەوە و لەم ماوەیەی ڕابردووشدا پێنج زیندانی باشووری کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرانەوە کە سێیان خەڵکی شاری سلێمانین.

یەکێک لەو زیندانییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی زیندانییە بە (ڕووداو)ی گوت، بڕیار بوو سەرجەم زیندانیان ئاڵوگۆڕ بکرێن، بەڵام دوای ئاڵوگۆڕی ژمارەیەک لە زیندانیان و گەڕانەوەیان بۆ ئێران، هەندێکیان لەوێ ئازادکران و ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر بەردەوامبوونی پرۆسەکە دروستکردووە و متمانە نەماوە، بۆیە ئێستا ئەو ئاڵوگۆڕە ڕاگیراوە".

بەڵام شێرکۆ عارف بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو زیندانییانەی ڕەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێنەوە بە یاسای خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و بە کەفالەت ئازاد دەکرێن، لە ڕێککەوتننامەکەشدا هەیە کە ساڵانە وەفدی هەردوولا سەردانی یەکدی بکەن بۆ بینینی زیندانییەکان".

ناوبراو ڕەتیکردەوە بەو هۆیەوە پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکە ڕاگیرا بێت و گوتی "ڕەنگە ئازادکردنی ئەو زیندانییانە کاریگەریی هەبێت لەسەر ناردنەوەی زیندانییان، بەڵام پرۆسەکە بەردەوامە و هەر کاتێک زیندانییەکانی دیکە مامەڵەی ناردنەوەیان تەواو ببێت، ڕەوانەیان دەکەینەوە، ئیدی لەوێ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت پەیوەندی بە ئێمەوە نییە". بە گوتەی ناوبراو هەندێک لە زیندانییەکانی دیکەی ئێرانیش کە لە کوردستان زیندانین کێشەی دواخراویان هەیە یاخود ئەو ماددەیەی پێی سزادراون، پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکە نایانگرێتەوە.

عارف تەیفوور، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ (رووداو):

# عەبادی پیاوێکی درۆزن و بێ بەڵێنە و نیەتی چاکسازیشی نییە

یەکێک بووە لە سەرکردە گەنجەکانی قیادەی موەقەت کە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول پێکهات. عارف تەیفوور کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە، دوو خولی لەدوای یەک جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو، ئێستا دووبارە چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شان و سەرپەرشتی یەکێک لە میحوەرەکانی شەڕی دژ بە داعش دەکات، ئەویش میحوەری خازرە. عارف تەیفوور لە هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) قسە لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق دەکات و عەبادیش بە کەسێکی "درۆزن" وەسف دەکات.



هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

**رووداو: تۆ دوو خول، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بووی، ئەوەی ئێستا لەو پەرلەمانەدا دەگوزەرێ چییە؟**

**عارف تەیفوور:** لە نێوان شیعە و سوننە ناکۆکییەکی گەورە هەیە، هەروەها لە نێوان خودی پێکهاتەی سوننە لەگەڵ سوننە و شیعە لەگەڵ شیعە ناکۆکی هەیە، دووریی نێوان ئەم پێکهاتانە بە جۆرێکە زۆر زەحمەتە عێراق دووبارە بگەڕێتەوە سەر سکەی خۆی و دۆخەکە چاک بکرێتەوە.

**رووداو: کەواتە ئەمە سەرەتای کۆتایی عێراقە؟**

**عارف تەیفوور:** ئەگەر کۆتایی عێراق لە نزیکترین کاتیش نەیەت، ئەوا دابەشبوونی عێراق بۆ سێ هەرێم بەهیچ شێوەیەک ناوەستێ.

**رووداو: لە پەرلەمان باس باسی چاکسازی بوو لە حکومەتدا، لە ناکاو بۆ مانگرتن و لابردنی دەستەی سەرۆکایەتی گۆڕا، بۆچی وای لێهات؟**

**عارف تەیفوور:** ئەو چاکسازییەی عەبادی بانگەشەی بۆ دەکات و سەدر داوای دەکات چاکسازی نییە، بەڵکو دەستی دەستی دەکات، ئەگەرنا عەبادی نییەتی چاکسازی نییە، چونکە ئەو گەندەڵییەی ئێستا لە عێراق هەیە، حیزبی دەعوە لایەنێکی سەرەکییە تێیدا، ئەوان ئیدارەی عێراقیان کردووە، بە تایبەتی لەم دوو ساڵەی دوایی عێراقیان وێران کرد. ئەو کاتەی ئێمە لە پەرلەمانی عێراق دەستبەکاربووین، عێراق خاوەنی نزیکەی 80 ملیار دۆلار پارەی یەدەگ بوو، ئێستا لە مایەپووچ نزیک دەبێتەوە. عەبادی چاکسازی پێ ناکرێت و من زۆر باش دەیناسم، چونکە دوو خول لە پەرلەمان بە یەکەوە بووین، پیاوێکی زۆر درۆزنە و خاوەن بەڵێنی خۆی نییە، زۆرتر بەدوای دەستکەوتەوەیە بۆ حیزبەکەی.

**رووداو: ئەی کورد لە کوێی ئەو بارودۆخەی بەغدایە، لەوێ چ دەکات؟**

**عارف تەیفوور:** کورد پێگەی بەهێزی جارانی لە بەغدا نەماوە، هەتاوەکو خولی دووەمیش، کورد لە بەغدا کاریگەریی گەورەی لەسەر سیاسەتی عێراق هەبوو، تەنانەت بە ئێمەیان دەگوت " ئێوە ئەو هێلکەیەن کە دەتوانن تای تەرازووی هەر لایەک لاسەنگ بکەن". لە دوا ساڵی خولی دووەمی پەرلەماندا نەمانهێشت بودجە بە کەمورکوڕی و دژی هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێت، یان من دژی ئەوە بووم هەر برگە و ماددەیەک بخرێتە دانیشتنەکانەوە ئەگەر رای کوردی لەسەر نەبێت.

**رووداو: ئێستا جێگرە کوردەکەی سەرۆکی پەرلەمان رۆڵی باش نییە؟**

**عارف تەیفوور:** بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی کورد لە بەغدا باش نییە، پێگەی کورد لاوازە و چەندین پۆستی لەدەستداوە.

**رووداو: گلەیی لە ئێوە هەیە کە بەغداتان بە لاوازی جێهێشت؟**

**عارف تەیفوور:** ئاخر ئەو گلەییەش لە ئێمە هەبوو کە دەیانگوت ئێوە دەتانەوێ عێراق دروستبکەنەوە و بەهێزی بکەنەوە، بەغدا بەهێز ببێت و دووبارە پەلاماری کوردستان بداتەوە، بەڵام ئەمجارە عەبادی وایکرد کە کورد لە بەغدا لاواز بێت، هەروەها نووری

## هەندێک بەرپرسی بەرەڵڵا بازرگانی بەو چەکانە دەکەن کە بۆ پێشمەرگە دێن

## لەوەتای گۆڕان دروست بووە کوردستان سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینیوە

مالیکی هۆکاری سەرەکی لاوازیی کورد بوو لە بەغدا کە بودجەی بڕی و چەندین بەرپرسی کوردی لە پۆستە هەستیارەکان دوورخستەوە.

**رووداو: عەبادی لە چ روویەکەوە کوردی لاواز کرد؟**

**عارف تەیفوور:** لەو بەنێو چاکسازییەی کردی، بە ناوی کەمکردنەوەی وەزارەتەکان و کاک د.رۆژی لە پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران دوورخستەوە، دواتر بابەکر زێباری لە پۆستی سوپاسالار دوورخستەوە، پاشان جێگری سەرۆکی موخابەراتی عێراق کە کورد بوو دووری خستەوە، وەزیری کوردی لادا.

**رووداو: کورد لە بەغدا لاوازن و لە هەرێمی کوردستانیش هەنگاو نەنراوە بۆ ئەوەی چارەنووسی کورد لە بەغدا یەکلایی بکرێتەوە؟**

**عارف تەیفوور:** من زۆر زوو ئەوەم راگەیاندووە کە دەبێت کورد رۆژێک لە رۆژان لە عێراق دووربکەوێتەوە، بەڵام ئەمە بە هەست و سۆز نابێت کە بڵێین پەیوەندیمان بە بەغداوە نامێنێ ئەوە راست نییە، چونکە بۆ زۆر بابەت ئێمە بۆ بەغدا دەگەڕێینەوە، بەڵکو پێویستە دۆخی نێوخۆی هەرێمی کوردستان لەبار بێت، هەر کاتێک توانیمان خۆمان بەڕێوەبەین و کێشەکان یەکلابکەینەوە ئەوکات دەتوانی ئەو داوەی لەگەڵ بەغدا ماومانە بیپچڕێنین.

**رووداو: بارزانی داوا دەکات پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا گشتپرسی بکرێت، کورد چ هەنگاوێکی بۆ ئەو پرسە ناوە؟**

**عارف تەیفوور:** زۆر گرنگە گشتپرسی بکرێت، چونکە وەکو چەکێک بە دەستمانەوەیە هەر کاتێک نەگەیشتینە ئەنجامێکی رازیکەر لەگەڵ بەغدا ئەو کات چارەنووسی خۆمان دیاری دەکەین، ئەمەش مانای پچڕانی پەیوەندییەکانمان نییە لەگەڵ بەغدا، پێویستە بزاندرێت کورد لە عێراق چی دەوێت ئەمەش لە رێگای گشتپرسییەوە دەبێت. بەبڕوای من باشترین پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەمان بێت کۆنفیدراڵییە.

**رووداو: ئاستەنگی بەردەم ئەو گشتپرسییە چییە، بۆچی نایکەن؟**

**عارف تەیفوور:** کورد دوژمن و نەیاری زۆرە، چ داعش و چ عەرەبە شۆڤێنییەکان. بەپێی ئەزموونی خۆم ئێمە لە کاتی قەیران و کێشە و هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی یاسا کە دژی خواستەکانی کورد بوو لە بەغدا زۆر بێدۆست و بێکەس بووین، تەنانەت هاوپەیمانەکانیشمان دژمان دەوەستانەوە. بە بیرم دێت ئێمە چەند کەسێک چووینە لای ئەیاد عەللاوی، ئەو کاتەی سەرۆکوەزیرانی کاتیی عێراق بوو، گوایە دۆستێکی نزیکی کوردە، باسی کەرکووک و جێبەجێکردنی ماددەی 58 لە یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتمان لەگەڵ کرد، بڕوا بکە هەر وەڵامیشی نەداینەوە، جارێکی دیکەش لەسەر یاسای هەڵبژاردن ناکۆکیمان هەبوو، عەبدولعەزیز حەکیم بە رەحمەت بێت، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی پەرلەمانتارەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی دەکرد، د.فوئاد مەعسوومان ناردە لای، تاوەکو نیو کاژێر مۆڵەتمان بداتێ لەگەڵ کاک مەسعود و مام جەلال قسە دەکەین و رایان وەردەگرین کەچی ئامادە نەبوو گوتی: یەک خولەک لە سەرتان راناوەستین.

ئەوانەی هاوپەیمان و دۆستی کوردن کاتێک کە کێشەکان گەورە دەبوون ئێمەیان بە تەنیا بەجێدەهێشت، ئەوە باسی کەسانی بێ نرخی وەکو حەنان فەتلاوی، عالیە نوسەیف، مشعان جبووری و عومەر جبووری ناکەم کە کەسانی شۆڤینین. بۆیە دەبێت نێو ماڵی خۆمان رێکبخەینەوە و دیبلۆماسییەتێکی بەهێزمان لە دەرەوە هەبێ، بۆ ئەوەی پشتگیری بۆ ئەو گشتپرسییە بەدەستبهێنین.

**رووداو: لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیش باسی رێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد دەکرێت، ئەم یەکخستنەوەیە چۆن چۆنی دەکرێت؟**

**عارف تەیفوور:** کورد بە درێژای مێژوو سازشی بۆ یەکتر نەکردووە هیچ عەشیرەتێک بۆ عەشیرەتێکی دیکەی کورد سازشی نەکردووە، بەڵام پەنای بۆ دوژمن و بێگانە بردووە، ئێمە دەبێت یەکتر قبوڵ بکەین کە جیاوازیی بۆچوون و را هەیە، ئەمەش شتێکی سروشتییە، بەڵام یەکخستنی نێو ماڵی کورد بە یەکتر قبووڵ کردن دێت. ئێمە وەکو پارتی تاکە حیزبی کوردستان بووین کەچی لە بونیادنانەوەی سەرکردایەتی پارتی لە ساڵی 1975 یەکێک لە دروشمەکانمان یەکتر قبووڵکردن بوو، چونکە زەمەنەکە گۆڕا و شۆڕش تووشی هەرەس بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستاش هەندێک کەس لە کوردستان دەیەوێ هەر بۆچوونی خۆی بسەپێنێ و هەر قسەی ئەو بێت، ئەمەش خراپە، پێویستە حیزبەکان یەکتر قبووڵ بکەن و دەرگای گفتوگۆ لە یەکدی دانەخەن.

**رووداو: تا چەند پارتی ئامادەیە لەگەڵ گۆڕان دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە؟**

**عارف تەیفوور:** پارتی بۆ هەموو لێکتێگەیشتن و رێککەوتنێک ئامادەیە.

**رووداو: بەس گۆڕان داوای ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت دەکات؟**

**عارف تەیفوور:** ئاخر خاڵی ناکۆک لێرە ئەوەیە، ئێمە پێمانوایە دۆخەکە ناگەڕێتەوە پێش ئەو کاتە، چونکە پێمانوایە ئەو سەرۆکی پەرلەمانە ناتوانێت رۆڵی سەرەکی خۆی ببینێ و نێو ماڵی کورد یەکبخات، ئەگەر دیسانەوە بگەڕێتەوە پەرلەمان کێشەو فەوزا لە پەرلەمان و لە نێو خەڵک دروست دەکات و دووبارە قەیرانەکان سەرهەڵدەدەن. مادام ئەو پیاوە ئەوە مەبەست و نیەتی بێ، با بیگۆڕن و کەسێکی نەرم و نیان کە لە دۆخەکە تێبگات لە شوێنەکەی دابنرێت، خۆ گۆڕان خەڵکی باشیان هەیە، بەبۆچوونی من بۆ گۆڕان وا باشە بچێتەوە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن ئەو کات ئازادە چ دەڵێ، ئێستا رێگەپێدراو نییە قسە بە دەسەڵات بڵێ، چونکە خۆی بەشێکە لە حکومەت و ناکرێ دژایەتی بکات.

**رووداو: هەوڵ دەدەن حکومەتی دوو قۆڵی لەگەڵ یەکێتی دورستبکەنەوە؟**

**عارف تەیفوور:** مەرجیش نییە لایەنەکانی دیکە ئەگەر نەهاتنە نێو حکومەت، یەکڕیزیی نێو ماڵی کورد تێکبچێت، دەکرێت گۆڕان و لایەنەکانی دیکە ئۆپۆزسیۆن بن و پەیوەندیشمان ئاسایی بێت، پێویستە پارتی و یەکێتی بڕیار لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو حیزبانە بە گۆڕانیشەوە بدەن، چونکە پارتی و یەکێتی ئەزموونی حکومەتدارییان لە ساڵی 1992وە هەیە و باشتر لە هەر لایەنێکی دیکە لە یەک تێدەگەن.

## هێڵێکی بەهێز لە نێو یەکێتیدا لەگەڵ رێککەوتن و لێکتێگەیشتنە لەگەڵ پارتی

## گۆڕان وا باشە بچێتەوە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن

**رووداو: بەس یەکێتی کێشەی بڕیاردانی هەیە و باڵەکان یەک بۆچوون نین لە دروستکردنەوەی حکومەت لەگەڵ پارتی؟**

**عارف تەیفوور:** بەداخەوە یەکێتی ناکۆکیی زۆریان هەیە و باڵباڵێن هەیە، بەڵام هێڵێکی بەهێز لە نێو یەکێتیدا لەگەڵ رێککەوتن و لێکتێگەیشتنە لەگەڵ پارتی، ئەو هێڵەش دەتوانێت رۆڵی سەرەکی خۆی لەگەڵ پارتی ببینێ لەسەر ئایندەی کوردستان، مەرجیش نییە هەموویان بەشداربن.

رووداو: ئەو هێڵە لەنێو یەکێتی کێیە؟

عارف تەیفوور: ئێمە بە یەک چاو سەیری هەموو یەکێتی دەکەین و حەز ناکەین تووشی قەیران و کێشە ببن، چونکە هەر قەیرانێک بەسەر یەکێتی بێت میللەتەکەمان زەرەر دەکات، بۆ پارتی زەرەرە. تەنانەت ئەو کاتەی گۆڕانیش جیابووەوە ئێمە زۆرمان پێ ناخۆش بوو، ئەو برادەرانە حیزبێکیان دروستکرد، باسی چاکسازی و گۆڕان دەکەن، بەڵام لەو رۆژەوەی گۆڕان دروستبووە کوردستان سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە.

## ئەو گەندەڵییەی ئێستا لە عێراق هەیە، حیزبی دەعوە تێیدا لایەنێکی سەرەکییە

## سەرنەکەوتنی رێکەوتنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خەتای عەبادی بوو

**رووداو: دەمەوێ بگەڕێینەوە سەر بابەتی عێراق، لە نێوان مالیکی و عەبادی کامەی بۆ کورد باشتر بوو هەست ناکەن لە رازیبوون بە عەبادی کورد زەرەری کرد؟**

**عارف تەیفوور:** راستە ئێستا مالیکی زەعیفەو ئەو ئیدارەی عێراق لە پشتی پەردەوە دەکات، من زۆر هاوارم کرد گوتم عەبادی راستگۆ نییە، هەموو ئامانجی خزمەتی حیزبەکەی خۆی و شەخسی خۆیەتی، من ئەزموونی زۆرم لەگەڵی هەیە، سەرنەکەوتنی هەموو رێکەوتنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خەتای عەبادی بوو، کاتێک لە کۆبوونەوەکان دەگەیشتینە رێککەوتن، شیعەکان دەیانگوت دەچینەوە رای عەبادی وەردەگرین کەچی ئەو شکستی بە رێککەوتنەکان دەهێنا و بیانوویەکی دەدۆزییەوە، ئەمجارە کاتێک کاک نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کرد، هەر عەبادی بە بیانووی نەبوونی پارە رێککەوتنەکەی جێبەجێ نەکرد.

**رووداو: تۆ هەشت ساڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بووی، پارتی ئومێدی بە بەغدا نەمابوو، بۆیە ئەو پۆستەی وەرنەگرتەوە؟**

**عارف تەیفوور:** ئەو پۆستە هی پارتی بوو، بەڵام جەنابی سەرۆک لەبەر یەکڕیزیی کورد لە بەغدا ئەو پۆستەی دایە گۆڕان، ئەگەرنا ئەوان بە نۆ کورسی مافی وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و وەزیریان نەبوو، رەنگە ئێستا ئیشوکاری پەرلەمان گۆڕابێت لەوانەیە هەندێک ئیش لەبەر من رۆیشتبێت لەبەر جێگرە کوردەکەی ئێستا نەڕوات، یان من شارەزاییم زیاتر بێت بە حوکمی ئەوەی هەشت ساڵ لەوێ بووم و ساڵێکیش ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی بووم لە ئەنجوومەنی حوکمیش لە خزمەت جەنابی سەرۆک بووم، پێشتر رەخنەیان لە من دەگرت بەوەی قسە ناکەم، خۆ ئێستا جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە کوردە ئەویش قسە ناکات، ئەمە پەیوەندی بەوە هەیە کە ئەو شوێنە هی قسەکردن و لێدوان نییە، بەڵکو شوێنی ئیشکردنە، یان زۆر جاران قسەکردن و لێدوانەکانی جێگری سەرۆک پەخش نەدەکرا.


**رووداو: لە ماوەی رابردوو وەزیری بەرگریی فەرەنسا سەردانی میحوەری خازری کرد، هیچ بەڵێنێکی پێدان؟**

**عارف تەیفوور:** وەزیری بەرگریی فەرەنسا بەڵێنی دا راستەوخۆ چەک و یارمەتی بۆ پێشمەرگە بنێرێت لەو پشکەی کە بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، گوتیان ئاگاداری بەغدا دەکەینەوە، ئەمەش وەکو کورد دەڵێن پرسە خەسوانەیە، چونکە بەغدا ئەو پشکەی کە بۆ کورد دانراوە وەکو خۆی ناینێرێت. دەمەوێ ئاماژە بەوەش بدەم هەندێک بەرپرسی بەرەڵڵا بازرگانی بەو چەکانەوە دەکەن کە بۆ پێشمەرگە دێن، بەمەش سومعەی کورد ناشیرین دەکەن.

ڕووداو

ژمارە (404) دووشەممە 2016/4/18

## لە سەقز مامۆستایەکی کورد حوکم دەدرێت



**ڕووداو- سەقز**

ڕۆژی 2016/4/13 دادگای سنە سزای 91 ڕۆژ زیندانی بۆ مامۆستایەکی کورد دەکرد. مامۆستا تاهیر قادرزادە کە مامۆستای بیرکارییە لە قوتابخانەی دواناوەندیی شاری سەقز لەلایەن دادگای شاری سەقز بە تۆمەتی تێکدانی بیروڕای گشتی، هەوڵدان کۆبوونەوەی نارەزایی لە نێو مامۆستایان و هاندانی قوتابیان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی و ئەنجامدانی کاری فەرهەنگی حوکمی 91 ڕۆژ زیندانی تەعزیری بەسەردا سەپا. مامۆستا تاهیر دەبێتە شەشەمین مامۆستای کورد کە لەو ماوەیەدا بە تۆمەتی جیاجیا لەلایەن دادگاکانی ئێرانەوە سزادراون.

# بۆچی پەکەکە شەڕی گواستەوە شارەکانی باکوور؟

**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە هەشت مانگە ئەو پرسیارە دووبارە دەکرێتەوە: "بۆچی پەکەکە شەڕی گواستەوە نێو شاران؟" چەندین وەڵامی جیاواز بۆ ئەو پرسیارە ئامادەن. لەم ڕۆژانەدا پیرەپیاوێکی خەڵکی ئامەد بە زمانێکی سادە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە و گوتی "لە شارەکانەوە زانیاریی هەڵە دەدرایە قەندیل، کە گوایە خەڵک شەڕ دەکات و ڕاپەڕین دەستپێدەکات. بۆیە ئەویش چەکی هێنایە نێو شار، بەڵام لەگەڵ تەقاندنی یەکەم فیشەک، ئەوەی پەکەکە چاوەڕوانی دەکرد ڕووی نەدا". ئەو قسەیەی شەقام بۆ کەسێک کە لەنێو پەکەکەدا کاری کردبێت و پەکەکە بناسێ، نالۆژیکییە.

حوسێن تووڕهانلی، کادیری پێشووی پەکەکە لەبارەی ئەو زانیارییانەی پیرەپیاوەکە باسی دەکات، دەڵێت ڕاپۆرتەکان تەنیا لە مەسەلەی دەستنیشانکردنی کات کاریگەرییان هەیە: "مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بەو ڕاپۆرتانەوە. مەسەلەی ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، هەروەها ڕەنگە لە دەرەوە بەڵێنێک درابێت. بێگومان پرۆڤۆکاسیۆنی دەوڵەتیش هەیە. ڕاپۆرتی نێوەوەی شار بۆ قەندیل تەنیا کاریگەری لەسەر کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان هەیە. ئەگەر پەکەکە بەرنامەیەکی وای هەبێ، ڕاپۆرت تەنیا کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان دیاری دەکات".

موراد قەرەیلان، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، واتە باڵی سەربازیی پەکەکە، لە میدیای فەرمیی پەکەکەدا ڕەخنەی لە ستراتیژی لێدانی خەندەق و شەڕ لە شارەکان گرت و ڕایگەیاند: "پێویست نەبوو تا ئەو ئاستە شەڕ لە شارەکان ڕووبدات". ئەو قسانە پشتڕاستکردنەوەی ناڕاستەوخۆی قسەکانی پیرەپیاوەکەی ئامەدن.

پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە: بۆچی پەکەکە دوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانی پار کە سیاسەتی کوردی زۆر بەهێز بوو لە تورکیا، دەستی بە شەڕی شاران کرد؟ لەوانەیە خوێندنەوەی هەڵەی پەکەکە بۆ سەرکەوتنی هەدەپە لە حەوتی حوزەیراندا هۆکارێک بووبێت بۆ گواستنەوەی شەڕ بۆ نێو شاران. خەندەق و داخستنی ڕێگە لەو شارۆچکانەی هەدەپە لە حەوتی حوزەیران دەنگی ڕەهای تێدا بەدەستهێنان، ئاماژەیەکە بۆئەوەی پەکەکە خوێندنەوەی تەواوی بۆ ڕووداوەکان نەکردبوو. بۆنموونە لە شارۆچکەی سوور، کە شەڕێکی زۆر قورسی تێدا کرا، هەدەپە 79%ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو. لە جزیرە 91%, لە سلۆپی 89% و لە نوسێبین 90%ی دەنگەکانی هێنابوو.

لە کۆتایی مانگی شوباتی ڕابردوودا، دوران کاڵکان، سەرکردەی دیاری پەکەکە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ میدیای پەکەکە گوتی "ژمارەی قوربانییان زۆرە. پێشبینیمان نەدەکرد تا ئەو ئاستە هێرش بکەن. هەڵخەڵەتاین و هەڵەمان کرد. ئەگەر دوژمنیش بێ، وامانزانی هێزی بەرامبەرمان مرۆڤە".

هەندێک لە چاودێرانی سیاسی ئەو قسانەی کاڵکان وەکو خوێندنەوەی ناتەواوی پەکەکە بۆ ڕووداوەکان لەقەڵەم دەدەن، بەڵام چاودێرێکی سیاسی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "قسەکانی قەرەیلان و کاڵکان تەکتیکین. پەکەکە لەهەموو کەس باشتر دڕندەیی ئەردۆغان و تورکیا دەناسێ".

بەگوێرەی سەرچاوە ئەمنییەکانی تورکیا، لە شەڕی ئەمدواییەدا 1267 ئەندامی پەکەکە و 113 کارمەندی پۆلیس و سوپا کوژراون. هەروەها بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی ئانادۆڵو 215 سەرباز، 133 پۆلیس و 7 جەردەڤان کوژراون.

دورسن عەلی کوچوک، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی پەکەکە، کە ساڵی 2004 لەگەڵ کۆمەڵێک ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی جیابوونەوە، ڕەخنە لە ستراتیژی شەڕی خەندەق دەگرێت و پێیوایە "خەندەق لە شارەکان لەکاتی ڕاپەڕینی گشتی و بە پشتگیری جەماوەر لێدەدرێت، یان لەوکاتەدا کە لەشەڕدا دەوڵەتی تورکیا گورزێکی گەورەی بەرکەوتبێت". دورسن سەرەڕای ئەوەی ڕەخنە لە ستراتیژی شەڕی خەندەق دەگرێ، بەڵام ئۆباڵی دەستپێکردنەوەی شەڕ دەخاتە ئەستۆی ئەردۆغان "لە سووریا و شوێنەکانی دیکە، تورکیا لە دەرەوەی بازنە مایەوە. لە سووریا پلانی بەستنەوەی ڕۆژئاوا بە تورکیاوە شکستی هێنا. دەوڵەت زانیی لە عێراقیش، بەهۆی هەڵوێستی ئەمریکا، ڕووسیا و هاوپەیمانانەوە لە دەرەوەی بازنە دەمێنێتەوە. کەجەکە شەڕی شارانی دەستپێکردبایە یان نا، تورکیا هێرشی دەکردە سەر باکووری کوردستان. لەناوبردنی دەستکەوتەکان ببووە خەمی یەکەمی دەوڵەت".

ئەو سەرکردەیەی پێشووی پەکەکە پێیوایە ئەوەی ئەمڕۆ لە باکووری کوردستان ڕوودەدات لە هەڵەبجە کارەساتبارترە "کەجەکە هەڵەیەکی ستراتیژیی کرد. بە دەستپێکردنی شەڕی شاران زەمینەی کۆمەڵکوژیی بۆ تورکیا دروستکرد. دەوڵەت شەڕی ویست و پلانی کۆمەڵکوژیی داڕشت. دۆزینەوەی بیانوو زەحمەت نەبوو. لێدانی خەندەق بیانووەکە بوو".

بۆچی پەکەکە ئەو هەڵە ستراتیژییەی کرد؟ دورسن دەڵێت "خۆیان بە داهێنانی پرۆسەی ئاشتییەوە بەستەوە. ئالۆزییەکی فیکری لەپشت ئەو داهێنانە هەبوو. باڵادەستیی سیاسییان لەدەستدا. لەوەدا کە چ جۆرە ستراتیژێکی شەڕ لە شاخ یان لە شار پەیڕەوبکرێت خۆیان یەکلایی نەکردەوە. قەیرانەکانی تورکیا لە پەیڕەوکردنی شەڕی شاردا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو".

مێژووی پەکەکە پێماندەڵێ ئەو پارتە پلانی بۆ هەموو باروودۆخێک هەیە. دەتوانێ لەگەڵ ڕەوشی جیاواز هەڵبکات و خۆی بگونجێنێ. محەمەد فاقهانی، کادیری پێشووی پەکەکە پێیوایە کاتێک هەدەپە خەیاڵی سەرۆکایەتیی ئەردۆغانی بەبا دا، ئەردۆغان جگە لە شەڕ هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەما "ئەو هەنگاوەی هەدەپە بۆ پەکەکە دەرفەت بوو بۆ شکاندنی ئەو گۆشەگیرییەی ماوەیەک بوو تێیکەوتبوو. کەواتە ئەوەی شەڕی دەستپێکرد ئەردۆغان بوو. ئەوەی وەڵامی دایەوە پەکەکە بوو".

ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لە باکووری کوردستان بەڕێوەدەچێت، لەڕووی تەکنیکەوە ناهاوسەنگە. پەکەکە بە کەرەستەی زۆر سادە ڕووبەڕووی سوپایەکی پڕچەک دەبێتەوە. کەواتە، سەرەڕای زیانەکان، بۆچی پەکەکە واز لە شەڕی شاران ناهێنێ؟

مەتین گورجان، پسپۆڕی بواری ئەمنی لە تورکیا، لە گۆشەکەیدا کە بۆ میدیای ئەلیکترۆنیی تورکی دەینووسێت، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: "پەکەکە دەیەوێ بەو شەڕە پرۆسەی خۆگۆڕینی تەواوبکات و لە پەکەکەیەکی دێهاتییەوە ببێتە پەکەکەیەکی شاری"، چونکە وەک گورجان باسی دەکات "دۆڕاندنەکەی پەکەکە لە شەمزینان لە ساڵی 2012 و ئەزموونی شەڕی سووریا لەدژی داعش نیشانیدا کە ئیدی پەکەکە مافی ژیانی لە شاخەکان نەماوە. واتە یان دەبێ بێتە شار و فێری شەڕی شار و تەکنیکەکانی بێت یان لەنێودەچێت. بەگوێرەی سیستمی ئاسایشی جیهانیش، ئەگەر ئەکتەرێک نەبێتە شاری، لە جیهاندا جێگەی نابێتەوە".

گورجان وەک ئاماژەیەک بۆ پێوەنووسانی پەکەکە بە شارەکانەوە، ئەو شەڕە بە شەڕی "لەزگە" وەسف دەکات و دەڵێت "لەبەر ئەوەی شەڕی لەزگەیە، ناتوانن بەئاسانی پەکەکە لە شارەکان دەربکەن".

سەربازییەکانی تورکیادا بەرپرسیارێتیی هەبووە، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "هەموو کەس دەڵێ لە پەکەکەمان بردەوە. ڕاستە دەیبەینەوە، بەڵام چۆن پێناسەی بردنەوە دەکەین؟ لەمبارەیەوە پێوانەکانمان چین؟ شەڕ پرۆسەیەکە، ئەگەر پێوانەی بۆ نەکرێت ناتوانن هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن. وەڵامێکی ڕوونمان نییە تاوەکو بزانین دوای ئەو شەڕانە جەماوەری پەکەکە لە ناوچەکە زیاتر بوون یان کەمتر، بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە. ئەویش ئەوەیە کە گەنجی هەواداری پەکەکە لە شارەکان فێری بەکارهێنانی چەک بوون و ڕادیکاڵتربوون. لەسایەی ئەمەشدا ئیدی پەکەکە بووەتە شاری".



### پیرەپیاوێک لە ئامەد:
## زانیاریی هەڵەیان دایە قەندیل

### شارەزایەکی ئەمنی:
## پەکەکە دەبێتە تەڤگەرێکی شاری

### ئاکەپە دەڵێت پەیوەندییان هەیە

# پەکەکە و گیولەنییەکان دوژمنی یەکدین یان دۆست؟

**ڕووداو — هەولێر**

میدیاکانی سەر بە ئاکەپە دەنگۆی هەبوونی پەیوەندی لەنێوان پەکەکە و گولەنییەکان بڵاودەکەنەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی هەماهەنگیی نێوان ئەو دوو هێزە بە دوور دەزانن. ئارگومێنتیشیان ئەوەیە کە گولەن هیچ کاتێک پەکەکەی لەلا پەسەند نییە.

سەرەڕای ئەوەی پەکەکە و گولەنییەکان لەم قۆناغەدا هاوچارەنووس و هاودوژمنن، هەردووکیشیان شەڕی مان و نەمان لەدژی ئەردۆغان دەکەن، بەڵام چاودێران پێیانوایە زەمینەی لێک نزیکبوونەوەیان نییە. دەشڵێن ئەگەر ئەو نزیکبوونەوەیە هەشبێت، لەسەر بنەمای ئەوەیە کە "دوژمنی دوژمنم دۆستمە".

ڕۆژی شەشی ئەم مانگە، چەند ئەندامێکی پەکەکە لە شاری ڕوحا دەستگیرکران. وا بڵاوکرایەوە کە پەیوەندییان لەگەڵ گولەنییەکاندا هەبووبێت. عەبدولقادر سەلڤی، گۆشەنووسی ڕۆژنامەی حورییەت، لە گۆشەکەیدا لە ڕۆژی 12ی ئەم مانگە، دەپرسێت "کێ دزەی بە بەڵگەنامەکانی گەڤەر کرد؟" مەبەستی ئەو لە بەڵگەنامەکانی دانوستاندنی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیایە. لەوێ باسی پەیوەندی نێوان پەکەکە و گولەنییەکان دەکات.

هەرچەندە بزووتنەوەی خزمەت-ی فەتحوڵڵا گولەن، خۆی بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەدەنی دادەنێت، بەڵام تێڕوانینی بۆ دۆزی کورد هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ پارتە نەتەوەپەرستەکانی تورکیا. هەر ئەمەش وایکردووە لەگەڵ پەکەکە چارەی یەکدییان نەوێت.

ڕوشەن چاکیر، ڕۆژنامەنووس و نووسەری تورک کە لە نزیکەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ هەردوو هێزدا هەیە، پێیوایە "پەکەکە هیچکاتێک سەبارەت بە گولەنییەکان هەستێکی باشی نەبووە". چاکیر نووسینێکی لە میدیای تورکیدا بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت "گولەن نەتەوەپەرستێکی دەمارگیرە. هەرچەندە خۆی بە درێژەپێدەری ڕێبازی سەعید نورسی دادەنێ، کەچی لەبەرئەوەی سەعید نورسی کورد بووە، سەردانی نەکردووە".

محەمەد قاپڵان، پسپۆڕی کێشەی کورد، کە لە زانکۆی ئیستەنبوڵ توێژینەوە لەسەر کێشەی کورد دەکات، لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک سەیری ستایلی گولەنییەکان و پەکەکە دەکەین، دوو شتی جیاواز دەبینین. یەکێکیان ستایلێکی سیاسیی چەکداری هەیە، بەڵام جەماعەتی گولەن وەکو دەزگایەکی مەدەنی خۆی نیشان دەدات".

کادیر و ئەندامانی جەماعەتی گولەن لەنێو دەزگاکانی دەوڵەتدا، بەتایبەتی ئەوکاتانەی لەگەڵ ئاکەپە لە مانگی هەنگوینیدا بوون، بەئاشکرا دروشمی لە ڕیشە دەرهێنانی پەکەکە و ئۆجەلان و بزووتنەوەی کوردیان بەرزکردەوە. پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک BDP لە ساڵی 2009 لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە شارەوانییەکانی باکووری کوردستانی بردەوە، هەڵمەتی دەستگیرکردنی سیاسەتمەدار و سەرۆک شارەوانییەکانی کورد دەستی پێکرد. بیرۆکەی هەڵمەتەکە لەلایەن جەماعەتی گولەنەوە داڕێژرابوو. پۆلیس و دەزگای ئەمنیی تورکیاش، کە هەر لە دەستی ئەواندابوو، جێبەجێیانکرد. هاوکات هەوڵیدەدا شکست بە پرۆسەی چارەسەریی دۆزی کورد بهێنێ، کە لەلایەن ئەردۆغانەوە دەستی پێکرابوو. ڕوشەن چاکیر لەوبارەوە دەڵێت "گومانی تێدا نییە کە جەماعەتی گولەن بوون گفتوگۆکانی ئۆسلۆیان ئاشکراکرد". هەروەها دەڵێت "ئێستا جەماعەت بە هیچ شێوەیەک ڕەخنە لە کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی بەدەستی سوپا و پۆلیس ناگرن. چونکە ئەو سیاسەتەی ئێستا حکومەت لە بەرامبەر کورد پەیڕەویدەکات، پێشتر جەماعەت پێشنیازی سیاسەتی لەوەی ئێستا توندتریان دەکرد".

پەتەکانی نێوان پەکەکە و گولەن

هەردوو هێز زۆر زوو دەتوانن جێگۆڕکێ بە دۆست و دوژمنەکانیان بکەن. دەتوانن لە ئان و ساتێکدا دوژمن بکەنە دۆست و دۆستیش بکەنە دوژمن. بەتایبەتیش پەکەکە. لەگەڵ پەیدابوونی کێشەی نێوان ئاکپارتی و گولەنییەکان لە کۆتایی ساڵی 2013، عەبدوڵڵا ئۆجەلان یەکەم کەس بوو کە هەوڵەکانی گولەنی بە کودەتایەک بۆ سەر ئەردۆغان وەسفکرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، جەمیل بایک، سەرۆکی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)، لە هەڤپەیڤینێکدا گوتی "ویستمان پەیوەندی لەگەڵ جەماعەت دروست بکەین، بەڵام ئەوان خۆیان نزیک نەکردەوە". لەو کاتەدا کە شەڕی گولەن و ئەردۆغان لە لوتکەدا بوو، بایک گوتی "جەماعەت داوایان لێکردووین لە شەڕی نێوان جەماعەت و حکومەتدا بێلایەن بین".

چاکیر ئەو قسانەی بایک بەمشێوەیە دەخوێنێتەوە "هەرچەندە کێشەشی لەگەڵ جەماعەت هەبێ، بەڵام پەکەکە هەموو پەتەکانی لەگەڵ نەپساندوون و شەڕێکی گشتی ڕەهای لە دژی جەماعەت ڕانەگەیاندووە".

ئەمڕۆ پەکەکە و گولەن شەڕی مان و نەمان لەدژی ئەردۆغان دەکەن. چارەنووسی هەردووکیشیان بەو شەڕەوە بەستراوەتەوە. بۆیە شتێکی لۆژیکیە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ ناکۆکییەکانیان وەلابنێن و لەدژی ئەردۆغان هەوڵەکانیان یەکبخەن.

دیارە ئاکپارتیش لە نزیکبوونەوەی هەردوولا دەترسێت. بۆیە بۆ وروژاندنی ڕای گشتی هەوڵدەدات نیشانی بدات کە پەکەکە و گولەن پێکەوەن. محەممەد قاپڵان پێیوایە زۆر زەحمەتە دەسەڵات بتوانێ بڕوا بە ڕای گشتی بهێنێ و دەڵێت "لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران و یەکی تشرینی دووەمدا، جەماعەت، بەتایبەتی لە کوردستان، پشتگیریی هەدەپەیان کرد، بەڵام ئەوە بە واتای هەماهەنگیی نێوان پەکەکە و گولەن نایێت".

هەروەها ڕوشەن چاکیر پێیوایە هیچ ئاماژەیەک بۆ هەبوونی هەماهەنگی لەنێوان گولەن و پەکەکەدا نییە: "کاتێک دەست بەسەر ڕۆژنامەی بوگیون و کەناڵ تورکدا گیرا کە سەر بە بزووتنەوەی گولەن بوون، دەمیرتاش سەردانی ئەو دەزگایەی کرد. ئەوەشی وەکو پاڵپشتییەک بۆ پشتگیریکردن لە ئازادیی ڕاگەیاندن لەقەڵەم دابوو".

سەڤاش گەنج، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی فاتیح، کە سەر بە بزووتنەوەی گولەنە، پێیوایە حکومەت بەئەنقەست ئەو پۆلیسانەی نزیکن لە جەماعەت ڕەوانەی ناوچەی شەڕ لەگەڵ پەکەکە دەکات. سەڤاش بە (ڕووداو)ی گوت "دەڵێن کەسانی سەر بە جەماعەت بەڵگە دەدەنە پەکەکە. ئەوەی لەوێ دەکوژرێت سەر بە جەماعەتە. باشە کەس هەیە بۆئەوەی بکوژرێت بەڵگە بداتە پەکەکە؟ ئەمە چ جۆرە گێلایەتییەکە؟"


ئەو مامۆستایەی زانکۆ پشتڕاستیدەکاتەوە کە ئەوان پشتگیریی هەدەپەیان کردووە "جەماعەتی گولەن بۆ سەرکەوتنی هەدەپە خۆشحاڵ بوو. چوونی هەدەپە بۆ نێو پەرلەمان بە هەنگاوێکی ڕاست لەقەڵەم دەدەین. چەندینجار ئەوەمان دووپاتکردەوە. بۆچی؟ چونکە هەدەپە بزووتنەوەیەکی ڕەوایە".

جەماعەتی گولەن دەزانن کە هێزیان بەشی ئەوە ناکات بەرەنگاری ئەردۆغان ببنەوە. بۆیە زۆر خۆشحاڵن لە نێوخۆی تورکیا یان لە دەرەوە هێزێک هەبێت بتوانێ ئەردۆغان شەکەت بکات. بەڵام هیچکاتێک ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی پشتگیریی پەکەکە بکەن. چاکیر دەڵێت "هەر پشتگیرییەک بۆ پەکەکە دەبێتە هۆی درز خستنە نێو جەماعەت، چونکە لەنێو جەماعەتدا ڕەوتێکی نەتەوەپەرست زاڵە".

هەروەها دەڵێت "ئەمڕۆ پەکەکە لەوپەڕی بەهێزیدایە. پێویستی بە جەماعەت نییە. چونکە جەماعەت لەنێو دەزگاکانی دەوڵەتدا هەژموونی نەماوە و شتێکی نییە بیداتە پەکەکە". قاپڵانیش دەڵێت "هەماهەنگی کاتێک دەکرێت کە هەردوولا بەرژەوەندییان لەگەڵ یەک هەبێ. هاوکات پەکەکە خۆشحاڵە کە هێزێک هەبێ ئەردۆغان بەخۆیەوە خەریک بکات".

سەڤاش گەنج لێکنزیکبوونەوەی جەماعەت و پەکەکە بەدوور دەزانێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بزووتنەوەی خزمەت نەفرەتی لە تیرۆر کردووە. بۆیە هەماهەنگی لەگەڵ پەکەکە زەحمەتە. دوژمنایەتیی پەکەکە بۆ ئەردۆغان مانای ئەوە نییە کە پشتگیری لە پەکەکە بکەین. هەماهەنگیی گولەن و پەکەکە نالۆژیکییە".

ڕوشەن چاکیر دڵنیایە لەوەی کە پەکەکە و گولەن بەرامبەر دەسەڵاتی ئەردۆغان هاوچارەنووسن، "بەڵام هەڵگەڕانەوەی ئەو هاوچارەنووسییە بۆ ڕێککەوتنی بەئاشکرا یان شاراوە واقیعی نییە". هەروەها دەڵێت "پڕوپاگەندەی حکومەت، کە دەڵێت گولەن و پەکەکە پەیوەندییان هەیە کاریگەریی نابێت. چونکە ئەو هاوچارەنووسییە بەدەرە لە ویستی هەردوولا".



# پەکەکە بۆچی دەیەوێ بچێتە مووسڵ؟

## لێکۆڵەرێک: پەکەکە لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێ



پەکەکە دەڵێت 4000 گەریلای بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ ئامادەکردووە

ڕووداو – Al-monitor

ڕۆژی 10ی حوزەیرانی 2014 و دوای هێرشێکی یەک هەفتەیی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، پارێزگای نەینەوا و شاری مووسڵی سەنتەری پارێزگاکە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوە. ئەمەش سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ناوچەکەدا و دوای ئەوە بە نزیکەی دوو مانگ، داعش ڕووی لە شنگال کرد کە مەڵبەندی کوردی ئێزدییە. لەو پەلامارەدا هەزاران کوردی ئێزدی کوژران و هەزارانی دیکەش بەدیل گیران. دواتر شنگالیش بە تەواوەتی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی داعش. حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەم ڕووداوە تووشی شۆک ببوو، هەوڵی دا شان بە شانی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) شنگال ئازاد بکات. پەکەکە ساڵانێک بوو بە بایەخێکی زۆرەوە لە شنگال و ئێزدییەکانی دەڕوانی، بۆیە ئەمە دەرفەتێکی گرنگ بوو کە ساڵانێک بوو بەدوایدا دەگەڕا.

پەکەکە 500 گەریلای لە قەندیلەوە ڕەوانەی شنگال کرد. ئەوکات پەکەکە ڕایگەیاند کە دوای ئازادکردنی شنگال هێزەکانیان دەکشێنەوە، بەڵام نەکشانەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دایە پەکەکە، بەڵام پەکەکە لەبری ئەوەی گوێ بە هۆشدارییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات، یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە) یان دامەزراند کە لە ئێزدییەکان پێکهاتبوو.

سەرچاوەکانی نزیک لە پەکەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە یەبەشە توانیویەتی هێزێکی 5 هەزار کەسی لە ناوچەکەدا دروستبکەن، ئەگەرچی هیچ سەرچاوەیەکی دیکە ئەم ژمارەیەی پشتڕاست نەکردووەتەوە، بەڵام پەکەکە توانیویەتی لەو ناوچەیەدا هێزەکانی ڕێکبخات.

سەرەتا هیچ کەسێک نەیدەزانی چی لە مێشکی سەرکردەکانی پەکەکەدا دەگوزەرێت و بۆچی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال، پەکەکە بڕیاری مانەوەی لەم ناوچەیە دا، بەڵام کاتێک دەنگۆی ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنەوەی مووسڵ بڵاوبووەوە، هۆکاری مانەوەی پەکەکەش ئاشکرا بوو، چونکە پەکەکە پێشتریش ڕایگەیاندبوو کە دەیەوێت بەشێک بێت لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان دژی بیرۆکەکەیە، بەڵام پەکەکە لەسەر هەڵوێستی خۆی سوورە.

هەم یەبەشە و هەمیش باڵی سەربازیی پەکەکە (هەپەگە) ڕایانگەیاندووە کە حکومەتی ناوەندیی عێراق ڕێگەی بەوان داوە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشدار بن.

بەڵام بۆچی ڕێکخراوێک کە بنکەی سەرەکیی چالاکییەکانی لە تورکیایە و ناوچەی سەرەکی و جێگەی بایەخیان ناوچە کوردییەکانی تورکیایە، هێندە بایەخ بە مووسڵ دەدات کە بە ناوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەقەڵەم دەدرێت؟ بۆچی پەکەکە دەیەوێت ڕۆڵی هەبێت لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا، لەکاتێکدا خۆی لە تورکیا لە قۆناغێکی نوێی پێکدادانداپە.

بە گوێرەی محەممەد ئاڵکیش، ئەکادیمیسیەن و لێکۆڵەر لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد، پەکەکە دەیەوێت وێنەی خۆی جوان بکات و شەرعیەتی خۆی بەهێزتر بکات. ئاڵکیش لەبارەی ئەمە دەڵێت "ئەم کێشەیە دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان پەیوەندی بە گۆشەنیگای سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە، پەکەکە دەیەوێت ئەو تۆمەتەی تورکیا پووچەڵ بکاتەوە کە بەردەوام پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدات و تەنانەت ئەورووپا و ئەمریکاشی بەم وێنەیە قایل کردووە. پەکەکە دەیەوێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا پەیوەندی دابمەزرێنێ و لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەوایەتی وەربگرێت. لایەنی دووەمیان ئەوەیە پەکەکە دەیەوێت لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی هەبێت، ئەگەر ئەوان بتوانن داعش لە مووسڵ وەدەربنێن، ئەوە دەشتوانن ڕەوایەتی وەربگرن و لە سیاسەتی ناوچەییدا پێگەیەکی باش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن".

بەبۆچوونی ئاڵکیش، گەیشتن بەم ئامانجە بۆ پەکەکە ئاسان نابێت، ئەگەرچی "هەوڵیش دەدات بە گونجاندنی چالاکییەکانی خۆی لەگەڵ هێزە ناوچەییەکان شوێنێک بۆ خۆی بکاتەوە. پەکەکە دەیەوێت لە نێوان ئێران، سعودیە و تورکیادا شوێنێکی هەبێت. ئەمە جگە لەوەی ئەم کێشەیە پەیوەندی بە پەکەکە و پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە هەیە. پارتی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی دامەزراندووە، پەکەکە دەیەوێت بەر لە پارتی لە مووسڵ هێزێکی سیاسی بێت." ئاڵکیش پێیوایە پەکەکە بۆ ئەوەی بەم ئامانجەی بگات نابێت تەنیا پشت بە هێزە ناوچەییەکان ببەستێ، چونکە چانسی سەرکەوتنی پەکەکە لەم پلانەدا بۆ پشتگیریی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە.

سدیق حەسەن شوکری، شرۆڤەکاری سیاسی کە لە هەولێر دادەنیشێت، دەڵێت ئەگەر پەکەکە لە ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانی مووسڵ ناوچەیەک بۆ خۆی دروست بکات، ئەوە دەتوانێت هەم شنگال و هەمیش ناوچە کوردییەکانی سووریا بپارێزێت. شوکری جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "گرتنەوەی مووسڵ دڵنیاییەک بە ڕۆژئاڤا و بەتایبەتی بە شنگال دەدات. چونکە هەتا ئەو کاتەی داعش لە مووسڵ بێت، هەڕەشەیە بۆ سەر شنگال ڕۆژئاڤا و کانتۆنی جەزیرەش".

شوکری وەهای دەبینێت کە ئەگەرچی پەکەکە دەڵێت حکومەتی عێراق مۆڵەتی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکە پێداون، بەڵام ئەوان ناتوانن بەبێ ڕەزامەندیی ئەمریکا لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بن، هەرچەندە پەکەکە ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە بە چوار هەزار گەریلاوە بەشداری ئەم ئۆپەراسیۆنە بێت. بەڕای شوکری ڕەزامەندی ئەمریکاش بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی پەکەکە ببێتە بەشێک لە ئۆپەراسیۆنەکە، لەبەر ئەوەی "ئەو هێزە تورکییەی هێنراوەتە باشیک، بۆ جەنگی داعش لەوێ نین، بەڵکو هاتوون بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەکەکە و هاوپەیمانەکانی پەکەکە بگرن."

گفتوگۆکان بەردەوامن و سوپای عێراقیش مانگی ڕابردوو دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵی ڕاگەیاند، سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە هاوشانی یەکدی لە مەخموورەوە بەرەو مووسڵ دەستیان بە پێشڕەوی کرد، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئۆپەراسیۆنەکە وەستێنرا.

چاوەڕێ دەکرێت ئۆپەراسیۆنەکان لەهەر ئان و ساتێکدا دەستپێبکەنەوە، بەڵام حاڵی حازر بۆنی ناکۆکییەکی ناوخۆیی دێت. پێدەچێت لە پشتی پەردەوە ناکۆکییەکی ڕاستەقینە لە نێوان هێزە کوردییەکاندا هەبێت، لە لایەکەوە پارتی دیموکراتی کوردستان نایەوێت پەکەکە بەشدار بێت و لەلایەکی دیکەشەوە یەکێتی نیشتمانی هەیە کە دەیەوێت پەکەکە بەشدار بێت. لە پشت هەموو ئەمانەشەوە یاریی دەسەڵات لە نێوان تورکیا و ئێران لەسەر مووسڵ هەیە. ئەگەر پەکەکە بتوانێت لە ئۆپەراسیۆنەکاندا ڕۆڵی هەبێت و هەندێک ناوچە کۆنترۆڵ بکات، ئەوە براوەی یارییەکە دەبێت، چونکە بەمە پەکەکە دەبێتە خاوەنی کۆریدۆرێکی پڕ بەها و لە چیای قەندیلەوە هەتا سووریا ئامادەگی دەبێ.

# دوای شەهیدکردنی ناوی لە لیستی حاجیاندا گەڕایەوە



ناسر عەلی
ڕووداو – دهۆک

ئەگەر ڕێبەر سدیق شەهید نەبووایە، ئەوە یەکێک دەبوو لەو سێ هەزار هاووڵاتییەی هەرێمی کوردستان کە وا بڕیارە ئەمساڵ فەریزەی حەج بەجێ بگەیەنن، بەڵام داعش نەیهێشت بەو ئاواتە بگات و شەهیدی کرد.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان تیر و پشکی بۆ ناوی 78 هەزار و 830 کەس کرد کە ساڵی 2010 بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج ناویان تۆمارکردبوو. ڕێبەریش ناوی لە لیستی ئەوانەدا بوو.

تێلی سدیق، برای ڕێبەر دەڵێت براکەی لە ساڵی 2012 لەگەڵ دایک و باوک و پوورێکی ناوی خۆیان بۆ فەریزەی حەج تۆمار کردووە، بەڵام هەر لە سەرەتای شەڕی داعشەوە لە میحوەری تەلسقۆف شەهید بوو.

تێلی دەڵێت "لەو چوار کەسەی خێزانەکەمان کە ناوی خۆیان بۆ سەفەری حەج تۆمار کردووە، تاوەکو ئێستا تەنیا ناوی شەهید ڕێبەر دەرچووە، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی دەڵێن بەرگری لە ئیسلام دەکەین، شەهیدیان کرد و نەیانهێشت حەجەکەی بکات".

تێلی دەیەوێ لە جیاتی براکەی سەفەری حەج بکات و دەڵێت "ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ڕێگەم بدات، لە جیاتی براکەم سەفەری حەج دەکەم".

ڕێبەر سدیق، ساڵی 1985 لە دهۆک لەدایک بووە، باوکی سێ منداڵە، چەند ساڵێک لەمەوبەر بووەتە پێشمەرگە، هەر لە سەرەتای شەڕی داعشەوە دەچێتە بەرەکانی شەڕ. ڕێبەر شەوی 2014/9/13 لە میحوەری تەلسقۆف بە دەستی چەکدارانی داعش شەهید دەکرێ.

ڕێبەر پێشتر عومرەی کردووە و ناوی خۆشی تۆمار کردبوو بۆ ئەوەی فەریزەی حەج بەجێ بگەیێنێ. تێلی دەڵێت "براکەم کەسێکی زۆر دیندار بوو، خۆزگەی دەخواست حەج بکات، لە ڕەمەزانی 2011 عومرەی کرد و کە گەڕایەوە بەردەوام دەیگوت خۆزگە نەمردبام و حەجم کردبا".

پشکی حاجیانی هەرێمی کوردستان لە وەرزی حەجی ئەمساڵدا 3656 کەسە. خەرجی هەر حاجییەکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ 3300 دۆلارە. ئەمساڵ حاجیانی کوردستان لە مانگی ئاب ڕوو لە ماڵی خودا دەکەن و ماوەی مانگێک دەمێننەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان، ساڵانە پشکێک بۆ کەسوکاری شەهیدان تەرخان دەکات، بۆ ئەمساڵیش 45 کەس وەکو کەسوکاری شەهیدان بەبێ ئەوەی ناویان بخرێتە تیروپشک دەتوانن سەفەری حەج بکەن.

حاجی شەمسەدین تاهار، بەڕێوەبەری حەج و عومرەی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵانە وەزارەتی ئەوقاف 45 کەس بەنێوی کەسوکاری شەهیدان دەنێرێتە حەج، پشکی دهۆک لەو 45 کەسە 10 – 15 کەسە. کەسوکاری شەهیدان دەتوانن سوود لەو دەرفەتە وەربگرن و ناویشیان ناچێتە نێو تیروپشک. ئەفزەڵییەتیش بۆ کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعشە".

سەبارەت بە تێلیش کە داوا دەکات لە جیاتی برا شەهیدەکەی سەفەری حەج بکات، حاجی شەمسەددین دەڵێت "ئەمساڵ ڕێنماییەکان وەکو پار ساڵ نین، ئەوەی ئەمساڵ ناوی دەرچووبێ، ناتوانێت دوای بخات بۆ ساڵی داهاتوو، کەسیش لە جیاتی کەس ناتوانێت حەج بکات یان کەسێک لەگەڵ خۆی ببات، تەنیا ئەگەر کەسەکە ژن بێت و تەمەنی لە 44 ساڵ کەمتربێ، دەتوانێت کەسێکی نزیکی وەکو مەحرەم لەگەڵ خۆی ببات".

حاجی شەمسەددین ئاماژەی بەوەدا کە چەندین پێشمەرگە ناوی خۆیان تۆمارکردووە بۆ سەفەری حەج، هەندێک لەو پێشمەرگانە ناویان دەرچووە. ئەو گوتی "ساڵی ڕابردوو بە دەیان پێشمەرگە کە پێشتر لە تیر و پشک ناویان دەرچووبوو سەفەری حەجیان کرد، دوای بەجێهانی فەریزەی حەج دووبارە گەڕانەوە بەرەکانی شەڕ".



## بازرگانانی کوردستان دەچنە تکساس

**ڕووداو- کەرکووک**

وا بڕیارە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا شاندێکی هاوبەشی بازرگانانی هەرێمی کوردستان و شاری کەرکووک سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن. سەباحەدین ساڵەیی، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەمەبەستی هاریکاری و پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان، لە ویلایەتی تەکساسەوە بانگهێشتنامەیەک ئاڕاستەی ژوورە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووک کراوە و بڕیارە لە مانگی حوزەیراندا ئەو سەردانە بکەین و ماوەی چوار ڕۆژ لە تەکساس بمێنینەوە".

ژمارە (404) دووشەممە 2016/4/18

# بەغدا گەنمی کوردستان بەئاسانی وەرناگرێت

### بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ:

## دوو پەرلەمانتاری کورد زانیاریی هەڵەیان داوەتە بەغدا



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی "لێدوانی ناڕاست"ی هەندێ پەرلەمانتاری کورد، بەغدا گومانی لە زیادبوونی بەرهەمی گەنمی جوتیارانی کوردستان هەیە. بۆیە ئەمساڵ ڕێوشوێنی زۆر توندی بۆ وەرگرتنی گەنمی جوتیاران گرتووەتە بەر. بەگوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو پەرلەمانتارانە باسی ئەوەیان کردووە کە لە سایلۆکانی کوردستان گەنمی بیانی تێکەڵی گەنمی جوتیاران کراوە.

بەهۆی مسۆگەریی کڕینەوەی گەنم بە نرخی پاڵپشت و دابەشکردنی گەنمی باوەڕپێکراو و زیادبوونی ڕووبەری بەراو لەڕێگەی بیرلێدان و کڕینی ئامێری پرژاندنەوە، ساڵ بە ساڵ ڕووبەری چاندن و بەرهەمهێنانی گەنم لەلایەن جوتیارانی کوردستانەوە زیاددەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە چوار ساڵی ڕابردوودا ڕووبەری چێندراوی گەنم ساڵ بە ساڵ زیادیکردووە. بەجۆرێک کە لە ملیۆنێک و 737 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 100 هەزار دۆنم زیادیکردووە. بڕی بەرهەمیش لە227 هەزار تۆنەوە بۆ 912 هەزار و 626 تۆن زیادبووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرهەمی ساڵی ڕابردووی پارێزگاکانی عێراق بە بەراورد بە ساڵی 2014 بە 10% کەمیکردووە. ئەمەش گومانی لەسەر زیادبوونی بەرهەمی گەنمی کوردستان لەلای بەرپرسانی بەغدا دروستکردووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بە نووسراوی ژمارە 13509 لە2016/3/17 وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستانی ئاگادارکردووەتەوە کە پێویستە بۆ بە بازاڕکردنی گەنمی ئەمساڵ، جووتیاران زانیاری لەسەر ناوی جووتیار و گوندەکەی و ڕووبەری زەویی گرێبەست و ژمارەی گرێبەست و بەروارەکەی و ڕووبەری چێندراوی زەوییەکەی و بڕی پێشبینیکراوی بەرهەم و جۆری گەنمە چێنراوەکەی، پێش ڕاگەیاندنی پلانی وەرگرتنی گەنمی ئەمساڵی جوتیاران لە سایلۆکان، ڕەوانە بکەن.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی بازرگانی عێراق بەر لە ڕاگەیاندنی پلانی بەبازاڕکردنی گەنم، داوای هەندێک زانیارییان لەسەر ناوی جووتیار و بڕی بەرهەمی چێنراو و بڕی بەرهەمی پێشبینیکراو دەکرد، بەڵام ئەمساڵ داوای هەندێ زانیاری زۆر وردی وەکو ژمارە و کاتی گرێبەست و جۆری گەنمی چێنراو و ڕووبەری چێندراو کردووە". بەڵام ئامادەکردنی ئەو زانیارییانە بۆ بەغدا بەلای د.ئەنوەرەوە زەحمەتە و دەڵێت "ئامادەکردنی ئەو زانیارییە وردانە لەمکاتەدا درەنگە، چونکە ماوەیەکی کەمی ماوە بۆ دروێنەی گەنم و جۆ".

د. ئەنوەر هۆکاری ئەو داواکارییەی بەغدای ڕوونکردەوە و گوتی "بەهۆی لێدوانی ناڕاستی دوو پەرلەمانتاری کورد لەسەر تێکەڵکردنی گەنمی سووری و هۆڵەندی لەگەڵ گەنمی جووتیاران لە سایلۆکانی کوردستان، بەغدا گومانی لەسەر زیادبوونی بەرهەمی گەنمی جوتیارانی کوردستان بۆ دروست بووە. بۆیە ئەمساڵ بەغدا ئەو ڕێوشوێنە توندەی گرتووەتەبەر". بەڵام ڕەتیکردەوە هیچ گەنمێکی سووری یان هۆڵەندی تێکەڵی گەنمی جووتیارانی کوردستان کرابێت و گوتی "فەرمانبەرانی تاقیگەی سایلۆکانی کوردستان زۆر شارەزان و بەئاسانی گەنمی کۆن و تازە لێکجیادەکەنەوە، بۆنموونە ساڵی ڕابردوو 29 تریلە گەنمی ساڵی پێشتر لە هەردوو سایلۆی هەولێر و مەخموور دەستی بەسەرداگیرا، کە ویستیان بە نایاسایی ڕادەستی سایلۆی بکەن".

پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەری چاندن و بەرهەمێنانی گەنم بە پلەی یەکەم دێت. ساڵانە لە سنووری ئەو پارێزگایە ملیۆنێک و 100 هەزار تاوەکو ملیۆنێک و 400 هەزار دۆنم زەوی بە گەنم دەچێندرێت.

ئەمین ڕەئووف، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێت "پێشتر ساڵانە لە مانگی یەکەوە هۆبە کشتوکاڵییەکانمان ئاگاداردەکردەوە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ ڕووبەری چێندراو و بڕی پێشبینیکراوی بەرهەمی گەنمی جوتیاران. ئەو زانیارییانەمان لەگەڵ ناوی جوتیارەکە دەدایە سایلۆکان". بەڵام وەک ئەمین ڕەئووف گوتی "بەپێی ئەو سیستمە تازەیە دەبێ ناوەکان بدەینە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان، ئەوانیش دەیدەنە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق. دوای لێکۆڵینەوە دەیدەنە وەزارەتی بازرگانی. دواتر ئەگەر پەسندکرا، دەگەڕێتەوە سایلۆکان".

لە سنووری پارێزگای هەولێر، 26 هۆبەی کشتوکاڵی هەن، کە زیاتر لە 1400 گوند لەخۆدەگرێت. بەشی زۆری ئەو گوندانەش زەوییەکانیان بە گەنم دەچێنن. ئەمین ڕەئووف دەڵێت جێبەجێکردنی ئەو وردەکارییانەی بەغدا داوایکردووە بەو کاتە درەنگە و بۆ ئێمە زۆر قورس بوو، بەڵام ئێمە بۆئەوەی جوتیارانمان بێبەش نەبن لە بەبازاڕکردنی گەنمەکانیان، ئەو کارەمانکرد".

ئامانج لە دیاریکردنی ناوی جوتیار و ڕووبەری چێنراوی و بڕی بەرهەم بەر لە ڕادەستکردنی گەنم بە سایلۆکان، بۆ ئەوەیە کە تەنیا جووتیاران سوودمەندبن و پرۆسەی وەرگرتنی گەنم گەندەڵیی تێنەکەوێت.

ئەمین ڕەئووف دەڵێت "جگە لە گومانی بەغدا لەسەر زیادبوونی گەنمی جوتیارانی کوردستان، ئێستا دەنگۆیەک هەیە ڕەنگە ئەمساڵ بەغدا تەواوی گەنمی جوتیاران وەرنەگرێت. واتە لە هەر پارێزگایەک ڕێژەیەک وەربگرێت. بۆیە داوای ئەو وردەکارییەی کردووە".

لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی هەموو ساڵێکدا دەرگای سایلۆکانی کوردستان بۆ وەرگرتنی گەنمی جوتیاران دەکرێتەوە. بەگوێرەی پسوولەکانیان گەنمیان لێوەردەگیرێت و بەر لە کرنەوەی دەرگای سایلۆکانیش، پلان و نرخی وەرگرتنی تۆنێک گەنم دیاریدەکرێت. زۆربەی جاریش بەپێی کوالیتیی گەنمەکان سێ نرخ بۆ سێ نمرەی جیاوازی گەنم دیاریدەکرێت.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیی هەرێمی کوردستان (بەوەکالەت)، ڕەتیکردەوە بەغدا هیچ ڕێژەیەکی بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی کوردستان دیاریکردبێت: "تاوەکو ئێستا بەغدا پلانی بەبازاڕکردن و نرخی وەرگرتنی گەنمی ئەمساڵی دیارینەکردووە. بۆیە هەموو ئەو قسانەی لەبارەی دیاریکردنی ڕێژەیەک بۆ وەرگرتنی گەنمی جوتیاران دەکرێن ڕاست نین".

نەوزاد ئەدهەم ئەو وردەکارییانەی بەغدا داوایکردووە بە کارێکی کارگێڕی و ئاسایی دەزانێت و دەڵێت "بەغدا هەقی خۆیەتی وردەکاری لەسەر بڕی چێندراو و بەرهەمی پێشبینیکراوی گەنمی جووتیارانی کوردستان بزانێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە پلانی خۆی دابنێت. بەڵام بەداخەوە ئەو ڕووبەر و پێشبینییانەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بڕی بەرهەمی ساڵانە دەیداتە بەغدا زۆر دوورە لە ڕاستییەوە و لەگەڵ بڕی وەرگیراو یەکناگرێتەوە. ئەمەش بۆشایی دروستکردووە".

### یەک ملیۆن تۆن وەرگیراوە

ساڵی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی هەولێر پێشبینیی وەرگرتنی 847.329 تۆن گەنمی کردبوو، بەڵام دواتر تەنیا 373.282 تۆن لە سایلۆ وەرگیرا. لە سلێمانی پێشبینیی وەرگرتنی 537.020 تۆن کرابوو، بەڵام تەنیا 261.157 تۆن وەرگیرا.

لە دهۆکیش بەهەمانشێوە 7% پێشبینی زیادی هەبوو، واتە بەکۆی گشتی پێشبینی 1.684.641 تۆن گەنم کرابوو دواجار تەنیا 912 هەزار و 626 تۆن لە سایلۆکان وەرگیرا. نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "ئەم پێشبینییە زیادانە بووەتە هۆی دروستبوونی فرتوفێڵ کە زۆرجار بەو هۆیەوە جوتیاران زەرەرمەند بوون. زانیاریمان هەیە پسولەی وەرگرتنی گەنم کڕین و فرۆشتنی پێدەکرێت".

## بەغدا زیانی ملیۆنان دۆلاری لە پیشەسازیی پەلەوەری کوردستان داوە

# مریشک و هێلکەی باشوور هەناردەی ڕۆژئاوا دەکرێ



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی نرخی مریشک و کەمکردنەوەی ئەو زیانەی بەر خاوەنی کێڵگە پەلەوەرییەکان دەکەوێت، هەروەها بۆ ڕێگری لە داخرانی زیاتری پرۆژە پەلەوەرییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ دوو هەفتەیە لەگەڵ کۆمپانیاکانی پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان کۆدەبێتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1264 کێڵگەی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان هەن، کە توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەیان دەگاتە 120 هەزار تۆن گۆشت، بەڵام ئەگەر هەر تاکێکی هەرێمی کوردستان ساڵانە 23.9 کیلۆگرام گۆشت بخوات، ئەوە هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 130 هەزار تۆن گۆشتی مریشکە. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە توانای خەڵک بۆ کڕینی گۆشتی مریشک کەم بووەتەوە، ئەمەش وایکردووە خستنەڕوو لە خواست زیاتر بێت.

جگە لە قەیرانی دارایی، ڕۆژی 2015/12/30 بە بیانووی دەرکەوتنی حاڵەتێکی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە لە کێڵگەیەکی پەلەوەری دایکانە لە دهۆک، حکومەتی عێراق هەناردەی بەرهەمی گۆشتی مریشک و هێلکەی لە کوردستانەوە بۆ شارەکانی عێراق ڕاگرت. بەهۆی ئەمەشەوە نرخی کیلۆیەک مریشک بۆ 1600 دینار دابەزی و بەمەش سەتان پرۆژەی پەلەوەریی گۆشت و هێلکەی خواردن، تووشی زیان بوون، چونکە تێچووی کیلۆیەک گۆشت 2150 دینار لەسەر خاوەنی کێڵگەکان دەکەوت.

د.عەباس عەلی عەبدی، بەڕێوەبەری گشتیی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی دابەزینی نرخ هەر خاوەن پرۆژەیەک 10-15 ملیۆن دیناری زەرەر کردووە. بە ملیۆنان هێلکەی خواردنیش بەهۆی بەسەرچوونیان لەنێوبردراون. بۆ هاوسەنگکردنی نرخ بەباشمانزانی زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی پیشەسازیی پەلەوەر سازبکەین".

سەرەتای کۆبوونەوەکان لە ڕۆژی 2016/4/4 لەگەڵ خاوەنی پرۆژەکانی دایکانەی گۆشت و 34 پرۆژەی هەڵهێنەرانی جووجەڵەی گۆشت بوو. لەوێ توانییان قەناعەت بە خاوەن پرۆژەکان بهێنن کە 10 سەنت لە نرخی جووجەڵەی گۆشت دابەزێنن.

کۆبوونەوەکانی وەزارەت بەردەوامبوون و ڕۆژی 7ی نیسان لەگەڵ خاوەن کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئالیک کۆبوونەوە. وا بڕیارە کۆبوونەوەی دیکە لەگەڵ خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردن و سەربڕخانە و شوێنی بەبازاڕکردن بکرێ. د.عەباس دەڵێت "73%ی تێچووی بەرهەمهێنانی کیلۆیەک مریشک بەهۆی ئالیکەوەیە. بۆیە ئەگەر بتوانین لەگەڵ خاوەن کارگەکانی ئالیک بگەینە ئەنجامێکی باش بۆ دابەزاندنی نرخ، بەئاسانی دەتوانین هاوسەنگییەک لە بازاڕدا بۆ نرخی مریشک دیاری بکەین".

بارزان عەدنان خاوەنی کارگەی ئالیکی باراش لە شاری هەولێر کە بەشداربوویەکی کۆبوونەوەی 7ی نیسان بوو گوتی "هەرچەندە دابەزاندنی نرخی ئالیک کارێکی ئاسان نییە، چونکە کارگەکانی ئالیک، سۆیا و گەنمەشامی و پێکهاتەکانی دیکە هاوردە دەکەن و نرخی ئەو پێکهاتانەش لەلایەن بۆرسەی جیهانی دیاریدەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارمان دا 40%ی قازانجی خۆمان دابەزێنین".

لە هەرێمی کوردستان 22 کارگەی بەرهەمهێنانی ئالیکی پەلەوەر هەن. ئەمەش وایکردووە کێبڕکێ بکەوێتە نێوان کارگەکان لەڕووی نرخ و کوالیتییەوە. بارزان عەدنان دەڵێت "کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئالیک بۆئەوەی فرۆشیان بەردەوام بێت و کڕیارەکانیان لەدەستنەدەن، کێبڕکێی کوالێتیی بەرهەم دەکەن. بۆیە کارگەکان ناتوانن بۆ دابەزاندنی نرخ، ئالیکی خراپ بەرهەمبهێنن، بەڵام بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە، لەسەر داوای وەزارەتی کشتوکاڵ، 20 دۆلارمان لە نرخی هەر تۆنێک ئالیک دابەزاند".

یەکێکی دیکە لە پلانەکانی وەزارەت بۆ هاوسەنگکردنی نرخی مریشک، دانانی پلانێکی هاوبەشە لەنێوان ئەنجوومەنی پیشەسازیی پەلەوەر کە نوێنەرایەتیی خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی مریشک دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی پارێزگاکان و فیدراسیۆنی کۆمپانیاکانی پەلەوەر لە کوردستان، تاوەکو هاوسەنگییەک لەنێوان دانانەوەی مریشک لە پرۆژەکانی پەلەوەر و خواستی بازاڕ دروست بکەن.

د.عەباس عەلی دەڵێت "هاوردەمان بە ڕێژەی 75% کەمکردووەتەوە، ئامانجیشمان لەو کۆبوونەوانە ئەوەیە کە بگەینە نرخێکی هاوسەنگ و گونجاو بۆ گۆشتی مریشک و هێلکە کە نە خاوەن پرۆژەکان زەرەر بکەن، نە خەڵکیش بە گران گۆشت بکڕن". هەروەها گوتی "بڕیارمانداوە مریشک و هێلکە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان". هەناردە بکەین

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پیشەسازیی پەلەوەر پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیووە. بەجۆرێک کە ئێستا 1264 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر، 9 کێڵگەی مریشکی هێلکە، 14 پرۆژەی دایکانەی گۆشت، پرۆژەیەکی ئەجداد، 34 پرۆژەی هەڵهێنەر، 7 سەربڕخانە و 22 کارگەی ئالیک لە کوردستان هەن.

سەلاح بەکر مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی گروپی ڤانۆ بۆ پیشەسازی پەلەوەر، سەرۆکی کاتیی فیدراسیۆنی کۆمپانیاکانی پەلەوەر لە کوردستان دەڵێت "کوردستان لە پیشەسازیی پەلەوەردا لە قۆناخێکی زۆر پێشکەوتوودایە. بووەتە نێوەندی پیشەسازی پەلەوەر لە عێراق. بۆیە هەر گرژییەک لەنێوان عێراق و کوردستاندا هەبێ، زیانی گەورە بەو پیشەسازییە دەگەیەنێت. چونکە زیاتر لە نیوەی بەرهەمی پرۆژەکانی کوردستان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت".

سەلاح بەکر گوتیشی "بەهۆی داخستنی سنوورەکانی عێراق بەڕووی بەرهەمی پەلەوەر لە کوردستان لە سێ مانگی ڕابردوودا، زیانی ملیۆنان دۆلار بەر پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان کەوتووە. بەشێک لە پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر داخراون و کرێکارەکانیان ڕەوانەی ماڵ کراونەتەوە. بۆنموونە شوێن هەیە 40 کارمەند و کرێکاری ڕەوانەی ماڵەوە کردووەتەوە".

### 10%ی پرۆژەکان داخراون

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازی پەلەوەر لە کوردستان، دەڵێ بەهۆی قەیرانی دارایی خواست لەسەر کڕینی گۆشتی مریشک کەمبووەتەوە. بۆیە دوای داخستنی سنورەکانی عێراق بەڕووی بەرهەمی پەلەوەری کوردستاندا، نرخی کیلۆیەک مریشک بۆ 1500 دینار دابەزی، کە تێچووەکەی 2150 دینار بوو. ئەمەش زیانی گەورەی لە پرۆژەکانی پەلەوەر دا". حەیدەر فەرحان گوتیشی "تێچووی 70%ی گۆشتی مریشک بەهۆی ئالیکەوەیە، بۆیە ئەگەر نرخی ئالیک دانەبەزێت دابەزینی نرخی جووجەڵە و پێویستییەکانی دیکە بۆ دابەزاندنی نرخ ڕۆڵی زۆری نابێت".

ماوەی مانگێکە لە بازاڕەکانی کوردستان نرخی مریشک بە بەراورد بە دوو مانگی سەرەتای ئەمساڵ بەرزبووەتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتا عێراق ڕێگەی بە هەناردەکردنی بەرهەمی پەلەوەری کوردستان بۆ شارەکانی عێراق نەداوە.

حەیدەر فەرحان هۆکارەکەی ئاشکراکرد و گوتی "بەهۆی ئەو زیانەی بەر خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر کەوت، 10%ی پرۆژەکان داخراون و پرۆژەکانیش وەک پێویست جوجەڵە نانێنەوە. بۆیە بەهۆی کەمبوونەوەی مریشکەوە لە بازاڕ کەمێک نرخ بەرزبووەتەوە".

# نەوت هەرێمی کوردستان و ئێران لە یەکدی نزیک دەکاتەوە

ڕووداو– ستراتفۆر

ماوەی چەند ساڵێکە هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دانوستاندنی پچڕپچڕدان بۆ ئەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ئێراندا بۆ بازاڕەکانی جیهان بگوازرێتەوە. دانوستاندنەکان ئاکامێکی ئەوتۆیان نەبووە، لەبەرئەوەی فۆکوسی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەوە بووە نەوتەکەی بە تورکیادا بڕوات. بەڵام ڕەنگە کۆمەڵێک پاڵنەری نوێ لە بەرژەوەندیی لایەنی ئێرانی هاتبنە ئاراوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لەگەڵ کێشەی داراییدا بەرەوڕووە و تارانیش دەیەوێت مانۆڕێک بکات بەئامانجی ئەوەی کاریگەری و دەسەڵاتی ئەنقەرە کەم بکاتەوە.

ماوەیەکی زۆرە نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تانکەرەوە ڕەوانەی ئێران دەکرێت، بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا تاران و هەولێر لە گفتوگۆدا بوون بۆ ئەوەی بۆڕی نەوت لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا ڕابکێشرێت. لە 10ی ئادار، کۆنسوڵی گشتیی ئێران لە سلێمانی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە داهاتوویەکی نزیکدا تەندەرێک بۆ ڕاکێشانی بۆڕییەکی نەوت دەخاتەڕوو، ئەم بۆڕییە نەوتە ڕێگە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە تاوەکو لە ڕێگەی بەندەرەکانی ئێرانەوە لە کەنداو نەوتی خۆی هەناردە بکات. بەرپرسی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێرانیش ڕایگەیاند هەردوو لایەن کار لەسەر تەواوکردنی گرێبەستەکە دەکەن کە چاوەڕێ دەکرێت هەتا سەرەتاکانی مانگی ئایار تەواو ببێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، هەرێمی کوردستان بڕێکی نادیار لە نەوت هەناردەی پاڵاوگەکانی تەورێز و کرماشان دەکات کە یەکەمیان توانای پاڵاوتنی 110 هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا هەیە و ئەوەی دیکەیان 22 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی ئەمە بکات، لە قۆناغی دووەمدا نەوتی دیکە ڕەوانەی پاڵاوگەکانی ئەراک و تاران دەکرێ کە هەردووکیان توانای پاڵاوتنی 250 هەزار بەرمیلیان لە ڕۆژێکدا هەیە. هەتا ئێستا دیار نییە ئێران لەبەرامبەردا چی بە هەرێمی کوردستان دەدات، بەڵام پێدەچێت لە لایەکەوە نەوتی پاڵفتەکراوی بۆ بنێرێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە نەوتەکەی لە بەندەرەکانی ئێران لە کەنداوی عەرەبییەوە بفرۆشرێت.



ئێران هەوڵ دەدات ڕێککەوتنی دوورمەودا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا واژۆ بکات، بۆ ئەوەی بەرپەرچی باڵادەستیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بداتەوە.

ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئێران لەڕووی پراکتیکی، سیاسی و ستراتیژییەوە بایەخی بەرچاوی هەیە. بایەخی پراکتیکیی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە زۆربەی نەوتی ئێران لە باشووری ئەم وڵاتە بەرهەم دێت کە بە مەودایەکی زۆر لە ناوەڕاست و باکووری ئێران دوورە. ڕێککەوتن لەگەڵ دراوسێیەک لە ڕۆژئاوا (واتە هەرێمی کوردستان) ڕێگە بۆ تاران خۆش دەکات نەوتی ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری وڵاتەکەی دابین بکات، بێ ئەوەی ناچار بێت نەوتی خاوی خۆی لە باشوورەوە بنێرێ.

بەهای سیاسی و ستراتیژیی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئێران لەوەدایە، بەهۆی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، کاریگەریی تاران لە هەرێمی کوردستاندا کاڵ بووەتەوە. لەگەڵ لاچوونی سزا ئەتۆمییەکان، ئێران هەوڵ دەدات ڕێککەوتنی دوورمەودا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا واژۆ بکات، بۆ ئەوەی بەرپەرچی باڵادەستیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بداتەوە، ئەمە جیا لەوەی بەهۆی زیادبوونی دەسەڵات و کاریگەریی ئێرانەوە لە هەرێمی کوردستان، کاریگەریی تاران لە بەغداش زیاتر دەبێت.

ئەگەر سەربگرێت، ئەم ڕێککەوتنە دەستکەوتی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستانیش دەبێت کە گرنگترینیان ئەوەیە دەتوانێت لەڕووی ئابوورییەوە هاوبەشی جیاوازی هەبێت و تەنیا پشت بە یەک لایەن نەبەستێ. هەتا ئێستا قورسایی بازرگانیکردنی هەرێمی کوردسان بە لای تورکیادا شکاوەتەوە، بەجۆرێک نەک هەر هەموو حیسابە بانکییەکانی تایبەت بە فرۆشتنی نەوتەکەی لە تورکیایە، بەڵکو تورکیا تاکە ڕێگەی سەرەکی هەناردەکردنی نەوتەکەیەتی. جیا لەمە، هەرچەندە هەولێر و ئەنقەرە گرێبەستێکی پەنجا ساڵەی غازیان واژۆ کردووە، بەڵام لایەنی تورکی لە هەر کاتێکدا دەتوانێت ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە، بەو بیانووەی بەغدا، نەک هەولێر، تاکە لایەنە کە دەتوانێت گرێبەستی نەوت و غاز واژۆ بکات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە هەوڵی داوە تورکیاش بە هەمان ڕادە وابەستەی هەرێمی کوردستان بێت، هەر لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆڵی ناوژیوانی لە نێوان تورکیا و هێزە کوردییەکانی باکووردا بینیوە. بەدەر لەمەش هەرێمی کوردستان بە نیازە وەکوو دابینکەری سەرەکی غازی سروشتی تورکیای لێبێت، لە کاتێکدا تورکیا لە هەوڵێکی زۆردایە بۆ ئەوەی چیدی وەکوو جاران پشت بە غازی سروشتیی ڕووسیا نەبەستێ. هەرێمی کوردستان بە تەنیا توانای هەناردەکردنی 20 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتیی هەیە، هەولێر و ئەنقەرەش هیواخوازن هەتا 2018 قۆناغی یەکەمی گواستنەوەی غازی نێوان باشووری کوردستان و تورکیا تەواو ببێت.

بەڵام هەناردەکردنی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا کۆمەڵێک بەربەست و سنووری تێدایە، بۆ نموونە ئەو بۆڕییە نەوتەی هەرێمی کوردستان و بەندەری جیهان لە تورکیا پێکەوە دەبەستێتەوە، توانای گواستنەوەی 1.6 ملیۆن بەرمیلی لە ڕۆژێکدا هەیە، بەڵام هەتا ئێستا لە باشترین حاڵەتدا لە نێوان 600-700 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەم بۆڕییەدا ڕەوانەی بازاڕە جیهانییەکان کراوە- ئەمەش زۆر لە توانای ڕاستەقینەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کەمترە. ئەمە جگە لەوەی ئەم بۆڕییە نەوتە بەردەوام هێرشی کراوەتە سەر و دزیی لێکراوە. بەدەر لەم دوو خاڵە، زۆربەی یەدەگی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دیوی باشووری هەرێمی کوردستان، واتە ئەو ناوچانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێیاندا باڵادەستە و سیاسەتی ئەم پارتەش هەموو کات زیاتر بە لای ئێراندا شکاوەتەوە هەتا بە لای تورکیادا.

هەر ڕێککەوتنێک لە نێوان تاران و هەولێر دەتوانێت دەستی بەغداش لە هەرێمی کوردستان کورت بکاتەوە، ئامانجی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەوەیە لەڕووی داراییەوە لە حکومەتی ناوەندی عێراق سەربەخۆ بێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم ئامانجە هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی قووڵیش بووە. لە ماوەی ڕابردوودا بەغدا و هەولێر لە گفتوگۆدا بوون بۆ ئەوەی لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی خۆیان ڕێکبکەون، بەڵام وەکوو دیارە هەتا ئێستا هیچ لایەنێکیان ئامادە نەبووە سازش لەسەر مەرجەکانی خۆی بکات، لە مانگی ئاداریشدا حکومەتی عێراق بڕیاری دا هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە ڕابگرێت. کۆمپانیای نەوتی باکوور پێشتر ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیلی لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرد. بەغدا ڕایگەیاندووە بۆ ئەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەستپێبکاتەوە، دەبێت ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ هەولێردا واژۆ بکرێ.

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان بە ڕەوشێکی ئابووریی سەختدا تێدەپەڕێت، بەڵام پێناچێت سەربەخۆیی دارایی خۆی بکاتە قوربانی ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا، بەتایبەتیش هەتا ئەو کاتەی بژاری ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران یانیش تورکیا لەسەر مێز بێت. ئەمە جگە لەوەی ئەستەمە حکومەتی عێراقیش بە هۆی ڕەوشە داراییە سەختەکەیەوە، وەها بە ئاسانی ئامادە بێت مەرجەکانی کورد قبووڵ بکات.

هەرێمی کوردستان کە هیچ ڕێگە و سنوورێکی دەریایی نییە ناچارە بە ئاراستە جیاوازەکاندا جووڵە بکات، لە کاتێکدا عێراق، ئێران و تورکیاش لە هەوڵدان کاریگەری خۆیان لەسەری زیاتر بکەن. نەوتی هەرێمی کوردستانیش وەکوو چەقی ڕکابەرییەکانی ئەم سێ حکومەتە دەمێننەوە. حاڵی حازر ئەنقەرە بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی لەدەستدایە، بەڵام تارانیش کە کەرتە نەوتییەکەی مێژوویەکی کۆنی هەیە، دەتوانێت قورسایی هاوسەنگییەکە بە لای خۆیدا بشکێنێتەوە.

# لوتکەی دەوحە بەبێ ڕێککەوتن کۆتایی هات

ڕێبوار قاسم
ڕووداو– هەولێر

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو، 16 وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەرێک بۆ نرخی کەمی نەوت لە دەوحە کۆبوونەوە، بەبێ ئەوەی کۆبوونەوەکە هیچ ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە. ئامانجی کۆبوونەوەکە ڕێککەوتن بوو لەسەر سڕکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، ماوەی کارپێکردنی ڕێککەوتنەش هەتا مانگی تشرینی یەکەمی 2016 بوو.

دوای کۆبوونەوەکە محەممەد بن ساڵح، وەزیری نەوت و پیشەسازی قەتەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "هەموو لایەنەکان گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستمان بە کات و ڕاوێژی زیاترە، بۆ ئەوەی هەتا کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک لە مانگی حوزەیراندا بە چارەسەرێک بگەین".

وەک چاوەڕێ دەکرا ڕەوشی کۆبوونەوەکانی دەوحە زۆر لە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە چارەسەری ڕەوشی سووریا و یەمەن جیاواز نەبوون، لە کاتێکدا هۆتێل شیراتۆنی دەوحە، شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان، شوێنی ململانێی بەرژەوەندییەکانی تاران و ڕیاز بوو.

ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکان، بیژەن نامدار زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی لە کۆبوونەوەی دەوحەدا بەشداری ناکات، بە گوتەی زەنگەنە "بەشداریکردنی ئێران بە مانای قبووڵکردنی پرۆژەی کۆبوونەوەکە (واتە سڕکردنی بەرهەمهێنانی نەوت) دێت".

بەرەبەیانی ڕۆژی کۆبوونەوەکە سعودیە هەموو شتەکانی گۆڕی و داوای کرد ڕێککەوتنەکە هەموو ئەندامانی ئۆپێک (بەتایبەتیش ئێران) بگرێتەوە، بەڵام پاش کۆبوونەوە لەگەڵ تەمیم بن حەمەد ئەلسانی، ئەمیری قەتەر بڕیاری دەستکاریکردنی ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکە درا. سعودیە چەند ڕۆژێک بەر لە کۆبوونەوەکان داوای کردبوو ئێران بۆ گفتوگۆکانی دەوحە بانگهێشت نەکرێت، چونکە ئێران ڕایگەیاندبوو ئامادە نییە بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی سڕ بکات.

هەڵوێستەکەی سعودیە دانوستاندنەکانی دەوحەی بۆ ماوەی چەند کاژێرێک دواخست. کۆبوونەکە بۆ ماوەی چەندین کاژێر درێژەی کێشا کە تێیدا مشتومڕی دوو لایەنە سەبارەت بە چۆنێتی داڕشتنەوە و دەستەواژەکانی ڕێککەوتنەکە لە نێوان بەرپرسانی سعودی و ڕووسی هاتبووە ئاراوە. شکستهێنانی گفتوگۆکانی دەوحە دەکرێت ململانێی سەرلەنوێی بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان بۆ داگیرکردنەوەی بازاڕی نەوت و لەوێشەوە بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان و دابەزینی بەهای نەوتی لێبکەوێتەوە.

وەکوو یەکێک لە بەرپرسانی ئامادەبوو لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژەی پێدابوو "ڕێککەوتنەکە دەبێت بە شێوازێک بێت کە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەربهاوێژێت، سعودییەکان خۆشحاڵ بکات و دواجاریش ڕووسەکان دڵگران نەکات" ئەمەش وادەکات کۆبوونەوەکان لەبری ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەی ورد، ڕێککەوتنێکی سیاسی لێبکەوێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی سعودیە و ڕووسیا بپارێزێت.

بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانیش، پرسیارەکە ئەوە بوو ئاخۆ بەشدارینەکردنی ئێران کاریگەریی لەسەر ڕێککەوتنەکە دادەنێت یان نا، لە کاتێکدا هەفتەی پێشوو محەممەد بن سەلمان، وەلی وەلیعەهدی سعودیە، ڕایگەیاندبوو کە ئامادەنین بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ڕابگرن، ئەگەر هەموو وڵاتانی دیکەش (بەتایبەتی ئێران) پابەند نەبن پێوەی.

ماوەی چەند مانگێکە سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکانی سەر ئێران لادراون کە بەشێکیان پەیوەندییان بە فرۆشتنی نەوتی ئێرانەوە هەبووە. ئێستا ئێران ڕۆژانە 3.2 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و بە نیازە هەتا مانگی ئاداری 2017 ئەم بڕە بۆ 4 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز بکاتەوە. بڕیاری سڕکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستی مانگی کانوونی دووەمدا بە قازانجی ئێران نابێت، لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە ڕێگر دەبێت لەوەی تاران بتوانێت سوودێکی ئابووریی ئەوتۆ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا ببینێ.

زیاتر لە 15 ساڵ بوو وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک بەم بەرفراوانییە لەسەر یەک مێز کۆنەببوونەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی هاوبەش بۆ نرخی نەوت بدۆزنەوە. وڵاتانی بەشدار بوو لە لوتکەی قەتەر نزیکەی نیوەی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن.

کۆبوونەوەکەی ڕۆژی یەکشەممە پاش کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکەی مانگی شوبات بوو کە ئەویش هەر لە پایتەختی قەتەر بەڕێوەچوو و تێیدا سعودیە، ڕووسیا، ڤەنزوێلا و قەتەر ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ڕابگرن. لە کاتی کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکەوە هەتا ڕۆژی یەکشەممە نرخی نەوت بەڕێژەی زیاتر لە 30% بەرزبووەوە.

بەشێک لەم بەرزبوونەوەیە بۆ دروستبوونی گەشبینی پاش کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام هۆکاری هەرە بنەڕەتی ئەم بەرزبوونەوەیە بۆ دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا، چین، ڤەنزوێلا، نایجیریا و عێراق دەگەڕێتەوە.

## هەڵوێستی عێراق

بەر لە کۆبوونەوەکان عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان پشتگیری لە "هەر بڕیارێکی ئەرێنی" دەکەن لە کۆبوونەوەی دەوحەدا پەسەند بکرێت.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممەدا فەلاح عامری، بەڕێوەبەری کۆمپانیای سۆمۆ، نوێنەرایەتی حکومەتی عێراقی دەکرد، لە کاتێکدا عادل عەبدولمەهدی، وەزیری پێشووی نەوتی عێراق، دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

مانگی کانوونی یەکەمی پارساڵ، عێراق ئاستی پێوانەیی بەرهەمهێنانی نەوتی تۆمار کرد کە 4 ملیۆن و 775 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بوو. لەم بڕەش ڕۆژانە 3 ملیۆن و 900 هەزار بەرمیلی ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان کراوە.



وەزیری نەوت و پیشەسازی قەتەر: هەموو لایەنەکان گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستمان بە کات و ڕاوێژی زیاترە (فۆتۆ: AFP)

ئایا ڕێککەوتنی دەوحە کاریگەریی دەبوو؟

هەر لە کۆنەوە ئابووریی نەوت ئەو کێشەیەی هەبووە کە بەردەوام لە هەڵبەز و دابەزدایە، یانیش وەکوو میرۆن واتکینز، پرۆفیسۆری ئابووری لە زانکۆی نیویۆرک، 80 ساڵ لەمەوبەر گوتوویەتی "کێشەی ئابووریی نەوت ئەوەیە هەموو کات بڕی نەوت لە بازاڕەکاندا یان لە لەڕادەبەدەر زۆرە، یانیش لەڕادەبەدەر کەمە"، ئەمە جگە لەوەی بازاڕی نەوت ناتوانێت خۆی بەشێوەیەکی سەربەخۆ نرخەکان ڕێکبخات و هۆکاری وەکوو داوا و گەشەی ئابووریی جیهان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر نرخی نەوت دەبێت.

هەفتەی پێشوو ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) لە ڕاپۆرتی مانگانەی خۆیدا ڕایگەیاندبوو "ئەگەر وڵاتانی بەشدار لە لوتکەی دەوحە لەسەر سڕکردنی بەرهەمهێنانیش ڕێکبکەون، کاریگەرییەکی خێرا لەسەر باڵانسی بازاڕ و نرخی نەوت دانانێت". لەبەر ئەوەی بازاڕ خەریکە لە ناو نەوتدا دەخنکێت. ئەوەی دەشێت لە نیوەی دووەمی ئەمساڵدا باڵانس بۆ بازاڕەکان بگەڕێنێتەوە بەرزبوونەوەی ئاستی داواکاری لەسەر نەوت بەبڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی شەیڵی ئەمریکایە. بەدەر لەمانەش ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای نەوت لە ئاستی بەرهەمهێنانی مانگی کانوونی دووەم نزمترە، هەر بۆیەش دانانی ئەو ئاستە بە مانای بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانە.

شکستهێنانی لوتکەی دەوحە لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە سڕکردنی بەرهەمهێنانی نەوت کۆمپانیاکانی ئەمریکا تووشی نیگەرانی گەورە دەکات، لە کاتێکدا پێش ئەم کۆبوونەوەیەش و لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. هەر بۆیە ئەمریکییەکان لە پاڵ زۆربەی ئەو وڵاتانەی زیانی گەورەی داراییان پێگەیشتووە دەبێت هەتا مانگی حوزەیران چاوەڕێی گۆڕانکارییەکان بن، بەڵام وڵاتانی بەشداری کۆبوونەوەکەی دەوحە دەبێت چاوەڕێی بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە بکەن بۆ ئەوەی بزانن کاردانەوەی بازاڕ بەرامبەر بەم شکستی دانوستاندنەکانی دەوحە چی دەبێت.

## جونەید ئولسەڤەر، نووسەر و ئەکادیمیستی تورک بۆ (رووداو):

# سیاسەتی دەرەوەی تورکیا شکستی هێناوە

جونەید ئولسەڤەر، نووسەر و ئەکادیمیستی تورک پێیوایە 80%ی خەڵکی تورکیا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کێشەی پەکەکە بە چەک چارەسەر ناکرێ. ئەو هۆکاری دەستپێکردنەوەی شەڕ بە پلەی یەک دەخاتە ئەستۆی پەکەکە و دەڵێت "کاتێک پەکەکە زانی بەهۆی سەرکەوتنی هەدەپە هەژموونی نامێنێ، دەستی بەشەڕ کردەوە". ئەو نووسەرە تورکە لەو باوەڕەدا نییە داعش لەنێو بچێت و دەڵێت دەبێ دەوڵەتیان بۆ دروست بکرێ، بۆ ئەوەی لە داعش خراپتر دروست نەبێ. جیهانیش لە پێنج ساڵی داهاتوودا قبوڵیان دەکات.

ئولسەڤەر ساڵی 1951 لە ئەنقەرە لەدایک بووە. لە زانکۆی بۆغازیجی ئابووریی خوێندووە. لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا دکتۆرای لە سەرچاوە مرۆییەکاندا وەرگرتووە. لەچەندین رۆژنامەی تورکیدا گۆشەنووس بووە کە هەرە دواییان رۆژنامەی حوڕییەت بووە.

رووداو- هەولێر



هەدەپە بە دروشمی "پارتی هەموو تورکیاین" ئەردۆغان و پەکەکەی ترساند

ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژاردن بکرێ، هەدەپە ناگاتە پەرلەمان

ئەگەر باخچەلی بێتەوە سەرۆک، مەهەپە نامێنێ

80%ی تورکیا باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد بە چەک نییە

**رووداو: پرۆسەی چارەسەری بەهۆی دروشمی "تۆ ناکەینە سەرۆک" یان خۆپیشاندانەکانی تشرینی یەکەمی 2014 کۆتایی هات؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** پێموایە تێکچوونی ئەو پرۆسەیە لە هەڵبژاردنی حەوتی حوەزیرانی رابردووەوە دەستیپێکرد، کاتێک ئەردۆغان ئەو دەنگانەی نەهێنا کە چاوەڕێی دەکرد. واتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی دوای حەوتی حوزەیران کە ئاکپارتی ناتوانێ بەتەنیا حکومەت دروست بکات، ئەردۆغان پێیوابوو زۆر سازشی بۆ کورد کردووە و لەبەر ئەمەش نەتەوەپەرستان دەنگیان پێنەداوە. لەدوای ئەمە پێویستی بەبیانوو بوو. هەروەها پەکەکەش کاتێک بینی هەدەپە دەنگێکی زۆری بەدەستهێناوە و بەو هۆیەوە هەژموونی ئەو لاواز دەبێت، گەڕایەوە سەر لۆژیکی شەڕ. کاتێک سەیری ئەنجامی هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانیان کرد، هەردوولا بڕیاریان دا کە پرۆسەی چارەسەری لە خزمەتی ئەواندا نییە. پاشانیش بەهۆی چەند رووداوێک کۆتایی بە پرۆسەکە هات.

تاوەکو حەوتی حوزەیران پەکەکە دانی بەخۆدا گرت و چاوەڕێی دەکرد شتێک دروست ببێ، ئەردۆغانیش بە راگرتنی کورد کات و دەنگی بەدەستدەهێنا، بەڵام دواتر تێگەیشت ئەوەی دەیدۆڕێنێ لەوەی بەدەستی دێنێ زۆر زیاترە.

**رووداو: حکومەت خۆپیشاندانەکانی 6-7ی تشرینی یەکەمی 2014 (خۆپیشاندانەکانی کۆبانێ)ی لە هێرشە چەکدارییەکانی پەکەکە بە مەترسیدارتر لەقەڵەمدا، پێتوایە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە هێشتا کورد دەتوانێ گورز لە دەوڵەت بدات و ئەوە بووە هۆی گۆڕینی جیهانبینیی دەوڵەت لە بارەی ستراتیژی پرۆسەی چارەسەری؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** هیچ ستراتیژیەک لە ئارادا نەبووە. ئەردۆغان تەنیا یەک ئاستەنگی لەبەردەمدا بوو، ئایا دەتوانم هەدەپە بە خۆسەری بۆ ناوچەکە لە بەرامبەر سیستەمی سەرۆکایەتی لە ئەنقەرە رازی بکەم؟ هەموو شتەکانی لەسەر ئەمە بونیادنا. ئەگەرنا هیچ شتێک لەبارەی مافی کورد لەئارادا نەبوو، بەڵام لە حەوتی حوەزیران، هەدەپە لە پەکەکە دابڕا، لەدژی حکومەت وەستایەوە. بە دروشمی "تۆ ناکەینە سەرۆک" و "پارتی هەموو تورکیاین" پەکەکە و ئەردۆغانی ترساند و بەمەش یارییەکە تێکچوو.

**رووداو: جگە لەم مەسەلانە، چ مەسەلەیەکی دیکەی سەرەکی هەبوو کۆتایی بە پرۆسەی چارەسەری هێنا؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** کوشتنی ئەوانەی دەچوونە کۆبانێ، پاشانیش کوشتنی دوو پۆلیسەکە، پێش ئەو کاتە لەناو تورکیا ئاسوودەییەک هەبوو، دەگوترا ئەو رەوشە وەها بەردەوام نابێت، بەڵام دیسان ئاشتی هەبوو، هەر هیچ نەبێ کەس نەدەکوژرا. لەناکاو دوو پۆلیس کوژران کە من هێشتا لێی تێنەگەیشتووم پەکەکە ئەو کارەی کرد یان نا!

**رووداو: کۆمەڵگای تورکیا لە بارەی شەڕی پەکەکە لە شارەکان چی دەڵێت؟ ئەو شەڕە بۆچوونی کورد و تورکی لەبارەی یەکدی گۆڕیوە؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** پێموایە تورکی رۆژئاوا، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە پەکەکە جگە لە چەک لە هیچ زمانێکی دیکە تێناگات. گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە 41% بۆ 50% ئەو واتایە دەبەخشێ. ئەو 9%یە دەڵێت پەکەکە لە زمانی چەک زیاتر تێناگات، یان دەبێت لەناویان ببەین یان دەبێت لەناویان ببەین. لەو قسەیەی خۆم دڵنیام.

**رووداو: ئێوە ئابووریناسن، کارسازان و وەبەرهێنەران چۆن لە تێکچوونی پرۆسەی چارەسەری دەڕوانن؟ لایەنگری ئەوەن جارێکی دیکە پرۆسەکە بەگەڕ بکەوێتەوە؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** کارسازان زۆر نیگەرانن لە پەککەوتنی پرۆسەی ئاشتی. ئارەزوو دەکەن جارێکی دیکە پرۆسەکە دەستپێبکاتەوە. ئەمە تەنیا لە روانگەی مرۆڤایەتی نییە، چونکە لەو شوێنەی مرۆڤ بکوژرێ ژیانی بازرگانی نامێنێ، ئەمە لە کەرتی گەشتوگوزار زۆر بە ئاشکرا دەبینین. باش دەزانم ئەو کۆمپانیایانەی لە باشووری رۆژهەڵات کاڵا دەفرۆشن، دەبینن لەو کاولکارییە ناتوانن کاڵا بفرۆشن. بازاڕ پێویستی بە ئاشتییە، بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانن کاڵاکانیان ساغ بکەنەوە. ئەمە بۆ رۆژئاوای تورکیاش هەمان شتە، لەوە دڵنیام لەو بارودۆخەدا تورکێکی ئیستانبوڵ بۆ نوێکردنەوەی ساردکەرەوەیەک دەڵێ راوەستە پارەکەم خەرج ناکەم بابزانم چی دەقەومێ. کەواتە مرۆڤ خۆی لە بەکاربردن بەدوور دەگرێت. بازرگانانی ئیستانبوڵ کە زۆربەی کڕیارەکانیان لە باشووری رۆژهەڵات و دەرەوە دێن، بازاڕیان وەستاوە. گەشتیاری بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبێت، دەڵێن رووسەکانمان لەدەستدا، تەنیا رووس نییە ئەوەی لەدەستیان داوە، بیانییەکانی دیکەش ناخوازن بێنە ئیستانبوڵ.

لە تورکیا قەناعەتێک دروستبووە، ئەگەر 20%ی نەتەوەپەرستان دەڵێن ئەو کارە بە چەک تەواو دەبێت، ئەوا 80%ی دیکە دەڵێت، ئێمە لە 1990ەوە بەو کارەوە خەریکین، ئەو کارە بەچەک تەواو نابێت. کەواتە زۆرینەی تورکیا بێهیوایە لەوەی ئەو کارە بەچەک تەواو دەبێت. پێموایە ژمارەی ئەوانە زۆر زۆرترە لەو کەسانەی هیوایان بە چارەسەری چەکداری ماوە. مێژوو پێمان دەڵێ ئەو مەسەلەیە بە چەک چارەسەری نابێ. برادەرێکم دەڵێ "ئەمڕۆ لە شاخ 50 پەکەکە دەکوژێت، بۆ بەیانییەکەی 100 پەکەکە دەچنە شاخ".

**رووداو: ئەگەر پرۆسەی چارەسەری بەگەڕ بکەوێتەوە، هەڵوێستی تورک چی دەبێت؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** مرۆڤێکی تورک لە ئیستانبوڵ کاتێک دێتە سەر شەقام نیگەرانە. لە چوونە میترۆ نیگەرانە. لە رۆیشتن لە شەقامی (ئیستیقلال) نیگەرانە. لە دانیشتن و خواردنەوە لە شوێنێک نیگەرانە. خەڵکی ئیستانبوڵ و رۆژئاوا کاتێک سەعات 19 گوێ لە درێژەی هەواڵەکان دەگرن، زۆر دڵتەنگن بەبینینی تەرم و گریانی دایک و باوکی سەربازان. پێموایە بۆ نەهێشتنی ئەو نیگەرانیە بەهەموو شتێک رازییە. لەوانەیە سەرەتا هەندێک کەس بڵێن حکومەت ئێمەی فرۆشت، بڵێن ئەی برایینە ئەگەر لەگەڵیان رێکدەکەون بۆچی ئەو هەموو ئازارەتان بە ئێمە چێشت. لەوانەیە ماوەیەک کاردانەوەی لەم جۆرە ببینین، بەڵام تەمەنی ئەمە زۆر کورت دەبێت. پاشان مرۆڤ دەڵێ بەئاسوودەیی لە تەقسیم پیاسە دەکەم، لە قزلئای لەگەڵ منداڵەکانم دەچمە دەرەوە.

ئەو شەوە برادەرێکم تەلەفۆنی بۆ کردم، بەگوڕ دەگریا، پێمگوت چی بووە؟ گوتی کوڕەکەم کە لە باشووری رۆژهەڵات سەرباز بوو بەسەلامەتی گەڕاوەتەوە. ئەمە زۆر گرنگە. بۆ رەواندنەوەی ئەو ترسە، ئەگەر سەرەتا نیگەرانیش بێ دواتر شوکر دەبێت بە بەرقەراربوونی ئاشتی.

ئێستا شەقامی ئیستیقلال کەسی تێدا نییە، لە میترۆ کاتێک دەنگێکی بچووک دێت، وەکو ئەوەیە کۆتایی جیهان هاتبێ، خەڵک دەترسێ. ئەگەر ئاشتیش بەرقەرار بێ دیسان کەسەکان نەفرەت

هیچ کاتێک تورکیام لە ئەمڕۆ ریسواتر نەبینیوە

لە پەکەکە دەکەن، هەدەپە لە سایەی پرۆسەی ئاشتی 80 پەرلەمانتاری رەوانەی ئەنقەرە کرد. کورد ئەمە ناخوێنێتەوە. لەم روانگەیەوە زۆر لە کورد نیگەرانم. ئەو کەسانەی نەفرەتیان لە پەکەکە دەکرد، دەنگیان بۆ هەدەپە دا، تەنیا بۆ ئەوەی بگاتە پەرلەمان و لەناو پەرلەمان شتەکان چارەسەر بکرێن. چی بوو؟ لە یەکی تشرینی دووەم هەموو دەنگەکانیان لەدەستدایەوە، باوەڕم پێیبکەن ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژاردن بکرێ، هەدەپە ناگاتە پەرلەمان. ئەمەش بۆ تورکیا قیامەت دروست دەکات.

**رووداو: دەوڵەت بۆ ئەوەی کۆمەڵگای تورکیا و بەتایبەتی تورکەکان رازی بکات بەوەی دەست بە پرۆسەی چارەسەری بکرێتەوە، پێویستە چی بکات؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** ئەو کارە پێکەوە دەکرێت. ئێستا دەڵێن چەند شارێکمان خاوێن کردووەتەوە،

هێڵە سوورەکانمان لە باکووری عێراق سەراوبن بوون و لە سووریاش سەراوبن دەبن

رێککەوتنێکی زمنی دەکرێت، حکومەت دەڵێ شارەکانمان پاک کردەوە، پەکەکەش لە شارەکان دەکشێتەوە. تا ئەو دیمەنە پیشانی رای گشتی نەدرێت، ناتوانن دەوڵەت رابگرن. دەبێت پەکەکە هاوکار بێ لە نیشاندانی ئەو دیمەنە.

لەو کاتەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا دەڵێن "کاری ئێمە تەواوبوو" ئەو کاتە سیاسەتمەدار دەتوانێ بڵێ، کاتی ئەوە هاتووە لەسەر ئاشتی قسە بکەین. بەڵام سەرەتا بێ یان لە کۆتایی سیاسەت جەرگی پێویستە. ئەو سیاسەتمەدارەی ئەو قسەیە دەکات، پێویستە بوێر بێ. بۆ هەردوولا ئەو قسەیە دەکەم. بەمشێوەیە دەتوانن کۆمەڵگا رابێنن.

**رووداو: دەڵێن ئەردۆغان دەخوازێ دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی کۆنگرەی**

دەبێ تورکیا پەیەدە وەک پارێزوان ببینێ نەک دوژمن

**مەهەپە ئەمە ناکەن. پێتوایە ئەمە راست بێ؟ دەڵێن ئەگەر سەرلەنوێ دەوڵەت باخچەلی بەسەرۆکی مەهەپە هەڵبژێردرێتەوە، ئاکپارتی دەترسێ دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکاتەوە، چونکە ناتوانێ دەنگدەر بۆ خۆی رابکێشێ؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** بێگومان کاتێک کارێکی باش دەکەیت، دەنگدانەوەی جۆراوجۆری دەبێت. بۆ نموونە کاتێک دەرمانێک بۆ نەخۆشییەکەت بەکاردێنی، دەبینی سەرئێشەت چاک دەبێت، بەڵام گەدەت نەخۆش دەبێ. هەموو شتێک بەرامبەرێکی هەیە. لەبەر ئەوە باسی سیاسەتمەداری بوێرم کرد. بێگومان لەناو ئاکپارتی نەتەوەپەرست لە دژی پرۆسەکە رادەوەستن، بەڵام پێمواننییە ئەوانە 10% تێپەڕ بکەن. لەناو مەهەپە ئەگەر جارێکی دیکە باخچەلی بە سەرۆک هەڵبژێردرێتەوە، شتێک بەناوی مەهەپە نامێنێ. لەوە دڵنیام مەهەپە لە هەدەپە خراپتری بەسەر دێت. پێویستە دەوڵەت باخچەلی ئەوێ بەجێبێڵێت. بۆ نموونە ئەگەر مەڕال ئاکشەنەر بێتە جێگای ئەو، ئەرێنی سەیری ئاشتی دەکات، وێنەی مەهەپە دەگۆڕێت، بەگشتی مەهەپەیەکی نەرمتر دەبینین. بە هەڵبژاردنی ئاکشەنەر لە جێگای باخچەلی، مەهەپە پەیامی نەرمتر دەداتە کۆمەڵگا.

**رووداو: ئاماژەی وەها دەرکەوتووە کە تورکیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر سووریا دەگۆڕێت. پێتوایە تورکیا بەرەو گۆڕینی سیاسەتی دەرەوە دەڕوات؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** لە تورکیا بە سەرۆک وەزیران و راوێژکارەکانیشیەوە هەموو کەس دەزانێ سیاسەتی دەرەوە شکستی هێناوە. تورکیا گۆشەگیر بووە و بەتەنیا ماوەتەوە. بەڵام لەجێگای ئەمە چ سیاسەتێک پەیڕەو دەکەن؟ کۆدەنگییەک نییە. چونکە رەجەب تەیب ئەردۆغان بە سیفەتی سەرۆک کۆمار، باکی بە سیاسەتی دەرەوە نییە. دەخوازێ سیاسەتی دەرەوە وەکو سیاسەتی ناوخۆ بەکاربێنێ. هێشتا دەڵێ ئێمە ئاغا و باوکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستین. پێموایە کاتێک باسی حکومەت دەکەین، هاوپەیمانێتییەک دەبینین، لەلایەک تەیب ئەردۆغان هەیە، لەلایەکەی دیکە حکومەتی کۆماری تورکیا هەیە. هەردووکیان بەیەکەوە حوکم دەکەن. ئەم قسەیەک دەکات، ئەوەی دیکە قسەیەکی دیکە دەکات، هەندێکجار شەڕە دەنوک دەکەن. قسەی دواییش بەگشتی ئەردۆغان دەیکات. کاتێک گوێم لە دەستەواژەی (ئوممەت) بوو لە کۆنفرانسی ئیسلامی، زۆر نیگەران بووم. هیوادارم ئەو قسەیەی تەنیا وەکو پرۆتۆکۆڵێک کردبێ، چونکە ئەگەر سیاسەتی دەرەوە لەسەر بنەمای (ئوممەت) بونیاد بنێ، ئەو سیاسەتە مەحکومە بە دۆڕاندن. چونکە هێشتا قسەکانی رابردووی لە گوێماندا دەزرینگێنەوە کە دەیگوت "رێبەرایەتی جیهانی سوننە دەکەین" یان "هێڵی سوورمان هەیە". لە باکووری عێراق هێڵە سوورەکانمان سەراوبن بوون، لە سووریاش سەراوبن دەبن. زۆر لەوە دڵنیام پەیەدە دەچێتە ئەو ناوچەیە. من هیچ کاتێک تورکیام لە ئەمڕۆ ریسواترنەبینیوە.

**رووداو: ئەگەر تورکیا سیاسەتی دەرەوەی بگۆڕێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چۆن پێشوازیی لێ دەکرێ؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** دەبێت تورکیا لە بارودۆخی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبگات. ئێران هەیە کە لەلایەن رۆژئاواوە قبوڵ کراوە، دەبێت بزانین ناتوانن پێش لە کۆنفیدراڵیزمی کورد بگرن. لە عێراق ئەمە جێگیر بووە، لە سووریاش جێگیر دەبێت. پێویستە تورکیا لە شوێنی ئەوەی پەیەدە بەدوژمن ببینێ، وەکو پارێزوان بیبینێ. دەبێت بڵێ چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ واتە پێویستە تورکیا سیاسەتی خۆی لە بارەی کورد، ئێران، سووریا و میسر بگۆڕێت. راستە سیسی دیکتاتۆرە، بەڵام واقیعێکە. گریان بۆ ئیخوانەکان هیچ سوودی نییە. مورسیش دیکتاتۆر بوو. پێویستە تورکیا بەو گۆڕانەی دەیکات باوەڕ بە جیهان بهێنێ. دەبێت ئێران، ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا باوەڕی پێبکەن. ئێستا بارودۆخی "من پاشای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستم" نەماوە. جیهانێکی بەمشێوەیە نەماوە. ئەوە راستە نییە کە بڵێی "کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نییە"، پێچەوانەکەی راستە.

لەساڵی 2007ەوە دەڵێم، رۆژێک دێت ئێران لەگەڵ رۆژئاوا رێکدەکەوێت، لەگەڵ رووحانی قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد. رێگاگرتن لەمە یان رێگاگرتن لە پەیەدە مومکین نییە. دەبێت تورکیا سەرلەنوێ لەگەڵ ئەو راستیانە خۆی بگونجێنێ. ئەمەش بە گرتنەبەری سیاسەتێکی واقیعی دەکرێ.

**رووداو: ئەو گۆڕانکاریانەی تورکیا لە سیاسەتی دەرەوە کە پێویستە بیانکات دەبنە فاکتەرێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوە بگۆڕێت، پێویستە دەست بە پرۆسەی چارەسەری بکاتەوە. ئەگەر ئەوە کرا، سیاسەتی دەرەوە دەگۆڕێت. ئیدی مەسەلە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکان ئەوەندە ئاوێتەی یەکتر بوون مومکین نییە لێک جیابکرێنەوە. دەڵێین پەکەکە مەسەلەیەکی ناوخۆییە، بەڵام تا کوێ مەسەلەیەکی ناوخۆییە؟ مومکین نییە بڵێین یەکێکیان دەکەین ئەوەی دیکە ناکەین.

**رووداو: دەنگۆیەک هەیە کە ئەردۆغان دەخوازێ لەگەڵ ئەسەد ئاشت بێتەوە. ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە هەڵمەتێک بێت لەدژی پەیەدە؟**

دەبێ دەوڵەتێک بۆ داعش دروست بکرێ

لە پێنج ساڵی داهاتوودا جیهان داعش قبوڵ دەکات

**جونەید ئولسەڤەر:** ئەوەیان مومکین نییە. بۆ چارەسەری مەسەلەی پەیەدە، پێویستە لەگەڵ ئەمریکا، رووسیا و ئێران رێکبکەوێت. رێککەوتن لەگەڵ ئەسەد بەشی ئەو کارە ناکات. ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئەو رێککەوتنە نین، لە سووریا راستییەک هەیە، ناوچەی لازقیە، ئەسەد هەبێت یان نەبێ، ناوچەی رووسەکانە. دیسان ناوچەی پەیەدە کە پاراستنی لە ئەستۆی ئەمریکایە دەبێتە ناوچەیەکی کوردی. من پێموایە، ئیدی ناچارن رێگا بەو ناوچەیە بدەن کە داعشی (نەفرەتلێکراو)ی لێیە ببێتە دەوڵەت. ئەوە باوەڕی منە. چونکە بەساڵان بوو هەوڵیان دەدا ئەلقاعیدە رەشبکەنەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە جێگای ئەلقاعیدە داعشێک دروست بووە کە لەچاو ئەو لە بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەلقاعیدە بەستەزمانە. دەبێت سازشێک لەگەڵ ئەوانە بکرێت. جیهان لەبەردەم راستییەکی بەمشێوەیەدایە و ئەوەی دەیڵێم لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا جێبەجێ دەکرێت. واتە داعش مەدەنی دەبێت و جیهانیش داعش قبوڵ دەکات. خوالێخۆشبوو یاسر عەرەفات بەرلەوەی بمرێ بە 20 ساڵ، بە دوژمنی جیهان دادەنرا، بەڵام دواتر دەیانگوت دەبێ لە دژی حەماس عەرەفات بپارێزین. واتە ژیان ناوەستێ، ئەمڕۆ بە کەسێک دەڵێی تیرۆریست، سبەی پێیدەڵێی دۆست.

**رووداو: رۆڵی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا لە کێشەی کورددا چییە؟**

**جونەید ئولسەڤەر:** ئەمریکا کورد بە هاوپەیمانی هەرە نزیکی خۆی دەبینێ. تا 2011 تورکیای بە هاوپەیمان دەزانی. بەڵام ئێستا باوەڕی بە ئەردۆغان نەماوە. دەیویست ئەردۆغان بڕوات، ئەمەی پێنەکرا. ئێستا پێویستە هاوسەنگییەک لەدژی ئەردۆغان دروست بکات. بۆ ئەمە لەگەڵ پەیەدە هاوپەیمانی دەکات، راستە دەڵێ پەکەکە تیرۆریستە، بەڵام ئەو قسەیە زۆر گرنگ نییە و داوا لە پەکەکە دەکات بە ئاشتییەوە پابەندبێ. بەڵام بەگوێرەی لۆژیکی پراگماتیستانە ئەمریکا ئیشی لەگەڵ پەیەدەیە. چونکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەموویان زیاتر باوەڕی بە پەیەدەیە. ئێستا هەنگاو بەهەنگاو ئێرانیش دێتە پێش.

## به پێنج هەزار کۆچبەر گەرماوێکیان هەیە



**ڕوودا– ئەسینا**

کۆچبەرانی کەمپی پیرەیا لە ئەسینا ڕایانگەیاند ژیانێکی زۆر ناخۆشیان هەیە و کەمپەکەیان تەنیا یەک گەرماوی تێدایە. کەمپی پیرەیا لە ئەسینا دوای کەمپی ئیدۆمینی گەورەترین کەمپی کۆچبەرانە و زیاتر لە 5 هەزار کەس لەخۆدەگرێت.

کۆچبەرانی ئەو کەمپە بە (ڕووداو)یان گوت "لە دۆخێکی سەختدا دەژین و ژیانێکی ناخۆش بەسەردەبەین، لە نێو ئەم کەمپەدا بۆ ئەو ژمارە زۆرەی کۆچبەران تەنیا 13 توالێت و 1 گەرما و هەیە". هەرچەندە یۆنان خۆی لە قەیرانی دارایی دایە، بەڵام هێشتا سوورە لەسەر یارمەتیدانی کۆچبەران.

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (404) دووشەممە 2016/4/18

# کوردە پەنابەرە دێرینەکان فینلاند بەجێدێڵن

## پەنابەرێک: فینلاند ژینگەیەکی گونجاو نییە بۆ ئێمەی کورد

**ڕووداو – هێلسنکی**

ڕۆژی 19ی ئەم مانگە ساڵێک بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی فینلاند تێدەپەڕێ کە ئەنجامەکەی پێکهێنانی حکومەتێکی ڕاسترەوی دژە پەنابەر بوو. ئێستاش کۆمەڵێک ئاماژەی وا دەرکەوتوون کە ئەو کوردانەی ساڵانێکی زۆر بوو لەو وڵاتە گیرسابوونەوە، فینلاند بەرەو وڵاتانی دیکە جێدەهێڵن.

لەو هەڵبژاردنەدا حەوت بەربژێری کورد هەبوون، بەڵام هیچیان تەنانەت وەک ئەندامی یەدەگیش دەرنەچوون.

ئەو کوردانەی ساڵانێکی درێژە لەو وڵاتەن، هەندێکیان بیر لە جێهێشتنی دەکەنەوە، چونکە پێیانوایە ژینگەیەکی نامۆیە بە کورد.

ئاسۆ نیعمەت، خەڵکی هەرێمی کوردستانە و زیاتر لە 15 ساڵە لە فینلاند دەژی، ئێستا بەنیازە ڕوو لە لەندەن بکات و لەوێ دەست بە ژیانێکی نوێ بکات. ئاسۆ بە (ڕووداو)ی گوت "فینلاند لە زۆربەی ڕووەکانەوە پێشکەوتووە، بەڵام ژینگەیەکی گونجاو نییە بۆ ئێمەی کورد".

هەرچەندە بەشێکی بەرچاوی کۆچبەرانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی باشووری کوردستانن، لەم دوو ساڵەی دواییدا ڕوویان لە فینلاند کرد، بەڵام ئەو پەنابەرە کوردانەی ساڵانێکە لەو وڵاتەن، وردە وردە جێیدێڵن.

ئاسۆ نیعمەت دەیەوێت ڕوو لە بەریتانیا بکات و دەڵێت"بە تەنیا لەڕێی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەتوانم لەزۆر بواردا کار بکەم و جێگەی خۆم بکەمەوە، فینلەندییەکەم تەنیا لەم سنوورە دەیخوات و زمانی 5 ملیۆن کەسە".

لانە ساڵح، 28 ساڵ، لە فینلاند لە بواری تەندروستیدا خوێندوویەتی، بەڵام دوای ئەوەی سەردانێکی سوێد دەکات، بڕیار دەدات لەوێ نیشتەجێ ببێ. ئەو ئێستا لە پرۆسەی خێرای شیاندندایە و لەگەڵ فێربوونی سەرەتاکانی زمانی سوێدی، یەکسەر لەسەر کار دادەمەزرێ.

لانە گوتی "دوو ساڵ بوو لە فینلاند خوێندنم تەواو کردبوو، بەڵام کارم دەست نەدەکەوت، چونکە یەکێک لە دیارییەکانی حکومەتە ڕاسیستە تازەکەی فینلاند کەمکردنەوەی بنکە تەندروستییەکان و کەمبوونەوەی هەلی کار بوو لە بواری تەندروستی، بۆیە بە ناچاری کاری پاککردنەوەم دەکرد". لانە بەدووری نازانێت زۆر لە هاوڕێ و خزمانی، فینلاند بەرەو وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بەجێبێڵن.

محەممەد ئەمین ئەڵامورادی کە یەکێک بوو لە بەربژێرانی کورد بۆ هەڵبژاردنی پارساڵی پەرلەمانی فینلاند، گوتی "ڕۆیشتنی کورد و بەشێک لە بیانییەکان لە فینلاند، دەرهاوێشتەی حکومەتی تازەی فینلاندە کە زۆرینەیان ڕاست و بەشێکی دیاریان نەژادپەرستن".

ئەریوان مەهدی پێشتر لە شاری لاهتی فینلاند چێشتخانەیەکی بەڕێوە دەبرد، بەڵام لەوێ سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ڕووی لە سوێد کرد، ئێستا سەرقاڵی کردنەوەی چێشتخانەیەکی گەورەیە لە شاری مالمۆ. ئەو دەڵێت جگە لە ساردیی کەشوهەوای ئەو وڵاتە، هۆکارێکی دیکەی جێهێشتنی فینلاند چاولێکەری بووە "چاولێکەری هەموومانی کردە خاوەن چێشتخانە، بۆیە بەجێمهێشت".

### لە پیتزەریدا یەکەمن

یەکێک لە دروشمەکانی پارتی (فینلاندییە ڕەسەنەکان) لە هەڵبژاردنی پارساڵی پەرلەمانی فینلانددا بریتی بوو لە: "پیتزای هەرزان ناهێڵین و بە گەڕانەوەی باجی پیتزەرییەکان، ڕەوشی حکومەت باش دەکەین". ئەمە وەک ئاماژەیەک بوو بۆ خۆدزینەوەی پیتزەرییە بیانییەکان بە تایبەتی کورد لە دانی باج.

هەژار مامەند کە خاوەنی پیتزەرییەکە لە فینلاند، هۆکاری هەرزانیی پیتزا لای کوردەکان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "بەهۆی زیرەکی، ئیدارە و کەمیی تەماع، دەمانتوانی پیتزا بە هەرزان بفرۆشین و لەو کارەش سەرکەوتوو بووین".

فینلاندییەکان زۆریان حەز لە خواردنی پیتزایە و هەرزانییەکەشی سەرنجی ڕاکێشابوون. لە چێشتخانە فینلاندییەکاندا خواردنی پیتزایەک نزیکەی 12 یۆرۆی تێدەچێ، بەڵام لە چێشتخانە کوردییەکاندا 5- 7 یۆرۆیە.

ئۆلیڤا کە بەربژێرێکی پارتە ڕاستەکانی فینلاند بوو لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا دەڵێت "بەهۆی خۆدزینەوە لە باج و خراپیی کواڵیتی، کاری ڕەش، نەبوونی تۆماری کرێکارەکان و دانانی باجی دوولایەنە، پیتزایان هەرزان کردبوو، ئەمە تاڵانکردنی فینلاندە".

کارمەندی یەکێک لە پیتزەرییەکان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، نەیشاردەوە کە کاری ڕەش و خۆدزینەوە لە باج لە نێو پیتزەرییە بیانییەکاندا هەیە. ئەو کە لە ناوەڕاستی هێلسنکی لای وەستایەکی کورد کار دەکات، دەڵێت "کرێکارێکی ئاسایی ڕۆژانەکەی نزیکەی 80 یۆرۆیە، بەڵام وەستاکەم 20 یۆرۆم دەداتێ".

شاری لاهتی کە ژمارەیەکی زۆر پەنابەری کوردی لێیە، زۆرترین دووکانی پیتزای هەیە. ئارام نەسرەت، خەڵکی شاری دهۆک کە 20 ساڵە لە فینلاندە، پێشتر پیتزەری هەبووە و دەڵێت "پێشتر مانگانە نزیکەی 5 تا 7 هەزار یۆرۆم دەست دەکەوت، ئێستا ناگاتە دوو هەزار یۆرۆ. لەبری ئەوەی کاری ڕەش فراوان بکەم، پیشەی خۆم گۆڕیوە و ئێستا کاری وەرگێڕان دەکەم".

چاولێکەری و لاساییکردنەوەی ئەو بۆ کردنەوەی خواردنگە کارەکەی بەرەو شکست برد، ئەو دەڵێت "زۆربەی کارمەندەکانم ئێستا خاوەنی پیتزەری و چێشتخانەن".

### نەوەیەکی نوێی خاوەن توانا

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا نەوەیەکی نوێ پێگەیشتوون کە زمان بە باشی فێربوون و فێری پیشەیەک بوون کە توانای بڕیاردانیان هەبێت.

هۆشمەند ڕەحیم، پەنابەرێکی کوردە لە فینلاند و لە بواری ڕێکخراوەکاندا کار دەکات، دەڵێت "ئێستا نەوەیەک پێگەیشتوون کە لە فینلاند لەدایک بوون، زمانی فینلاندی و تەنانەت زمانەکانی دیکەش بە باشی دەزانن. ئەو نەوە نوێیە، توانای بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیان هەیە و هاوکات سەرمایەیەکی باشن بۆ داهاتووی کوردستانیش".

ئەو دەڵێت لەکۆی 10 هەزار پەنابەری کورد لە فینلاند 3000 یان گەنجن کە هەندێکیان لە فینلاند لەدایک بوون "تێیاندایە لە فڕۆکەخانە و فەرمانگە هەستیارەکان کاریان وەرگرتووە، بە دەستبەکاربوونی ئەم نەوەیە، ئیدی ئەو سەردەمە کۆتایی دێت کە کورد میللەتی سۆسیال و پیتزەری و پاککەرەوە بن".



کورد لەفینلاند لە پیتزەریدا یەکەمن و لە سیاسەتدا لە دواوەن

## پارەیەکی زۆری سوێد بۆ پەنابەرانی بێکار دەچێت

# کورد لە سوێدیش کولتووری بندیواری داهێناوە

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

بەپێی دوایین ئاماری فەرمانگەی کاری سوێد، زۆربەی ئەو پارەیەی بۆ بێکارانی ئەو وڵاتە تەرخان دەکرێ، دەچێتە گیرفانی پەنابەرانەوە، بەڵام دەرکەوتووە هەندێک لەو پەنابەرە کوردانەی مووچەی بێکاری وەردەگرن، ئیشی ڕەش دەکەن.

### بندیواری سوێدی

"بیانییەکان کولتووری جیاجیایان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە سوێد، بەڵام کورد کولتووری بندیواری گواستووەتەوە سوێد". ئەمە قسەی ئاران محەممەدییە کە شارەزایەکی ئابووریی نیشتەجێی سوێدە.

ئەو مامۆستا کوردە کە لە زانکۆی بۆنشۆپینگ وانە دەڵێتەوە، دەشڵێت: "بارگرانیی پەنابەر لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە فێڵ لە سیستەمەکە دەکات".

بیمەی بێکاری سەندیکایی (A-kassa ئاکاسا) و (پارەی دۆزینەوەی کار)، لەو میکانیزمانەی پەیداکردنی داهاتی مانگانەن کە بیانییەکان لێی سوودمەند دەبن.

بەپێی یاسای کار لە سوێد، دامەزراوەی کار (Arbetsförmedlingen) مووچەی 80%ی ئەو کادرە نوێیانە دابین دەکات کە لەلایەن کۆمپانیایەک یان دامەزراوەیەکی وەک میدیا کوردییەکان و هەندێک لە دووکان و تەنانەت چێشتخانەکانەوە، وەردەگیرێن و جاری وا هەبووە دامەزراوەکە تەنانەت کاریشی پێ نەکردووە و مووچەکەی بە شەریکی بەش کراوە. ئەمەش ئێستا لە نێو کوردی سوێد بە"بندیواری سوێدی" ناسراوە.

فەرزاد کە گەنجێکی کوردە، حاڵەتەکانی بازرگانیکردن لەم خزمەتگوزارییەدا باس دەکات و دەڵێت "لەو 80%ی پارەکە، کە هەندێکجار دەگاتە 20 هەزار کرۆن، بەشێکی کەمی دەدرێتە کارمەندەکە و باجە فەرمییەکەشی لێدەدرێت و هەندێکیشی بۆ دامەزراوەکە، یان کۆمپانیاکە دەمێنێتەوە".

فەرزاد دەڵێت، لە میدیاکانی پەکەکەدا حاڵەتی وا زۆرە، کادران بەشێک لەو مووچەیە دەدەنەوە بە دەزگا میدیاییەکە.

(ئاکاسا) نزیکەی 78%ی مووچەی ئەو کەسانە دەدات کە دوای یەک تا سێ ساڵ لە کار و دانی ئابوونەی مانگانەی نزیک 25- 40 دۆلار لەسەر مووچەی پێشوویان، بێکار دەبن. مەبەستەکەش ئەوەیە ئاکاسا تا ئەو کاتە مووچەکە دەدات کە کارێکت دەستدەکەوێت.

ئاران محەممەدی دەڵێت "زۆرجار کەسەکان خۆیان بێکار دەکەن و لەماوەی ئەو یەک دوو ساڵەدا بڕی 80% و پاشان 60% و کەمتری مووچەکەی پێشوویان وەردەگرن، لە بەرامبەر ئەوەی مانگانە چەند جارێک ڕاپۆرتی خۆیان دەدەن کە گوایە بەدوای کار گەڕاون و دەستیان نەکەوتووە، بەڵام لە پاڵیدا کاری ڕەش دەکەن".

فەرزاد گوتی "ئێستا زۆربەی میدیاکارانی یەکێتی و پارتی دوای نەمانی مووچەیان، لەپاڵ کاری تاکسی و کاری دیکەی ڕەش، سوودمەندی ئاکاسان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە ئاکاسا زۆر لە سۆسیال باشترە".

### مۆڵەت و خانەنشینکردنی ساختە

خانەنشینی یەکجارەکی لای سوێدییەکان ناخۆشترین وێستگەی ژیانە و لای بیانییە تاراوگەنشینەکان، مژدەی ژیانە.

سیستەمی خانەنشینکردن، پەیوەندی بە خزمەت و تەمەن و نەخۆشی و حاڵەتی تایبەتەوە هەیە، بەشێکیان کاتین و بەشێکیشیان هەمیشەیین. حاڵەتی یەکەم پەیوەندی بە کۆتاهاتنی پۆست و نەخۆشییەوە هەیە. هەرچی حاڵەتی دووەمیانە وەک لیسا ئیندرشمان، ئابووریناس و سیاسەتڤانی پارتی مۆدیرات دەڵێت "بۆ کەمئەندام و نەخۆشیی درێژخایەنە، بەتایبەت ئەوانەی لەکاتی کار تووشی دەبن". ئەو لێرەدا بە پێکەنینەوە دەڵێت "کە زۆربەیان بیانین".

پۆستە باڵاکانی وەک پەرلەمانتار و وەزیر و سەرۆک وەزیران کە بێکار دەبن، بەپێی پۆست لە یەک بۆ دوو ساڵ خانەنشین دەبن و پاشان ناویان دەچێتەوە ڕیزی بێکاران و لە فەرمانگەی کار ناویان تۆمار دەبێت بۆئەوەی دوای کاردا بگەڕێن. هەندێکیان کاریان دەستدەکەوێت و هەندێکیان دەگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان. بەڵام ئەوانەی تەمەنیان 65 ساڵ تێپەڕ دەکات، خانەنشین دەبن و بەپێی داهاتەکانی ڕابردوویان مووچەیەکی هەمیشەیی خانەنشینییان بۆ دەبڕدرێتەوە.

ئیندرشمان دەڵێت "بۆ حاڵەتی یەکەم زۆربەیان قبوڵی ناکەن و لەوانەی دووەمیش لای سوێدییەکان ناخۆشترین شتە. زۆر لە سوێدییەکان مل نادەن و لەدوای 65 ساڵیش ئەگەر لەسەر بنەمای کاژێری کاریش بێت، بەردەوامی دەدەنە کار".

ئیسماعیل کامیل، پارلەمانتارێکی پێشووی کوردە کە ئەم خانەنشینییەی قبوڵ نەکردووە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "گەڕامەوە سەر کاری پێشووم و لە زانکۆی ستۆکهۆڵم وانە دەڵێمەوە".

لە دەرەوەی ئەو دوو حاڵەتە، خانەنشینی نەخۆشیی و هی دیکە هەیە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) زۆر لە تاراوگەنشینان خۆیان بە نەخۆش تۆمار دەکەن، بۆ ئەوەی سیستەمی خانەنشینی پێشوەختە بیانگرێتەوە.

ڕوودواو هەندێک حاڵەت ئاشکرا دەکات کە فێڵکردن و هەڵە بەکارهێنانی سیستەمی خزمەتگوزاریی خانەنشینی پێشوەختەیان تێدایە.

ئەردەڵان پەنابەرێکی کوردە و پێشتر کاری پاککردنەوەی کردووە، ئێستاش وەک نەخۆشێکی دەروونی (لەدەستدانی عەقڵ) لە سوێد ناوی تۆمارکراوە.

ئەو دەڵێت "نەک تەنیا سوودمەندی سەرەکیم لە مووچە و ماڵ و خزمەتگوزاری، بەڵکو وەرگێڕ و تاکسیشم لەسەر دەوڵەتە. تەنانەت ساڵانە سێ بۆ چوار جار لەسەر حسابی حکومەت کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن بۆ ماڵەکەم دەکڕم".

کەیسەکەی ئەردەڵان بریتییە لە لەدەستدانی هۆشیاری بەهۆی کاری قورس و خانەنشینکردنی یەکجارەکی بە مووچەی نزیکەی 3000 دۆلار مانگانە، لەگەڵ تەواوی خزمەتگوزارییەکانی ژیان.

ئاران محەممەدی حاڵەتی فرت و فێڵی زۆری لەلایە و دەڵێت "زۆر لە کارمەندەکانی کارە قورسەکان، لە ڕێگەی خۆنەخۆشخستن و لەسەر بنەمای مۆڵەتی پزیشکی، مۆڵەتی یەک هەفتە تا چەند مانگ و بگرە زیاتریش وەردەگرن". گوتیشی "بەداخەوە پزیشکەکانیش هەر بیانین کە ئەم کارە دەکەن".

### ئاماری بێکاری لە سوێد

بەپێی ئاماری فەرمانگەی کاری سوێد کە کار بۆ بێکاران دەدۆزێتەوە، لە کۆی ئەو 372 هەزار کەسەی ناویان لەو فەرمانگەیە تۆمار کراوە، 188 هەزار کەس کە دەکاتە 70%، بیانین و خەرجیی مانگانەی هەر یەکێکیان 4000 دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت.

ماتس وادمان، لێکۆڵەر لەو دامەزراوەیە دەڵێت: "لەدایکبووانی دەرەوەی سوێد، توانای فێرکارییان نزمە، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕێژە زۆرەی بێکارییە".

حکومەتی سوید هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە ڕێژەی بێکاری لەکەمبوونەوەدایە و ساڵی داهاتوو لە 6.8% وە دەبێتە 6.3%. بەڵام لەدوای قبوڵکردنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەر کە بۆ ساڵی 2018 چاوەڕوانکراوە، ئەو ڕێژەیە دووبارە بەرز دەبێتەوە.





70%ی ئەوانەی ناوی خۆیان لەفەرمانگەی کاری سوێد تۆمارکردووە تاراوگەنشینانن



## سلێمانی خۆی بۆ یەکەم فێستیڤاڵی فیلم ئامادە دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری لە سلێمانی بە هاوکاریی کۆمپانیای مەستی فیلم لە ئامادەکاریدایە بۆ ئەوەی لە مانگی ئەیلولی داهاتوودا یەکەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە سلێمانی ساز بکرێ. دانەر عومەر، بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵەکە بە (ڕووداو)ی گوت، سلێمانی وەکو پایتەختی ڕۆشنبیری، ئەمساڵ یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم ساز دەکات و گوتیشی "لە فێستیڤاڵەکەدا فیلمی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکو هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، تاوەکو ئێستاش زیاتر لە 100 فیلممان لە دەرەوە بۆ هاتووە بۆ ئەوەی بەشداریی فێستیڤاڵەکە بکەن. فێستیڤاڵەکە لە ڕۆژانی 15-2016/9/18 لە شاری سلێمانی ساز دەکرێت، ڕۆژی 19ی ئەم مانگەش وردەکارییەکانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕادەگەیەنرێ.



خەتەر بەستەڵەک دەشکێنێ

# ڕاپی کوردی نەوەیەک لە ئەڵمانیا دەگۆڕێت

**پۆلا گەرمیانی**
**ڕووداو- بەرلین**

بۆ مێرمنداڵانی کورد لە ئەڵمانیا کارێکی ئاسان نەبوو لەنێو وەرزشوان و مۆسیقییەکاندا نموونەیەکی باڵا بۆخۆیان بدۆزنەوە، بەڵام لەپڕ ڕاپەری وەک ئازاد و خەتەر دەرکەوتن. شـیعری گۆرانییەکانی ئەو دوو ڕاپەرە کە لەسەر شانازیکردن بە کوردبوونەوە بوون، کاریگەرییان لەسەر نەوەیەک لە کوردی ئەڵمانیا و دەرەوەی ئەڵمانیا دانا.

ژیـرە شـێخانی، تەمەن 26 سـاڵ، باسـی بیرەوەرییەکانی دەکات و دەڵێت "بە گوێگرتن لە ئازاد دەسـتمپێکرد. ئـەو یەکەم کەس بوو کەلەپـووری کـوردی نمایـش بـکات". ژیـرە بەردەوام دەبێ و دەڵێت: "لەبیرمە لە نەوەتەکان ژمارەیەکـی زۆر لە گەنجانی کورد، بەتایبەتیش ئەوانـەی باکـووری کوردسـتان، نەیاندەوێرا بڵێن کـوردن. تەنانـەت لێـرە لـە ئەڵمانیاش لەترسـی تورکەکان نەدەوێران باسی کوردبوونی خۆیان بکەن، بەڵام پاش دەرکەوتنی ئازاد، ئەمە گۆڕا و کوردبوون بووە شتێکی خۆش".

ئـازاد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەدایکبووە، بـەڵام دواتر لەگەڵ خێزانەکەی هاتوونەتە ئەڵمانیا. شـیعرە قافیەدارەکانی ئەو ڕاپەرە کوردە وایکردووە لـە سەرتاسـەری ئەڵمانیـا ناوبانگـی هەبێـت. لە کۆتاییەکانی نەوەتەکان و سـەرەتای 2000ەکانەوە بووەتە بەشـێکی دانەبڕاو لە پیشەسازیی میوزیکی هیپ هۆپ.

ئـازاد دەزانێـت وەک ڕاپەرێکی کورد لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا چ ئەرکێکی قورسـی لەسەرشانە. ئەو لە هەڤپەیڤینێکی پێشتریدا دەڵێت: "زۆر باش دەزانم ڕۆڵم چییە. وەک کورد، کە وڵاتی خۆمان نییە، دەبێ ڕووبەڕووی زۆر سەختی ببینەوە. تۆ دەڵێیت: کوردم، ئـەوەی بەرامبـەرت دەڵێت: ئەهـا، واتە تورکیت؟! دەبێت دیسـان لەوەڵامدا بڵێیت: نەخێـر، کوردم و زمان و گەل و کولتووری خۆمم هەیە."

سەرەتاکانی 2000، ئازاد تاکە ڕاپەری کورد بوو. هەر لەوکاتەدا ژمارەیەکی زۆر ڕاپەری تورک هەبوون کە گوزارشتیان لە کۆمەڵگەی تورکی ئەڵمانیا دەکرد، بەڵام لەگـەڵ تێپەڕینی کات دەرکـەوت کە زۆربەی ئەوانـەی بەتورکی گۆرانییـان دەگوت بە ڕەچەڵەک کورد بوون.

جـەم ئاڵتنتاش، تەمـەن 25 سـاڵ، گلەیی لەو گۆرانیبێژانـە دەکات کە نایانەوێ لەگەڵ شوناسـی ڕاسـتەقینەی خۆیاندا ڕاسـتگۆ بن. بەڵام پێشیوایە "ئەمە هەڵەی خۆیانی تێدانییە"، چونکە "دەوڵەتی تورکیـا لـە 1923ەوە کوردی ناچارکـردووە خۆیان بـە تورک بزانن. بۆنموونە (کەی سـی ڕێبێڵ) بێنە بەرچاوی خۆت، کە بەخۆی دەڵێت شازادەی تورک. یانیـش (ئێکـۆ فرێش) کـە هەندێکجار شوناسـە ڕاستەقینەکەی خۆی دەگۆڕێت."

ئێکـۆ فرێش یەکێک لە ناسـراوترین ڕاپەرەکانی ئەڵمانیایـە و خۆی بـە تورکێکی ئەڵمانی دەزانێت. بەڵام لە کۆتایی 2000ەکان و لە کارێکی هاوبەشـدا لەگەڵ گرووپی ڕاپی کوردی (لا هۆندا) ڕایگەیاند کە بـە ڕەچەڵەک کوردە. لەبەرئـەوەی باوکی کوردە و خەڵکی سیواسە.

خەتـەر لـە دیمانەیەکـدا لەگەڵ ماڵپـەڕی هیپ هۆپی ئەڵمانیـدا ڕەخنە لـەو گۆرانیبێژانە دەگرێت کـە دواتر بڕیاریانداوە بۆ ڕەچەڵەکی کوردیی خۆیان بگەڕێنـەوە. ئەو پێیوایە گۆڕانی دۆخەکە وایکردووە ئەو گۆرانیبێژانە ئەو بڕیارە بدەن. لەبەرئەوەی بازاڕی ڕاپی کوردی گەرم بوو نەک هی تورکی.

بەبـڕوای خەتەر لـە 2006 بۆ 2007 (واتە دوای بڵاوبوونـەوەی یەکـەم میوزیـک ڤیدیـۆی خەتەر) "هەموویـان بوونە کورد". هۆیەکەشـی ئەوەبوو کە "ڕاپەرەکان دەیانگوت بازاڕی ڕاپی تورکی باش نییە و بەرهەمەکانـی خەتەریش باش دەڕوات، کەواتە با جارێ کورد بین. ئێسـتاش هاوار دەکەن بژی، بژی کوردستان، بەبێ ئەوەی ماناکەی بزانن".

دوای ڕووخانـی سـەددام، هەروەهـا دوای کەمبوونـەوەی چەوسـانەوەی کـورد لـە تورکیـا، کوردی ئەڵمانیا ئاسـانتر باسی شوناسی نەتەوەیی خۆیـان دەکەن. ئەمەش لە پیشەسـازیی میوزیکدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

ئـاراز بادینـی، تەمـەن 27 سـاڵ، ئامـاژە بـە گۆڕانی ڕەوشـەکە دەکات و بەگەشبینییەوە دەڵێت "هەرچەنـدە هەمیشـە دەمگـوت کـوردم، بـەڵام دیسـانیش دەبووایە پاشگری عێراقی پێوەبنێم. بەر لە دروستبوونی هەرێمی کوردستان هیچ قەوارەیەکی فەرمـی بەنـاوی کوردسـتان لەئارادا نەبـوو. بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئێسـتاماندا باشووری کوردستان زۆر لە عێراق ناسـراوترە. ئەمە لـە هونەرمەندانی ڕاپی وەکـوو هافتبێفهێڵ، کوردۆ، خەتـەر، چاپۆ و زۆری دیکەدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەوان بە شـانازییەوە باسی ڕەچەڵەکی خۆیان دەکەن. پێشتر ئەمە کەس بیریشی لێینەدەکردەوە. بەتایبەتیش کوردی باکوور."

تیم زیمەرمان، قوتابییەکـی ئەڵمانییە لە بواری مۆسیقادا، جەخت لەسەر ڕۆڵی کورد لە پیشەسازیی میوزیکی ڕاپی ئەڵمانیا دەکاتەوە. ئەو پێیوایە بەبێ هونەرمەندانی کورد نەدەکرا باسی ئەو پیشەسازییە لە ئەڵمانیا بکرێت. زیمەرمان بەمجۆرە باسـی ئازاد دەکات "ئازاد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دیار نەبوو. بەڵام دوایین ئەلبوومی بەنێوی (leben 2) واتە ژیان 2، کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ دەرچووە، جارێکی دیکـە چووەوە ڕیزی سـەرەوەی میوزیکی ئەڵمانیا. هەروەها میوزیککارانی وەک هافتبێفتهێڵ یان خەتەر، بەشـێکی دانەبڕاون لە مۆسـیقای هیپ هۆپی ئەڵمانیا، هەردووکیشـیان بەردەوام لە پلەی سەرەوەی ڕیزبەندی میوزیکی ئەڵمانیادان".

گۆرانیبێژ ئەحمەد خەلیل بۆ (ڕووداو):

# جارێکی دیکە خۆشەویستی ناکەمەوە

گۆرانیبێژی شـاری سـلێمانی ئەحمـەد خەلیـل دەڵێت بە هـەزاران کچ پەیوەندیی پێوەدەکەن بۆ خۆشەویستی و هاوسەرگیری، بەڵام بڕیاری داوە جارێکی دیکە نە خۆشەویسـتی بکات و نە هاوسـەرگیری بکاتەوە. دانیش بەوەدا دەنێت کە تا دەمرێت عاشقە.

ئەحمەد خەلیل سـاڵی 1984 لە گەڕەکی کانێسـکانی شاری سلێمانی لەدایک بووە، بەڵام تەمەنی منداڵی و گەورەبوونی لە گەڕەکی سـەرچنار بەسەربردووە. سـاڵی 2012 دەسـتی بە گۆرانیگوتن بە شێوەی تراک کردووە و ئێسـتا یەکێکە لە گۆرانیبێژە خاوەن جەماوەرەکانی سلێمانی. ئەحمەد لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشـکرای دەکات کە بەنیازە ئەم مانگە یەکەم ئەلبوومی خۆی بڵاوبکاتەوە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: لـە گەڕەکـی کانێسـکان لەدایـک بوویت و لە سـەرچنار گەورە بوویت. دەڵێن منداڵانی کانێسـکان و سەرچنار جیاواز بوون، ئەوەی یەکەمیان زۆر بزێون و دووەمیان فەقیرن، تۆ کامیان بوویت؟**

**ئەحمـەد خەلیل:** (بەپێکەنینەوە) بە منداڵی زۆر هـار بووم. کاتێک چووینەتە ماڵان، دایکم دەیگوت: ئەحمەد نەڕۆیتە سەر دارەکانیان.

**ڕووداو: تا پۆلی چەندت خوێندووە؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** بەهـۆی خراپیـی بـاری ئابووریمانـەوە تـا قۆناغـی یەکـی ناوەندیـم خوێند.

**ڕووداو: زۆرتر چ ئیشێکت کردووە؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** هەموو ئیشـێکم کردووە، هـەر لە بۆیاخچیی پێڵاوەوە تاوەکو حەمباڵی. دەتوانم سـاتە خۆشەکانی ژیانم ببژێرم، بەڵام بۆ ناخۆشەکان ئەوەندەن زۆرن بیرم نایەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕازیم بە ژیانم.

**ڕووداو: چۆن دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

**ئەحمـەد خەلیل:** بۆخـۆم بەهرەیەکم هەبوو. لەساڵی 2000یشەوە بەردەوام گوێم لە گۆرانی گرتووە. سـاڵی 2012 یەکەمیـن بەرهەمم بە نـاوی (چاوەڕوانـی) تۆمارکرد. لە تێکسـتی ڕەزای ئەکبەری و موزیسیان ئەفشین شوکری. لەسـەر داوای ئـەوان گۆرانییەکـەم گـوت و کارێکـی زۆر بـاش بوو. ئەمسـاڵیش گۆرانیی (وەفا)م بڵاوکردەوە.

**ڕووداو: دەڵێـن گۆرانی چاوەڕوانی لای خۆت زۆر تایبەتە؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** ڕاسـتە، لەبەرئـەوەی بۆ خۆشەویسـتیی پێشتر گوتوومە. جگە لەوەش دوو جـار کلیپەکـەم بەدڵ نەبـوو و دووبارەم کردەوە، تا سێیەمم بەدڵ بوو.

**ڕووداو: لـە گۆرانی گوتنـدا زیاتر کاریگەریی کێت بەسەرەوە بوو؟**

**ئەحمەد خەلیل:** هونەرمەندانی خۆشەویسـت ناسـر ڕەزازی، پەیوەنـد جـاف، حەمەجەزا و ئەردەڵان بەکر.

**ڕووداو: بۆچی گۆرانییەکانت خاون؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** دەتوانـم بـە زۆربـەی سـتایلەکان گۆرانـی بڵێـم، بـەڵام خـۆم لـە ئەرەبێسکدا بە سەرکەوتووتر دەزانم.

**ڕووداو: دەڵێن بەشداریی شەوئاهەنگەکانیش دەکەیت؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** ڕاسـتە، لـە 2013ەوە بەشـداری دەکـەم. جـاری وا هەیـە هەمـوو شـەوێکی هەفتە لە شـەوئاهەنگم، ئەوەش بۆ لایەنـی دارایی و خەرجـی کارە هونەرییەکانم باشە.

**ڕووداو: زۆرجار ئەو گۆرانیبێژانەی بەشـداری شـەوئاهەنگەکان دەکـەن، وا لێیان دەڕوانرێت کە لە کەسـایەتییان دادەبەزێت، لەو بارەیەوە ڕات چییە؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** ڕەنگـە هەندێـک کـەس بەوشـێوەیە لێـی بڕوانـن، بەڵام ئەوە ڕاسـت نییـە. نایشـارمەوە بژێوی ژیانمی لەسـەرە. پاشـان چ کاتێک هەناسـەم پێنەمـا، ئەوکات واز لـە گۆرانیگوتـن و شـەوئاهەنگ دەهێنم، لەبەرئەوەی حەزم لە گۆرانی و شەوئاهەنگە.

**ڕووداو: ئەلبوومـە نوێیەکەت بەڕێوەیە، چیی تێدادەبێت؟**

**ئەحمەد خەلیـل:** ئەلبوومەکە ناوی (نەبەرد)ە. ئـەوەش لـە خۆشەویسـتیی هاوڕێیەکمە، کـە بەداخەوە بە ڕووداوێک گیانی لەدەسـتدا. ئەلبوومەکـە 10 گۆرانییە و لەسـەر سـتایلی ئەرەبێسـکە. لـە تورکیـاش کاری میوزیکـم بـۆ کـردووە. سـێ سـاڵە کاری بـۆ دەکەم و لـە کۆتایی ئەم مانگـەدا بڵاودەکرێتـەوە. بۆ تێکسـتەکان هاوڕێم بەڵێن سەنگاوی هاوکاریی کردووم، لەگەڵ هۆنراوەی خۆم و ئاوازەکانیش وەرگیـراون. بەنیازم چەنـد کلیپێکیش بکەم. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئەلبوومەکە بە دیاری دەبەخشـمە سـەنتەری ئارۆ بۆئـەوەی بڵاوی بکەنەوە.

**ڕووداو: بۆچی دەیکەیتە دیاری؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** لەبەرئـەوەی لەکاتـی بڵاوکردنـەوەی یەکـەم گۆرانیمدا بە باشـی پێشـوازییان لێکـردم. منیـش لـە وەفای ئەو پێشوازییەدا پێشکەشیان دەکەمەوە.

**ڕووداو: ئەلبوومەکە چەندی تێچووە؟**

**ئەحمەد خەلیل:** نزیکەی بیسـت هەزار دۆلار، بەڵام سپۆنسەری هەیە.

**ڕووداو: هاوسەرگیریت کردووە؟**

**ئەحمـەد خەلیل:** بەڵێ، بـەڵام وەکو زۆربەی خەڵکی دیکە جیابووینەوە.

**ڕووداو: بەنیـاز نیـت جارێکـی دیکـە خێزان دروست بکەیتەوە؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** لە هەموو تەمەنمدا دووجار خۆشەویسـتیم کـردووە. یەکێکیـان چووینـە ژیانـی هاوسـەرگیری و ئـەوەی دیکـەش لـە خۆشەویسـتیدا کۆتایـی هات، بـەڵام جارێکی دیکـە نایکەمـەوە بـە سـێ خۆشەویسـتی و بەنیازیش نیم ژن بهێنمەوە.

**ڕووداو: کـوڕان زۆرتر گوێگری گۆرانییەکانتن یان کچان؟**

**ئەحمـەد خەلیل:** لای من هیچ جیاوازییەکیان نییە.

**ڕووداو: کـچ هەیـە لـە فەیسـبووکەوە داوای خۆشەویستیت لێبکات؟**

**ئەحمـەد خەلیل:** بە هـەزاران هەن، تەنانەت داوای هاوسـەرگیریش دەکـەن، بەڵام خۆم بە کەسـێکی زۆر سـادە دەبینم. خۆشەویستیش بۆ من نابێت.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**ئەحمەد خەلیل:** لەبەرئەوەی دوو جار تێیدا سـەرکەوتوو نەبـووم و نایکەمەوە بە سـێ. هەموو خۆشەویسـتیم بـە هونەرەکەم داوە، بەڵام تا دەمرم عاشقم.

**ڕووداو: عاشقی کێیت؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** ناتوانم وردەکاری باس بکەم.

**ڕووداو: پێتخۆشە گۆرانـی بـۆ کـێ بڵێیت؟**

**ئەحمەد خەلیل:** بۆ باوک یان دایک.

**ڕووداو: ڕقت لە کێیە؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** لەو کەسـەی بـەردەوام قسـەیەک دووبـارە بکاتەوە، یاخود شـتێک بزانم وایە و ئەو کەسـە بڵێـت وانییە، بەڵام زۆر زووش دڵم چاک دەبێتەوە.

### دوو جار کردوومە و نایکەم بە سێ

**ڕووداو: پێتخۆشە لەگەڵ کێ دوێت بکەیت؟**

**ئەحمـەد خەلیـل:** بڕیـارە لەگـەڵ هونەرمەنـدی خۆشەویسـت پەیوەند جاف گۆرانییەک بڵێین.

**ڕووداو: ئـەی لەگەڵ گۆرانیبێژە کچەکان؟**

**ئەحمەد خەلیل:** سەرسـامم بـە دەنگـی لەیـلا فەریقی. پێمخۆشـە دوێتـی لەگـەڵ بکەم.

**ڕووداو: لـە کلیپـدا دەرناکەویت؟**

**ئەحمـەد خەلیل:** لـە نوانـدن نازانـم، بـەڵام لـە کلیپـدا جووڵـەم زۆرە و زۆرجار دەرهێنەریش لێم بێزار دەبێت.

**ڕووداو: دەڵێـن زۆر سەرسـامی بـە دەنگی خۆت. ئەمە ڕاستە؟**

**ئەحمەد خەلیل:** لە هەموو تەمەنمدا بەتەنیا گوێم لە خـۆم نەگرتـووە، بـەڵام کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکـم ڕێککەوتبێت گوێم لە خۆم گرتووە.

**ڕووداو: ئەی بۆچی زەنگی مۆبایلەکانت گۆرانیی خۆتن؟**

**ئەحمەد خەلیل:** ئاسیاسـیڵ و کۆڕەک خۆیـان دایاننـاون، نـەک خـۆم داینێم، بەڵام کە داشینێن، ناڵێم دایمەنێن.





+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333
DANIA CITY
better life style
daniacity
info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد




Gulanpark
T: +964 750 444 1414 T: +964 750 444 1515
Email: sales@gulanpark.net
www.gulanpark.net
Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER®
ERBIL
sbözelgroup
KOREK



## ژنێک بە چەقۆ پیاوێک دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی تەمەن 33 ساڵ لەلایەن ژنێکەوە بە چەقۆ کوژرا، دواتر ژنەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کاژێر 11.30ی خولەکی شەوی 2016/4/16 لە بوونی تەرمێک لە گەڕەکی ئازادی نوێی شاری هەولێر ئاگادار کراونەتەوە، دوای گەیشتنی پۆلیس و تیمەکانی بەڵگەی تاوان، دەرکەوتووە گەنجێک بەنێوی هێمن ئەحمەد کە تەمەنی 33 ساڵە و کاسبکارە بە چەقۆ کوژراوە، دوای چەند کاژێرێکیش ژنێک بەو تۆمەتە دەستگیرکرا، بەڵام لەبەرئەوەی ڕووداوەکە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەدایە تاوەکو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە.

# باوەژن و برایەکی خۆی سووتاند و سێ جاریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو کچەی لە شاری هەولێر ئاگری بەردایە ماڵی خۆیان، لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتی، باوکی گوشاری لەسەر دروستکردووە کە دەبێت ئەمساڵ لە کۆلێژی پزیشکی وەربگیرێ و باوەژنیشی مامەڵەی لەگەڵی خراپ بووە. بەڵام باوکی ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ڕێنماییم کردووە بۆ ئەوەی بخوێنێ و لە کۆلێژی پزیشکی یان ئەندازیاری وەربگیرێ".

کاژێر 3.30 خولەکی شەوی 2016/4/11 کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەنێوی (ڤ.ع) کە قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، ئاگری بەردایە ماڵی خۆیان، بەو هۆیەشەوە باوەژنی و زڕبرایەکی تەمەنی سێ ساڵی سووتان و مردن. هەروەها باوک و برایەکی بریندار بوون و خوشکێکیشی کە خۆی هەڵداوەتە خوارەوە، حەوزی شکاوە.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کچەکە دوای خۆئامادەکردنی بۆ ئەو کارە، جلەکانی خستووەتە جانتاکەی و جلیکانێک نەوتی لە نهۆمی سێیەمی ماڵەکەیان تاوەکو هۆڵی خوارەوەیان ڕشتووە و ئاگری بەرداوەتە ماڵەکەیان. بەهۆی کامێرای چاودێرییەوە دەرکەوت کە ئەوکاتەی لە ماڵەوە دەرچووە، دووکەڵ لە ماڵەکەوە هاتووەتە دەرەوە.

نەقیب هۆگر گوتی "ئەو کچە دوای هەڵاتنی ، چووەتە بازاڕ و دواتر چووەتە ناحیەی عەنکاوە و پاشان بە مۆبایلی پۆلیسێک پەیوەندی بە پوورییەوە کردووە و لەو ڕێگەیەوە خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە".

بەپێی قسەی نەقیب هۆگر، ئەو کچە تەمەنی یەک ساڵ بووە کە دایکی هەر بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە مردووە، دواتر باوکی ژنی دووەمی هێناوەتەوە.

سەبارەت بە هۆکاری ئەو ڕووداوە، نەقیب هۆگر گوتی "کچەکە لە لێکۆڵینەوەدا گوتی باوکی گوشارێکی زۆری لەسەر دروستکردووە بۆ ئەوەی لە کۆلێژی پزیشکی وەربگیرێ، ئەگینا ناهێڵێت بڕواتە کۆلێژی ئەهلی و بە زۆریش بە شووی دەدات. بەهۆی ئەوەش کچەکە تووشی بارێکی دەروونیی ئاڵۆز بووە. هەروەها گوتی باوەژنەکەشی مامەڵەی لەگەڵیدا زۆر خراپ بووە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر کە سەردانی قوتابخانەی کچەکەشی کردووە، گوتی "لە قوتابخانەکەی توێژەری کۆمەڵایەتیم بینی و ئەویش گوتی کە باوک و باوەژنەکەی لەگەڵ ئەو کچە خراپ بوون، زۆرجار باوەژنەکەی هانی باوکی داوە بۆ ئەوەی لەگەڵی توند بێت، سەرباری ئەوەش کچەکە هەموو ساڵێک یەکەم بووە. کچەکە ڕەفتاری زۆر باش بوو، بەڵام ئەمساڵ باری دەروونی خراپ بوو".

نەقیب هۆگر گوتی لە کاتی قسەکردندا لە کچەکەی پرسیوە کە لە کاتێکدا ئەو لە چوار و پێنجی زانستیدا یەکەم بووە، بۆچی ئەمساڵ ئاستی زانستی دابەزیوە، کچەکە گوتبووی "پێشتر زۆرم دەخوێند، بەڵام ئەمساڵ زڕخوشکێکم لە خوێندندا ململانێی دەکردم و کاتێک دەمویست بخوێنم، زڕدایکەکەم نەیدەهێشت و کاری ماڵەوەی پێدەکردم".

مامۆستایەکی (ڤ) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کچە دوو ساڵە لە قوتابخانەکەی ئەوانە و پێشتر قوتابییەکی زۆر زیرەک بووە، بەڵام ئەمساڵ لە کۆرسی یەکەمدا لە سێ وانەدا کەوتبوو، باوک و باوەژنەکەی هاتن تا بزانن بۆچی ئەمساڵ ئاستی خراپە، باوکی گوتی دەبێت کۆلێژی پزیشکی بەدەست بهێنێ و مامۆستاشی بۆ ناگرم".

ئەو مامۆستایە گوتیشی "کچەکە لە قۆناغەکانی چوار و پێنجدا هیچی نەگوت، بەڵام دوای سەردانی باوک و باوەژنەکەی، پێیگوتین لە ماڵەوە باوکی گوشاری لەسەر دەکات و باوەژنەکەشی ناهێڵێت بخوێنێ، ئێمەش بۆمان دەرکەوت بەهۆی مامەڵەی خراپی ئەوانەوە کچەکە ئاستی دابەزیوە".

باوکی ئەو کچە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "کچەکەم لە پۆلی چوار و پێنج زۆر زیرەک بوو، لەبەرئەوەی خۆم مامۆستای زانکۆم، ڕێنماییم دەکرد بۆ ئەوەی نمرەی بەرز بهێنێ تا لە کۆلێژی پزیشکی یاخود ئەندازیاری وەربگیرێت، بەڵام گوشارم لەسەر نەکردووە و تەنیا پێمگوتووە بیر لە زانکۆی ئەهلی مەکەوە، چونکە خوشکێکی دیکەشی لە زانکۆی ئەهلییە و ناتوانم خەرجی هەردووکیان بکەم".

### کچەکە: لەبەر گوشاری باوکم و مامەڵەی خراپی باوەژنەکەم ئاگرم بەردایە ماڵەکەمان

### باوکی کچە: داوا دەکەم لە سێدارە بدرێ

سەبارەت بەوەی دەگوترێ باوەژنەکەی مامەڵەی لەگەڵی خراپ بووە، باوکی (ڤ) گوتی "ئەوە درۆیە و بیانوو بۆ قسەکانی دێنێتەوە، تەنانەت بۆ کڕینی پێداویستی دەیبردە دەرەوە".

باوکی ئەو کچە گوتی کە کچەکەی نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر لەڕێگەی فەیسبووکەوە کوڕێکی عەرەبی لە شاری بەغدا ناسیوە "ساڵی ڕابردوو پارەی لە ماڵەوە بردبوو، ویستبووی بڕوات بۆ لای ئەو کوڕە، چونکە کوڕەکە پێیگوتبوو چی پارەت هەیە بیهێنە و دەڕۆینە دەرەوە، بەڵام کچەکەم لە گەراجی کەرکووک دەستگیرکرا و پاشان لەلایەن ئاسایشەوە بردرایە ڕێکخراوێکی ژنان و ئەوانیش دوای هەفتەیەک پەیوەندییان پێوەکردم و وەرمگرتەوە".

گوتیشی "دوای ئەو ڕووداوە ئەوەندەی ئاگاداربم پەیوەندییان نەماوە، ڕەنگە کچەکەم بەشێوەی تاکلایەنە بیری لای مابێت و بەهۆی کاریگەریی ئەوەوە ئاگری لە ماڵەکەمان بەردابێت".

نەقیب هۆگر لە زاری کچەکەوە گێڕایەوە کە ئەو کچە پێشتریش هەر بەهۆی "مامەڵەی خراپ"ی باوک و باوەژنەکەیەوە چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە، جارێک 12 حەبی شەقیقەی خواردووە، جارێکی دیکەش دەستی خۆی بڕیوە، بەڵام زوو گەیەنراوەتە نەخۆشخانە، جارێکی دیکەش هەوڵی خۆسووتاندنی داوە، بەڵام نەیوێراوە، دوو جاریش لە هەولێر و کەرکووک لەلایەن پوورێکییەوە بردراوە بۆ لای پزیشکی دەروونی.

باوکی ئەو قسەیەی پشتڕاستکردەوە کە هەوڵی خۆکوشتنی داوە و گوتی "ڕاستە"، بەڵام پێیوایە ئەوەش لەبەر ئەو کوڕە بوو، نەک خراپیی مامەڵەی ئێمە، چونکە چی ویستووە بۆم کردووە".

باوکی کچەکە باسی چەند کاژێرێک پێش ڕووداوەکەی کرد و گوتی "شەوی 10ی ئەم مانگە بە میوانی لە ناحیەی دارەتوو بووین، دوای هاتنەوەشمان هیچ پێوەی دیار نەبوو کە نیازی کارێکی وەهای هەبێت".

ئێستا ئەو کچە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بەند کراوە و ماددەکەش تایبەتە بە تاوانی کوشتن، سەبارەت بەوەی کچەکە سکاڵای لەدژی باوکی نەبووە، نەقیب هۆگر گوتی "تائێستا کچەکە خۆی تۆمەتبارە و تا ئەو دۆسیەیە تەواو نەبێت، ناتوانێت سکاڵا تۆمار بکات".

وەکو نەقیب هۆگر گوتی، ئێستا لە قۆناغی سەرەتای لێکۆڵینەوەدان و دوای تەواوبوونی پرسەی ئەو خێزانە، گوتەی کچەکە و کەسوکاری و ڕاپۆرتی پزیشکی سەبارەت بە باری دەروونیی کچەکە و گوتەی مامۆستایانی وەردەگرن و دواتر دادوەر بڕیاری خۆی دەدات.

دەربارەی هەڵوێستی ئێستاشیان لەبارەی کچەکەیەوە، باوکی گوتی "لێی خۆشنابم، بە دادوەریشم گوتووە ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بووەوە، ئەوا داوای لە سێدارەدانی دەکەم، چونکە تاوانبارە و جارێکی دیکە چاک نابێتەوە".

موقەدەم ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا ئەو کچە تۆمەتبارە بە سووتاندنی ماڵەکەیان و کوشتن و بریندارکردنی چەند کەسێکی خێزانەکەی، ئێمە ناتوانین هیچ بەرگرییەکی لێبکەین، بەڵام ئەگەر بە خستنەڕووی بەڵگە، قسەکانی ڕاست دەرچوون ئەوا ڕەنگە سزاکەی کەمتر ببێتەوە".

زۆر لەوانەی توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ، پەنا دەبەنە بەر بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بەڵام موقەددەم ژیلەمۆ گوتی سەردانی ئەوانی نەکردووە، ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر کرابێ دەبووایە سەردانی ئەوان بکات نەک پەنا بۆ سووتاندنی ماڵەکەیان ببات.



# نەخۆشییەکی ژنانە کردی بە تریاککێش



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

وەکوو زۆربەی ئەوانەی کە پاساو بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەهێننەوە، ئەویش دەیگوت لەسەر داوای پزیشک و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی تەنیا بڕێکی کەم تریاکی کێشاوە، بەڵام دواتر لەلایەن ئاسایشەوە بە تاوانی کێشانی تریاک دەستگیرکراوە و ئێستا لە زیندان چاوەڕێی تەواوبوونی ماوەی سزاکەی دەکات.

(ئە،م) ژنێکی تەمەن 40 ساڵە، لە یەکێک لە شارەکانی ئێران لەدایک بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستانە. (ئە) لە تەمەنی 15 ساڵیدا هەر لە ئێران شوو بە کوردێکی هەرێمی کوردستان دەکات و چوار منداڵیان هەیە، ئەو ژنە دەڵێت لە ئێران بەهۆی نەخۆشییەوە تریاکی کێشاوە.

ئەو ئێستا یەکێکە لەو ژنانەی بە تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە زیندانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانیدایە و تەنیا مانگێک لە حوکمەکەی ماوە و چاوەڕێیە بە دیداری منداڵەکانی شاد ببێتەوە.

(ئە) بەردەوام لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا هاتوچۆی کردووە، ماوەیەک لە ئێران ژیاوە و ماوەیەکیش لە هەرێمی کوردستان، بەڵام دوو ساڵ لەمەوبەر بڕیاریان دا بە یەکجاری بگەڕێنەوە کوردستان.

ئەو ژنە دەڵێت نەخۆشییەکی تایبەت بە ژنانی هەبووە و لە ئێران چەند جارێک چووەتە لای پزیشک بۆ ئەوەی نەشتەرگەریی بۆ بکەن، بەڵام پێیانگوتووە سەرکەوتوو نابێت، پاش نیشتەجێبوونیشیان لە باشوور چووەتە لای پزیشک و پێیانگوتووە ناتوانن نەشتەرگەری بۆ بکەن تا دواجار ناونیشانی پزیشکێکیان لە شاری شەهرودی ئێران پێگوتووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی.

(ئە) گوتی "باوکیشم چەندین ساڵە نەخۆشیی دڵی هەیە، دوو براشم هەیە، بەڵام نایانەوێت زۆر هاوکاریی بکەن، من لە نەورۆزی ساڵی ڕابردوو بەمەبەستی نەشتەرگەری چووم بۆ ئێران، کاتێک چوومە ئەوێ باوکیشم بەمەبەستی نەشتەرگەری دڵ ڕەوانەی نەخۆشخانە کرایەوە، ئیدی کەس نەبوو بەلایەوە بێت و منیش بە ناچاری بەلایەوە دانیشتم".

وەکو ئەو ژنە باسیکرد، بەهۆی ئازاری زۆری نەخۆشییەکەیەوە نەیتوانیوە حەبی ئازارشکێن بخوات و گوتی "لەوێ کە زانییان ئازارم زۆرە، بە ڕێنمایی پزیشک، حەوت دەنک تریاکم لە نەخۆشخانە وەرگرت بۆ شکاندنی ئازارەکەم بۆ ئەوەی بتوانم لای باوکم بم، دەشمزانی تریاکە و خراپیشە، بەڵام نەمدەتوانی حەبی ئازارشکێن بخۆم لەبەرئەوەی بۆ خۆم زیانی هەبوو، تەنیا لەبەر باوکیشم تریاکم کێشا و نزیکەی 10 ڕۆژ بەدیار باوکمەوە مامەوە".

هەرچەندە ئەو ژنە بۆ نەشتەرگەری خۆی ڕۆیشتووە بۆ ئێران، بەڵام نەشتەرگەرییەکەی نەکردووە و گوتی "کاتێک چوومە ئەوێ گوتیان پزیشکەکە لە شەهرود نەماوە، بۆیە ئەو چانسەشم نەما".

مێردی ئەو ژنە پێشمەرگە بووە و بە گوتەی ئەو ژنە، نزیکەی سێ چوار ساڵە تریاک دەکێشێ، بۆیە پاش گەڕانەوەی (ئە) لە ئێران و لە 2015/8/11 لەلایەن ئاسایشەوە خۆی و مێردەکەشی لە ماڵی خۆیان دەستگیردەکرێن و دواتر سزای نۆ مانگ بەندکردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت، لە مانگی یەکی ئەمساڵیشەوە لە چاکسازین و بڕیارە مانگی داهاتوو ئازاد بکرێن.

ئەو دەڵێت "دوای دەستگیرکردنمان و پشکنینی خوێنەکەم دەرکەوت خوێنەکەم پیسە و ئاشکرا بووین"، سەبارەت بەوەی چۆن باوەڕی پێبکرێت کە یەکەمجارە تریاکی کێشاوە، ئەو ژنە گوتی "خۆم لە ئێران ئەو کەسانەم بینیوە کە ئەو ماددەیەیان کێشاوە و دەزانم حاڵیان چۆنە و دەمزانی چەند خراپە، ئیدی چۆن خۆم دووبارەی دەکەمەوە، تەنانەت هەموو کاتێک بە مێردەکەم دەگوت وازی لێ بێنە".

ئەو ژنە سەرباری خەمخواردن لە دەستگیرکردنی خۆی و مێردەکەی، خەمی منداڵەکانیشی ئەوەندەی دیکە ژیانی لە کونجی زیندان ناخۆشتر کردووە. ئەو دەڵێت "لە خانووی کرێدا بووین، بەڵام دوای دەستگیرکردنمان، خاوەن خانووەکە منداڵەکانمی دەرکردووە و ئێستا خانووی دیکەیان گرتووە و ناشزانم حاڵیان چۆنە، ماڵی خەزووریشم هیچ سەردانیان ناکەن و پێیانگوتوون کە ئێمە حەیامان بردوون".

هەرچەندە مانگێکیان ماوە بۆ ئازادبوونی خۆی و مێردەکەی، بەڵام (ئە) لە ئەگەری بەردەوامبوونی مێردەکەی لەسەر ماددەی هۆشبەر هەڕەشەی جیابوونەوە دەکات و گوتی "لەئێستاوە بە مێردەکەم گوتووە لە دوای ئازادبوونمان ئەگەر کێشایەوە داوای تەڵاقی لێدەکەم، چونکە ئەگەر ئەویش نەیکێشایە ئەوە سزا نەدەدرا و لای منداڵەکان دەبوو".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمـاره (404) دووشــه‌ممه 2016/4/18



## ته‌رمی منداڵێک له‌ چیای سه‌فین ده‌دۆزرێته‌وه

**ڕووداو- هه‌ولێر**

منداڵێكی ته‌مه‌ن حه‌وت ساڵ به‌نێوی ئه‌حمه‌د نزار دوای 11 ڕۆژ له‌ ونبوونی، ته‌رمه‌كه‌ی له‌ چیای سه‌فین دۆزراوه‌ته‌وه. عه‌مید به‌ختیار عه‌زیز، به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیسی شارۆچكه‌ی شه‌قڵاوه‌ به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند، ڕۆژی 2016/4/9 خێزانێكی سنووری شارۆچكه‌كه‌یان كه‌ماڵیان به‌رامبه‌ر چیای سه‌فینه‌ به‌مه‌به‌ستی هێنانی گژ و گیای به‌هاره‌ ڕوویانكردووه‌ته‌ چیاكه‌ له‌وێ منداڵه‌كه‌یان ون ببوو، دوای هه‌وڵ و گه‌ڕانێكی زۆر توانرا شه‌وی 2016/4/16 ته‌رمی منداڵه‌كه‌ له‌ چیای سه‌فین بدۆزرێته‌وه‌، هۆكاری گیانله‌ده‌ستدانه‌كه‌شی ئه‌وه‌ بووه‌ دوای دابڕانی له‌ كه‌سوكاره‌كه‌ی له‌ شاخ كه‌وتووه‌ته‌ خواره‌وه‌ و مردووه‌.

### هاوڕێکەی لەسەر ئۆتۆمبێل کوشتی

# فه‌رهاد به‌ چه‌كوش و چه‌قۆ كوژرا

**پشتیوان جه‌مال**
**ڕووداو- هه‌ولێر**

فه‌رهاد ویستی له‌گه‌ڵ هاوڕێكه‌ی له‌ ناوچه‌ی قه‌ندیل كاتێكی خۆش به‌سه‌رببه‌ن، دواتریش وه‌كو ڕۆژانی ئاسایی بڕواته‌وه‌ نێو خێزانه‌كه‌ی، به‌ڵام نه‌یزانی هاوڕێكه‌ی ته‌ڵه‌ی بۆ داناوه‌ و چاوی بڕیوه‌ته‌ ئۆتۆمبێله‌كه‌ی. ئه‌وه‌ی فه‌رهادی به‌ چه‌قۆ و چه‌كوش كوشت، هاوڕێ گیانی به‌ گیانییه‌كه‌ی بوو.

ڕۆژی 2016/4/4 فه‌رهاد مامك، ته‌مه‌ن 43 ساڵ كه‌ دانیشتووی شارۆچكه‌ی شه‌قڵاوه‌ی سه‌ر به‌ شاری هه‌ولێره‌، به‌مه‌به‌ستی به‌سه‌ربردنی كاتێكی خۆش، له‌گه‌ڵ هاوڕێیه‌كی به‌نێوی (د.ڕ) ده‌چنه‌ قه‌ندیل، به‌ڵام له‌وێ له‌لایه‌ن هاوڕێكه‌ی ده‌كوژرێ. (د.ڕ) ته‌مه‌نی 23 ساڵه‌ و دانیشتووی ناحیه‌ی هه‌ریره‌. چوار ڕۆژ دوای ڕووداوه‌كه‌، له‌لایه‌ن هێزه‌كانی پۆلیسه‌وه‌ قۆڵبه‌ست كرا.

نه‌قیب هۆگر عه‌زیز، گوته‌بێژی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی پۆلیسی پارێزگای هه‌ولێر، به‌ (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند "بكوژ و كوژراو هاوڕێی یه‌كدی بوون. ئه‌و ڕۆژه‌ چوونه‌ چیای قه‌ندیل بۆ به‌سه‌ربردنی كاتێكی خۆش، به‌ڵام فه‌رهاد له‌لایه‌ن (د.ڕ)ی هاوڕێیه‌وه‌ كوژراوه‌ و دواتریش به‌هۆی مۆبایلی كوژراوه‌كه‌وه‌، تۆمه‌تبار له‌ ماڵی خۆی له‌ ناحیه‌ی هه‌ریر ده‌ستگیركراوه‌".

نه‌قیب هۆگر عه‌زیز گوتی "تۆمه‌تبار له‌كاتی لێكۆڵینه‌وه‌دا دانی به‌وه‌دا ناوه‌ كه‌ ده‌مێك بوو چاوی بڕیبووه‌ ئۆتۆمبێلی هاوڕێكه‌ی. بۆیه‌ به‌ چه‌كوش و چه‌قۆ كوشتوویه‌تی. كوژراوه‌كه‌ش له‌به‌رئه‌وه‌ی خاوه‌ن پێداویستیی تایبه‌ت بووه‌، نه‌یتوانیوه‌ به‌رگری له‌خۆی بكات".

گوته‌بێژه‌كه‌ی پۆلیسی هه‌ولێر وه‌ك ئه‌نجامی به‌رایی لێكۆڵینه‌وه‌كان ئاشكرایكرد كه‌ "بكوژ پێشتر پلانی بۆ ئه‌و كاره‌ داڕشتووه‌".

به‌پێی ئه‌و زانیارییانه‌ی (ڕووداو) له‌ خه‌ڵكی شه‌قڵاوه‌ ده‌ستیكه‌وتووه‌، مه‌به‌ستی بكوژ له‌و كاره‌ فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی كوژراو بووه‌ بۆئه‌وه‌ی به‌ پاره‌كه‌ی بچێته‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات. سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌ شارۆچكه‌ی شه‌قڵاوه‌ گوتی "باسده‌كه‌ن كه‌ بكوژه‌كه‌ ڤیزای توركیاشی وه‌رگرتبوو، بۆئه‌وه‌ی دوای ڕووداوه‌كه‌ ئۆتۆمبێله‌كه‌ی بفرۆشێ و سه‌فه‌ر بكات". به‌ڵام نه‌قیب هۆگر ئه‌و قسه‌یه‌ی ڕه‌تكرده‌وه‌ و گوتی "ئه‌و زانیارییانه‌ ڕاست نین، به‌ڵكو ته‌نیا مه‌به‌ستی به‌ده‌ستهێنانی ئۆتۆمبێله‌كه‌ بووه‌". هه‌ر به‌پێی زانیارییه‌كانی ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌، جه‌سته‌ی كوژراوه‌كه‌ پارچه‌ پارچه‌ش كراوه‌. نه‌قیب هۆگر گوتی "جه‌سته‌ی به‌ چه‌قۆ شێوێندرابوو".

فه‌رهاد له‌به‌رئه‌وه‌ی خاوه‌ن پێداویستیی تایبه‌ت بووه‌ جگه‌ له‌و مووچه‌یه‌ی كه‌ مانگانه‌ وه‌ریگرتووه‌ هیچ كارێكی دیكه‌ی نه‌بووه‌، هه‌رچه‌نده‌ تۆمه‌تباره‌كه‌ ئاماژه‌ی به‌وه‌كردووه‌ كه‌ له‌به‌ر ئۆتۆمبێلی كوژراوه‌كه‌ ئه‌و كاره‌ی كردووه‌، به‌ڵام كه‌سێكی نزیك له‌ فه‌رهاد بێئاگایی خۆیانی له‌ ڕووداوه‌كه‌ ڕاگه‌یاند و به‌ (ڕووداو)ی گوت "ئه‌و ڕۆژه‌ فه‌رهاد وه‌كو ڕۆژانی ئاسایی چووه‌ته‌ ده‌ره‌وه‌، به‌ڵام نازانین بۆ كوێ ڕۆیشتووه‌. تاوه‌كو كاژێر شه‌شی ئێواره‌ش مۆبایله‌كه‌ی كرابووه‌وه‌، قسه‌مان له‌گه‌ڵ كرد گوتویه‌تی له‌ ده‌ره‌وه‌م، به‌ڵام نه‌یگوتبوو له‌گه‌ڵ ئه‌و هاوڕێیه‌مم، دواتریش مۆبایله‌كه‌ی داخرابوو".

دوای ئه‌وه‌ی فه‌رهاد مۆبایله‌كه‌ی داده‌خرێت و ناگه‌ڕێته‌وه‌، خێزانه‌كه‌ی ته‌نگاو ده‌بن و هه‌ر ئه‌و شه‌وه‌ ده‌كه‌ونه‌ سۆراخكردنی. سه‌ر له‌به‌یانی ڕۆژی 2016/4/5 پۆلیسی شه‌قڵاوه‌ خێزانی فه‌رهاد له‌ دۆزینه‌وه‌ی ته‌رمه‌كه‌ ئاگادار ده‌كه‌نه‌وه‌. كه‌سه‌ نزیكه‌كه‌ی فه‌رهاد گوتی "ڕووداوه‌كه‌ به‌لای ئێمه‌وه‌ زۆر چاوه‌ڕواننه‌كراو بوو، چونكه‌ نه‌مانزانیوه‌ فه‌رهاد هیچ كێشه‌یه‌كی هه‌بووبێ".

سه‌باره‌ت به‌ گوته‌ی تۆمه‌تباره‌كه‌ كه‌ گوتویه‌تی بۆ ئۆتۆمبێله‌كه‌ فه‌رهادی كوشتبێ، ئه‌و كه‌سه‌ نزیكه‌ی فه‌رهاد گوتی "ئاگاداری قسه‌ی تۆمه‌تباره‌كه‌ نین و ناشزانین له‌سه‌ر چی بووه‌، ته‌نانه‌ت پێشتریش تۆمه‌تباره‌كه‌مان نه‌بینیوه‌ و نه‌شمان ناسیوه‌".

به‌ گوته‌ی ئه‌و كه‌سه‌، دوای ڕووداوه‌كه‌ خێزانی بكوژه‌كه‌ په‌یوه‌ندییان پێوه‌كردوون بۆ ئه‌وه‌ی سه‌ردانیان بكه‌ن و گوتی "ویستیان بێنه‌ پرسه‌كه‌وه‌، به‌ڵام گوتمان جارێ بوه‌ستن، ئێمه‌ش سكاڵامان تۆمار كردووه‌ و چاوه‌ڕێی یاساین".



### لەم ماوەیەدا ئەوە دووەم حاڵەتە

# پیاوێک لە حاجیاوا خۆی دەسووتێنێ

## برای پیاوەکە: هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنیا نەخۆشیی قۆڵۆنی هەبوو

**عومه‌ر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپه‌ڕین**

ئه‌بوبه‌كر له‌ نه‌خۆشخانه‌ پلانی بۆ دوای چاكبوونه‌وه‌ی داده‌نا، به‌ڵام ئه‌و بۆسه‌یه‌كی بۆ مه‌رگی خۆی دانابووه‌وه‌ كه‌ ئه‌سته‌م بوو لێی ڕزگاربێ. ڕۆژی 2016/3/30 پیاوێكی ته‌مه‌ن 39 ساڵ، به‌ نێوی ئه‌بوبه‌كر ئیسماعیل ئه‌حمه‌د، دانیشتووی گه‌ڕه‌كی شه‌هیدان له‌ ناحیه‌ی حاجیاوا، ئاگری له‌ جه‌سته‌ی خۆی به‌ردا.

ئه‌بوبه‌كر 16 ساڵ له‌مه‌وبه‌ر هاوسه‌رگیریی كردووه‌ و باوكی ته‌نیا یه‌ك كچ بوو. ئه‌و پۆلیس بوو له‌ هێزه‌كانی ئاماده‌. كه‌سوكاری ئه‌بوبه‌كر ده‌ڵێن هیچ كێشه‌یه‌كی ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تیی نه‌بووه‌، بۆیه‌ نازانن بۆچی خۆی سووتاندووه‌.

ڕه‌سوڵ ئیسماعیل براگه‌وره‌ی ئه‌بوبه‌كر زوو زوو هه‌ڵده‌ستایه‌وه‌ بۆ به‌خێرهێنانی ئه‌و میوانانه‌ی بۆ سه‌ره‌خۆشی ده‌هاتن. ئه‌و له‌نزیكه‌وه‌ ئاگاداری ژیانی براكه‌ی بووه‌ و هیچ هۆكارێك شك نابات بۆ خۆسووتاندنی. ڕه‌سوڵ گوتی "شه‌وی پێش ڕووداوه‌كه‌، ئه‌بوبه‌كر له‌ ماڵی ئێمه‌ بوو. باسی هیچی نه‌كرد. به‌ ڕووخساریشییه‌وه‌ دیار نه‌بوو كێشه‌یه‌كی هه‌بێ. ئه‌و ڕۆژه‌ بۆ نانی نیوه‌ڕۆ بانگیانكردبوو نان بخوات، به‌ڵام ئه‌و به‌ خێزانه‌كه‌ی گوتبوو: نانی خۆتان بخۆن، من برسیم نییه‌".

به‌گوته‌ی براكه‌ی، له‌وكاته‌دا ئه‌بووبه‌كر چووه‌ته‌ ژووری نووستن و ده‌به‌یه‌ك نه‌وتی به‌خۆیدا كردووه‌ و ئاگری له‌ جه‌سته‌ی خۆی به‌رداوه‌. ڕه‌سوڵ گوتی "براكه‌م هیچ كێشه‌ی مادی و كۆمه‌ڵایه‌تیی نه‌بوو. ئه‌و پۆلیس بوو له‌ هێزی ئاماده‌، باری دارایی باش بوو، مووچه‌كه‌ی له‌ سه‌رووی ملیۆنێك دینار بوو".

هه‌روه‌ها كه‌سێكی نزیك له‌ خێزانی ئه‌بوبه‌كر ده‌ڵێت "ئه‌بووبه‌كر تووشی نه‌خۆشیی ده‌روونی ببوو. ژنه‌كه‌ی گوتی: 10 ڕۆژ پێش ئه‌و ڕووداوه‌، شه‌وان خه‌وی لێنه‌ده‌كه‌وت".

ڕه‌سوڵ به‌دووری نه‌زانی براكه‌ی تووشی نه‌خۆشیی ده‌روونی بووبێ و گوتی: "براكه‌م نه‌خۆشیی قۆڵۆنی هه‌بوو، به‌رده‌وام غازاتی هه‌بوو. به‌مه‌ش زۆر ناڕه‌حه‌ت بوو. نۆره‌مان بۆ گرتبوو بیبه‌ینه‌ لای دكتۆر. به‌ڵام مه‌رگ ڕێگه‌ی نه‌دا".

ئه‌بووبه‌كر ته‌نیا 30%ی جه‌سته‌ی سووتابوو، به‌ڵام برینی سووتانه‌كه‌ی نزیكه‌ی سێ ملیمه‌تر قووڵ بوو، ئه‌مه‌ش وایكرد گیان له‌ده‌ستبدات.

ڕه‌سوڵ له‌ نه‌خۆشخانه‌ له‌ براكه‌ی پرسیوه‌ بۆچی خۆی سووتاندووه‌: "ئه‌بووبه‌كر گوتی كارێكی شێتانه‌م كرد. زۆر په‌شیمانم. به‌س چاكببمه‌وه‌، ژیانێكی نوێ ده‌ستپێده‌كه‌مه‌وه‌. له‌ چاكه‌ و پیاوه‌تی به‌ملاوه‌ هیچی دیكه‌ ناكه‌م". ڕه‌سوڵ گوتیشی "ئه‌بوبه‌كر له‌ نه‌خۆشخانه‌ حه‌زیده‌كرد هه‌موو براكانی له‌لای بن و قسه‌ی خۆشی بۆ بكه‌ن".

ڕائید مسته‌فا محه‌مه‌د باپیر، گوته‌بێژی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی پۆلیسی ڕاپه‌ڕین، به‌ (ڕووداو)ی گوت: "كاژێر 12ی نیوه‌ڕۆ هێزه‌كانی پۆلیس له‌ ڕووداوی خۆسووتاندنی پیاوێك له‌ ناحیه‌ی حاجیاوا ئاگاداركرانه‌وه‌. ده‌ستبه‌جێ تیمه‌كانی پۆلیس گه‌یشتنه‌ شوێنی ڕووداوه‌كه‌، له‌گه‌ڵ به‌ڕێكردنی بریندراه‌كه‌ بۆ نه‌خۆشخانه‌ گوته‌ی كه‌سوكاری وه‌رگیرا، دواتریش گوته‌ی خۆی له‌ نه‌خۆشخانه‌ وه‌رگیرا و له‌ قسه‌كانیدا ده‌ڵێت زۆر بێزار بووه‌ له‌ ژیانی خۆی، بۆیه‌ خۆی سووتاندووه‌".

هه‌رچه‌نده‌ پیاوان زۆرتر ده‌ست بۆ چه‌ك ده‌به‌ن بۆ خۆكوشتن، ژنانیش ده‌ست بۆ ئاگر ده‌به‌ن بۆ خۆسووتاندن، به‌ڵام جاربه‌جاریش هه‌واڵی خۆسووتاندنی پیاوان بڵاوده‌بێته‌وه‌. له‌و ماوه‌یه‌دا ئه‌وه‌ دووه‌م حاڵه‌تی خۆسووتاندنی پیاوانه‌ له‌ ناحیه‌ی حاجیاوا تۆمار بكرێ. به‌ر له‌ ئه‌بووبه‌كر، كه‌سێكی دیكه‌ خۆی سووتاندووه‌. به‌پێی ئاماری یه‌كێتیی پیاوانی كوردستانیش، ساڵی ڕابردوو 11 پیاو خۆیان سووتاندووه‌. به‌ڵام خۆله‌نێوبردن له‌ سه‌رجه‌م ئایینه‌كاندا ڕه‌تكراوه‌ته‌وه‌. له‌ قورئانیشدا ڕێگری له‌و كاره‌ كراوه‌.

بورهان عه‌لی فه‌ره‌ج، سكرتێری یه‌كێتیی پیاوانی كوردستان پێیوایه‌ ئه‌و توندوتیژییه‌ی له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی كوردی به‌رامبه‌ر پیاوان هه‌یه‌، هیچی كه‌متر نییه‌ له‌وه‌ی به‌رامبه‌ر ژنان ده‌كرێ "ساڵانه‌ چه‌ندین پیاو به‌هۆی ئه‌و توندوتیژیانه‌ی له‌لایه‌ن ژنانه‌وه‌ به‌رامبه‌ریان ده‌كرێ، خۆیان ده‌سووتێنن".



**11 پیاو لەماوەی ساڵێکدا خۆیان سووتاندووە**

بەپێی ئەو ئامارەی لەلای یەکێتیی پیاوانی کوردستانە ساڵی ڕابردوو 67 پیاو بە هۆکاری جیاجیا خۆیان لە نێوبردووە، لەوانەش دوو پیاو خۆیان دەرمانخواردکردووە و 11 پیاویش خۆیان سووتاندووە. هەر بەپێی ئامارەکە ساڵی ڕابردوو حەوت پیاو کوژران کە دەستی ژنان لە تاوانی کوشتنەکەیاندا بووە.



موقه‌ده‌می مافپه‌روه‌ر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## ئەو پیاوەی پارەی بە ژنەکەی پەیدادەکرد

ژنه‌كه‌ به‌رده‌وام له‌به‌ر خاوه‌نكاره‌كه‌ی ده‌پاڕایه‌وه‌ بۆئه‌وه‌ی له‌ كاره‌كه‌ی ده‌رینه‌كات. چونكه‌ ده‌یزانی ئه‌گه‌ر ڕۆژێك به‌ ده‌ستی به‌تاڵ بگه‌ڕێته‌وه‌ ماڵه‌وه‌، مێرده‌كه‌ی چ به‌ڵایه‌كی به‌سه‌رده‌هێنێت. مێرده‌كه‌ی باكی به‌ هیچ نه‌بوو. داوای له‌ ژنه‌كه‌ی كردبوو به‌ هه‌ر جۆرێك بێ پاره‌ی بۆ په‌یدا بكات.

ئه‌و ژنه‌ ته‌مه‌نی 20 ساڵه‌. له‌ یه‌كێك له‌ كه‌مپه‌كانی شاری هه‌ولێر نیشته‌جێیه‌. خاوه‌نی منداڵێكی شیره‌خۆره‌یه‌. ڕۆژێكیان سه‌ردانیكردین و شه‌رحی حاڵی خۆی كرد، كه‌ چۆن مێرده‌كه‌ی ده‌یچه‌وسێنێته‌وه‌.

ژنه‌كه‌ گێڕایه‌وه‌ "سێ ساڵه‌ شووم به‌و پیاوه‌ كردووه‌. وه‌ك زۆربه‌ی خه‌ڵكی سووریا، به‌هۆی شه‌ڕوشۆڕه‌وه‌ زێدی خۆمان به‌جێهێشت و هاتینه‌ یه‌كێك له‌ كه‌مپه‌كانی هه‌رێمی كوردستان. باری داراییمان زۆر خراپه‌. مێرده‌كه‌م هیچ كارێك ناكات. ناچارم من كاربكه‌م، به‌ڵام سه‌رباری ئه‌وه‌ش غه‌درم لێده‌كات. به‌رده‌وام لێمده‌دات و ده‌ڵێت ده‌بێ بچی بۆ كار و پاره‌ په‌یدا بكه‌ی".

ئه‌و ژنه‌ ئاواره‌یه‌ درێژه‌ی به‌ گێڕانه‌وه‌كه‌یدا و گوتی "كاری پاككردنه‌وه‌م ده‌كرد. خاوه‌نكاره‌كه‌م چه‌ندینجار ویستی ده‌رمبكات، به‌ڵام لێی ده‌پاڕامه‌وه‌ ده‌رمنه‌كات. دواجار كه‌ ویستی ده‌رمبكات، ڕاستییه‌كه‌م دركاند و پێمگوت مێرده‌كه‌م هه‌ڵسوكه‌وتی زۆر خراپه‌ له‌گه‌ڵم. ئێستا ئه‌گه‌ر ده‌رمبكه‌ی، له‌ ماڵه‌وه‌ لێمده‌دات. مێرده‌كه‌م به‌رده‌وام پێمده‌ڵێ گرنگ نییه‌ چ كارێك ده‌كه‌ی و چۆن په‌یدایده‌كه‌ی، گرنگ ئه‌وه‌یه‌ پاره‌م بۆ په‌یدا بكه‌ی".

كاتێك خاوه‌نكاره‌كه‌ گوێی له‌ قسه‌ی ئه‌و ژنه‌ بووه‌، به‌زه‌یی پێدا هاتووه‌ته‌وه‌ و ئامۆژگاریی كردووه‌ سه‌ردانی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژیی دژی ژنان بكات و سكاڵا له‌سه‌ر مێرده‌كه‌ی تۆمار بكات.

دۆسیه‌ی ئه‌و ژنه‌ ڕه‌وانه‌ی به‌رده‌م دادوه‌ری لێكۆڵینه‌وه‌ كرا. دادوه‌ر داوای شایه‌تیی له‌ ژنه‌كه‌ كرد بۆئه‌وه‌ی ڕاستی و دروستیی قسه‌كانی بسه‌لمێنێ. ئافره‌ته‌كه‌ ڕه‌وانه‌ی ماڵی داڵده‌دان كرا. دوو له‌ دراوسێكانی ئافره‌ته‌كه‌ هاتنه‌ به‌رده‌م دادوه‌ر و وه‌كو شایه‌ت قسه‌كانی ژنه‌كه‌یان پشتڕاستكرده‌وه‌. هه‌روه‌ها خاوه‌نكاری ژنه‌كه‌ش وه‌كو شایه‌ت ئاماده‌ بوو و گوتی ژنه‌كه‌ چه‌ندینجار داوایلێكردووه‌ له‌ كاره‌كه‌ی ده‌رینه‌كات، چونكه‌ ئه‌گه‌ر بێكار بێت، مێرده‌كه‌ی لێی ده‌دات.

هه‌رسێ شایه‌ت له‌به‌رده‌م دادوه‌ر سوێندیان خوارد كه‌ ڕاستی ده‌ڵێن. بۆیه‌ دادگا، به‌پێی مادده‌ی حه‌وت له‌ یاسای توندوتیژیی خێزانی، بڕیاری ده‌ستگیركردنی بۆ پیاوه‌كه‌ ده‌ركرد. ئه‌و هه‌رچه‌نده‌ سه‌ره‌تا نكۆڵی له‌ قسه‌كانی كرد، به‌ڵام كاتێك گوێی له‌ گوته‌ی شایه‌ته‌كان بوو، ئیعترافی له‌سه‌ر هه‌موو شتێك كرد. بۆیه‌ دادوه‌ر بڕیاریدا بۆ ماوه‌یه‌ك به‌ند بكرێ. پاشان دۆسیه‌كه‌ی ڕه‌وانه‌ی لیژنه‌ی ئاشته‌وایی كرا. پیاوه‌كه‌ له‌وێ به‌ڵێنیدا چیدیكه‌ توندوتیژی به‌رامبه‌ر خێزانه‌كه‌ی به‌كارنه‌هێنێ و به‌زۆریش كاری پێنه‌كات. ئیدی به‌و مه‌رجه‌ ژنه‌كه‌ گه‌ڕایه‌وه‌ لای. ڕێكاره‌ یاساییه‌كانی ئه‌و دۆسیه‌یه‌ پێمانده‌ڵێت پیاو یان ژن بۆی نییه‌ گوشار له‌ به‌رامبه‌ره‌كه‌ی بكات و به‌زۆر ئیشی پێ بكات، یان كاركردنی لێ قه‌ده‌غه‌ بكات. به‌پێی یاسای به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژیی خێزانی گوشار خستنه‌ سه‌ر ژن یان زۆریكردن له‌ ژن بۆ كاركردن، ده‌چێته‌ خانه‌ی توندوتیژیی خێزانی. سزاكه‌شی به‌پێی مادده‌ی حه‌وتی ئه‌و یاسایه‌ بریتییه‌ له‌ "به‌ندكردن بۆ ماوه‌یه‌ك له‌ شه‌ش مانگ كه‌متر نه‌بێت و له‌ سێ ساڵ زیاتر نه‌بێت. هه‌روه‌ها غه‌رامه‌كردن، كه‌ له‌ ملیۆنێك دینار كه‌متر نه‌بێت و له‌ پێنج ملیۆن دینار زیاتر نه‌بێت، یان به‌ یه‌كێك له‌و دوو سزایه‌".

*** به‌ڕێوه‌به‌ری به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژیی دژی ئافره‌تان/ هه‌ولێر**

# شکستێک چاوەڕێی سیاسەتی دەرەوەی سعودیە دەکات

ڕووداو – National Interest

شرۆڤەکاران لە وڵاتانی عەرەبی باس لە هەوڵەکانی سعودیە دەکەن بۆ ئەوەی لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێتە هێزی یەکەم. هەندێکیان دەڵێن سعودیە بە نیازە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بووە. ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەی "بیردۆزی سەلمان"دا دێن کە ئامانجی ئەوەیە شکست بە داعش و گرووپە توندڕەوە شیعەکان بهێنێ و لەوێشەوە خەونی ئێران بۆ دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پووچەڵ بکاتەوە.

شا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری وەکوو شای سعودیە، گۆڕانێکی لە سیاسەتی دەرەوەی سعودیەدا هێنایە ئاراوە کە گۆڕان بوو لە سیاسەتی دوورەپەرێزییەوە بۆ سیاسەتی خۆسەلماندن و ئەمەش بە سیاسەتی "دەرخستنی ماسولکە" ناوی دەرکردووە.

تەنیا دوو مانگ دوای وەرگرتنی عەرشی پاشایەتی، هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتیی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیە بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە پێگەی حوسییەکانی لایەنگری ئێران لە یەمەن کەم بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە عەبدڕەبە مەنسوور هادی بگەڕێنێتەوە سەر کورسی سەرۆکایەتی یەمەن. سەلمان هەروەها پشتگیرییەکانی سعودیەی بۆ گرووپی "سوپای ئیسلامی"ی سووری دوو بەرامبەر کرد کە هاوپەیمانێتییەکە لە 43 گرووپی چەکداری ئیسلامی پێکهاتووە و ئامانجیان ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و دامەزراندنی حوکمی شەریعەیە لە سووریا.

بەڵام هەوڵەکانی پاشا نوێیەکەی سعودیە نە لە یەمەن و نە لە سووریا دەستکەوتێکی وەهای نەبووە بتوانێت خۆ لە قەرەی خەرجییەکانی ئەم هەوڵانە بدات، وەدیهێنانی خەونی دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێندەش ئاسان نییە کە شا سەلمان لە ڕۆژەکانی یەکەمدا مەزەندەی کردبوو.

هەتا ئێستاش مەنسوور هادی لە ریازەوە حوکمی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی لایەنگری حکومەت لە یەمەن دەکات. جگە لەمە سعودییەکان بەنهێنی خەریکی دانوستاندنن لەگەڵ حوسییەکان، بۆ ئەوەی هەرجۆرێک بێت کۆتایی بە هێرشەکانی هاوپەیمانێتی عەرەبی بۆ سەر سەنعا بهێنن.

لە سووریاش، دوای هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا حکومەتەکەی ئەسەد گیانێکی بەبەردا هاتووەتەوە، ئەگەرچی هەتا ناوەڕاستەکانی 2015ش ئەسەد زیاتر خەریکی بەرگری لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی بوو، بەڵام لە مانگی ئەیلولی پارساڵ و دوای بەشداریی ڕاستەوخۆی مۆسکۆ لە قەیرانی سووریا، ئەگەری ئەوە بەهێز بووە کە ئەسەد بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشێک بێت لە داهاتووی سووریا.

سیاسەتی دەرەوەی "دەرخستنی ماسولکەکان"، وەکوو میراتێک لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی مەلیک عەبدوڵڵاوە بۆ مەلیک سەلمان ماوەتەوە. ئەم سیاسەتە زیاتر پشت بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبەستێ. بەر لەم قۆناغە سعودیە زیاتر پشتی بە ئامرازە دیپلۆماتیکەکان، پارە و ئایین دەبەست بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێ، لە سەردەمی مەلیک عەبدوڵڵا، پاشای کۆچکردووی سعودیەدا، سیاسەتی دەرخستنی ماسوولکەکان لە کاتی بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی شیعەکانی بەحرێن پەیڕەو کرا، کاتێک ریاز، بە پێچەوانەی خواستی واشنتن، لە ئاداری 2011 هێزی ڕەوانەی بەحرێن کرد. ساڵی 2013ش مەلیک عەبدوڵڵا بڕیاری دا پشتگیری سەربازی و دارایی پێشکەش بە "سوپای ئیسلام لە سووریا" بکات، بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا داعش، قاعیدە و حکومەتی سووریا بڕووخێنێ. سیاسەتەکانی سەلمان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا درێژکراوەی دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی مەلیک عەبدوڵڵا بووە.

لاوازکردنی دەسەڵاتی ئێران و شیعە لە چەقی سیاسەتی دەرەوەی سعودیەدایە. بزووتنەوەکانی ناو بەهاری عەرەبی بە ڕاستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ، پانتایی کاریگەری و دەسەڵاتی تارانیان فراوان کردووە. ئەمەش بەڕوونی لە چالاکییەکانی ئێران و حیزبوڵڵا لە سووریا و پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان ئێران و میلیشیا شیعەکانی عێراقدا دەبینرێت، ئەمە جگە لەوەی دوای سەرهەڵدانی قەیرانی یەمەن، بەشێکی بەرچاوی یەمەن کەوتە دەست حوسییەکان کە ئێران پشتگیرییان دەکات.

لە هەموو ئەمانە ترسناکتر بۆ سعودیە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی تەمووزی نێوان وڵاتانی 5+1 و ئێران بوو کە ئێران ڕەزامەندی دەربڕیوە بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە ناو چوارچێوەیەکی ئاشتیانەدا سنووردار بکات، نەک بە تەواوەتی ڕایبگرێت. سعودیە باش دەیزانی ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵێک دەستکەوتی گەورەی ئابووری و سیاسی بۆ ئێران تێدایە. ریاز ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە وەکوو هاندەرێک بۆ تێکچوونی باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا دەبینێ.

بەر لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەش، سعودیە و وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە هەستیان بەوە کردبوو کە ئەمریکا وردە وردە خۆی لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور دەخاتەوە، سعودییەکان بەردەوام گازندەی ئەوە دەکەن ئەگەر ئەمریکا ویستبای دەیتوانی ڕێگری لە کەوتنی حوسنی موبارەک بکات، هەروەها دەشیتوانی پێش تێکچوونی ڕەوشی سووریا ئەسەد لەسەر حوکم لابدات.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە، سعودیە دوو هەنگاوی نا، یەکەم وابەستەیی وڵاتەکەی بە ئەمریکا کەم کردەوە و دووەم هاوپەیمانێتییەکی لە دژی ئێران پێکهێنا. هیچکام لە هەنگاوەکانیش سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە. بۆ سەربەخۆبوون لە ئەمریکا، ریاز ڕووی لە ڕووسیا، چین و هیندستان کرد. بەڵام ڕووسیا و چین پێشتر پەیوەندییەکی ئابووری و سیاسیی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئێران هەبوو، هیندستانیش بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبوو.



بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و حوسییەکان، سعودیە دوو هاوپەیمانێتی پێکهێنا (هاوپەیمانێتی عەرەبی و هاوپەیمانێتی وڵاتانی ئیسلامی). هاوپەیمانێتیەکەی یەکەم خەرجییەکی زۆری بۆ سعودیە و وڵاتانی کەنداو هەڵگرت. میسر لە بەرامبەر 8 ملیار دۆلار ڕازی بوو بەشداری هاوپەیمانێتییەکە بێت، سوودان پاش وەرگرتنی 2.2 ملیار دۆلار بڕیاری ڕەوانەکردنی هێزی دا.

کۆمەڵێک هۆکاریش هەن وادەکەن هاوپەیمانێتی وڵاتانی ئیسلامی تەنیا لەسەر کاغەز بمێنێتەوە، بۆ نموونە ژمارەیەک لە وڵاتانی سوننی، وەکوو جەزائیر، عەممان و ئەفغانستان لەم هاوپەیمانێتییەدا نین، هەندێک لە وڵاتانی بەشدار توانای سەربازییان زۆر سنووردارە و مەودای جوگرافی نێوان وڵاتانی ئەندامیش کێشەیەکی سەرەکیی دیکەی ئەم هاوپەیمانێتییەیە، ئەمە بەدەر لەوەی کە جگە لە سوننیبوون هیچ خاڵێکی دیکە نییە وڵاتانی ئەندام لەم هاوپەیمانێتییە بە یەکەوە ببەستێتەوە.

دابەزینی نرخی نەوت سعودیەی ناچار کرد دان بە کورتهێنانی 20%ی تێکڕای بەرهەمی ناپوختەی ناوخۆیی بنێت. لە ڕەوشێکی ئاوهاشدا سعودیە ڕۆژانە 200 ملیۆن دۆلار، واتە مانگانە 6 ملیار دۆلار و ساڵانە 72 ملیار دۆلار، لە جەنگی یەمەن خەرج دەکات. دوور نییە چارەنووسی سعودیە لە یەمەن هاوشێوەی چارەنووسی ئەمریکا لە عێراقی لێبێت، تێچووی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق لەساڵی 2011 دوو تریلیۆن دۆلار، واتە 4%ی بەرهەمی ناپوختەی ناوخۆیی بوو، ئەمریکا دواجار بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دا و بەغدای ڕادەستی تاران کرد. ئایا چارەنووسێکی هاوشێوەی ئەمە چاوەڕێی سەنعای پایتەختی یەمەنیش ناکات؟

پێدەچێت سعودیە بەنیاز بێت خۆی وەکوو هێزێک پیشان بدات کە لەهەر ئان و ساتێکدا دەتوانێت مەترسی بۆ سەر دژبەرەکانی خۆی لە ناوچەکەدا دروست بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە سعودیە هەتا چەندە توانای ئەوەی هەیە پشتگیری لەم پلانەی خۆی بکات، بۆ ئەوەی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات؟

# سووریا پێویستی بە هێزی ئاشتیپارێزە

ڕووداو – Brookings



هێرشەکانی مانگی ڕابردووی برۆکسل و لێشاوی کۆچبەران (کە هەتا ئێستاش بەردەوامە) سەلماندیان مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوشی سووریا پێویستی بە ستراتیژێکی باشترە. ئەگەرچی تێکشکاندنی داعش لە سووریا زۆر گرنگە، بەڵام نابێت بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ئەسەد و پوتین ببەسترێ. دوایین سەرکەوتنەکانی سوپای سووریا لە تەدمور دەشێت جارێکی دیکە سوننەکانی سووریا تووڕەتر بکات و جارێکی دیکە ئاگری جەنگەکە خۆشتر بکاتەوە، لە کاتێکدا زۆربەی سوننەکانی سووریا حکومەتی ئەسەد وەکوو دەسەڵاتێکی کۆمەڵکوژ دەبینن.

پێویستە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی هەر ستراتیژێکی جیدی بۆ سووریا بیرکردنەوە لە دانانی هێزێکی ئاشتیپارێز بێت، بۆ ئەوەی پشتگیری لە هەر ڕێککەوتنێکی ئاشتی بکات کە ڕەنگە لە نێوان هێزە ناکۆکەکانی سووریادا بێتە ئاراوە. ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پیشانی بدات کە ویستی دانانی هێزێکی ئاشتیپارێزی هەیە، بەم ویستە چانسی ڕێککەوتنی ئاشتیش لە سووریا زیاتر دەبێت. ئەمە هەروەها وادەکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هێزە ناکۆکەکان واقیعبینانەتر بن لەوەی چ جۆرە ڕێککەوتنێکی ئاشتی لە نێوان لایەنەکاندا مومکینە و چ هەنگاوێکی دیکەش لە داهاتوودا پێویستە بۆ ئەوەی ئاشتی جێی خۆی بگرێت.

یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان لە زانستی سیاسیی نوێدا تێگەیشتنە لە چۆنێتی ڕاگرتنی جەنگی ناوخۆیی و ئەو هۆکارانەی دەشێت ڕێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی خۆش بکەن. ئەگەرچی لە زۆربەی بابەتەکاندا سیاسەتکاران زۆر گوێ بۆ لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان شل ناکەن، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە زۆر وشکن و لە واقیعیش دابڕاون، بەڵام لە بارەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە جەنگی ناوخۆیی (بە تایبەتی سووریا) سیاسەتکاران بایەخیان بە شرۆڤەی کەسانی ئەکادیمی داوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا لێکۆڵینەوەکان تێگەیشتنێکی باشتریان سەبارەت بە جەنگی ناوخۆیی سووریا بە ئێمە داوە.

هەرچەندە ئارگۆمێنتی جیاوازیش لەنێوان بۆچوونی توێژەراندا بەدی دەکرێت، بەڵام کۆمەڵێک ڕێچکەی بیرکردنەوەی هاوبەشیش لەمەڕ ڕەوشی سووریا هەیە کە داڕێژەرانی سیاسەت دەتوانن وەکوو ڕێپیشاندەرێک بۆ دەرچوون لە قەیرانی سووریا کەڵکیان لێوەربگرن. گرنگترین خاڵەکان کە توێژەرانی ئەم بوارە خستوویانەتە ڕوو، ئەمانەی خوارەوەن:

– جەنگێک قوربانی زۆر بێت، لایەنی ئەتنیکی و تایفییان تێدابێت و ژمارەیەک ئەکتەر و لایەنی دەرەکی تێیدا بەشدار بن، وەستاندنی ئاسان نابێت. جەنگی سووریا ئەم سێ خاڵەی تێدایە.

– پێکهێنانی هاوپەیمانیی تەکتیکی و کورتخایەن لە نێوان هێزە ناکۆکەکاندا دەتوانێت شکست بە هەوڵەکانی ئاشتی بهێنێت و ئاگری جەنگەکە خۆشتر بکاتەوە. جەنگی ناوخۆیی سووریا ئەمجۆرە هاوپەیمانێتیانەشی تێدایە.

– هێزی ئاشتیپارێز دەتوانێت ئەگەری سەرگرتنی ڕێککەوتنی ئاشتی و پارێزگاری لە ڕێککەوتنەکە زیاتر بکات. نموونە زۆرە کە تێیدا هێزی ئاشتیپارێز توانیویەتی مەترسی پاشگەزبوونەوەی لایەنەکان لە ڕێککەوتنی ئاشتی کەم بکاتەوە.

– هێزە ئاشتیپارێزەکان ڕەوانەی سەختترین جەنگە ناوخۆییەکان کراون، واتە ئەو جەنگانەی ئەگەری سەرهەڵدانەوەی جەنگە ناوخۆییەکان لە زیاترین ئاستدایە.

– هێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یانیش هەر هێزێکی ئاشتیپارێزی دیکە پێویستی بە کەرەستەی سەربازی، ئابووری و سەرکردایەتییەکی سیاسی بەهێزە. بۆ ئەوەی بتوانێت هەم بەرگری لە خۆی بکات و هەمیش لایەنەکان ناچار بکات پابەند بن بە ڕێککەوتنی ئاشتییەوە.

– نموونە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەرچی ژمارەی هێزەکانی ئاشتیپارێز زیاتر بێت باشترە. بەڵام بەشێک لە توێژینەوەکان دەیسەلمێنن ژمارەی زۆری هێزەکان مەرجێکی سەرەکی نییە بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکان. بە مانایەکی دیکە، ئەگەرچی ئارگومێنتی زۆر هەن کە پشتگیری لە ئامادەیی سەربازیی بەرچاو دەکەن، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا دانانی یەک سەربازی ئاشتیپارێز بۆ 50 کەس مەرجێکی جەوهەری نییە و لەوانەیە بۆ سووریا دەست نەدات.

– ڕەنگە هێزێکی 30 بۆ 60 هەزار کەسی چانسی سەرکەوتنی زۆر بێت، ئەگەر توانای هێرشکردنیان بەرز بێت و سیستەمێکی لوجیستیکی باشیان لەبەردەست بێت، بە تایبەتیش ئەگەر هەوڵەکانیان لەسەر ئەو ناوچانە چڕ بکرێتەوە کە دۆخەکەیان لەوپەڕی گرژیدایە.

خاڵێک کە لە هەموو ئەم بۆچوونانەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەوەیە کە "ئەگەر ڕێککەوتنێکی ئاشتی لە سووریا بێتە ئاراوە، هێزێکی ئاشتیپارێز، لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ناتۆ یانیش کۆمکاری عەرەبی پێویستە". لەبەر ئەوەی ئەگەر جەنگە ناوخۆییەکە کۆتاییش بێت، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی زۆرە، بۆ ڕێگری لەم ئەگەرە هێزێکی ئاشتیپارێز پێویستە. بۆ ئەم مەبەستەش هێزێکی زەبەلاح دەکرێت نموونەیی بێت، بەڵام هێزێکی مامناوەندیش دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەگەر کەرەستەی سەربازی و هەواڵگریی باشی لەبەردەستدا بێت.

هەڵبەت جۆری ئەو چارەسەرەی ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت کاریگەری لەسەر قەبارەی مرۆیی و تەکنیکی هێزە ئاشتیپارێزەکان دەبێت. زۆربەی ئارگۆمێنتەکان پشتگیری لە دابەشبوونێکی کۆنفیدرالی دەکەن، کە تێیدا هەرکام لە ناوچە تاک ئەتنیک و تاک مەزهەبییەکان وەکوو یەکەیەکی ئۆتۆنۆم ئاسایشی خۆیان دەپارێزن.

ڕەنگە ئەمریکا نەیەوێت یەکە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لەم هێزانەدا بەشدار بن، بەڵام لۆجیستیک و یەکەکانی فەرماندەیی ئەمریکا لەم هەوڵەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان دەبێت. جیا لەمە، دوای ڕێککەوتنی ئاشتیش، داعش بەردەوام وەکوو مەترسییەکی سەرەکی دەمێنێتەوە و ڕەنگە مەترسی گەورەش بۆ سەر ڕێککەوتننامەکە دروست بکات، هەر بۆیە پێویستە هێزێکی دژە تیرۆری بەتوانا بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناوچەکەدا جێگیر بکرێت، ئەم هێزە دەکرێت لە هەزاران سەرباز پێکهاتبێت. ئەگەر ئەم هێزە دابمەزرێت، بێگومان پێویستی بە بەشداری و هاوکاریی بەرچاوی ئەمریکا دەبێت. ئەمریکا پێی خۆش بێت یان نا، ئەمە ڕاستییەکە و دەبێت خۆی بۆ ئامادە بکات.

پێویست ناکات سووریا سێیەم جەنگی گەورەی سەدەی بیست و یەکی ئەمریکا بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەڕاستیدا نابێت ئەمە هەر ڕووبدات. بەڵام ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت چانسی ئەوەی هەبێت ئەو هەڕەشە ناوچەییە بڕەوێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی داعش چیدی نەتوانێت سووریا وەکوو پەناگەیەک بەکاربهێنێ، ئەوە پێویستی بە ستراتیژێکی نوێیە کە گوزارشت لە ویستی ئەمریکا بکات بۆ بەشداریکردنێکی بەرچاو لە ئۆپەراسیۆنەکانی قۆناغی دوای جەنگ، بۆ ئەوەی بتوانێت سەقامگیریی ڕەوشی سووریا لە قۆناغی پاش ڕێککەوتنی ئاشتی بپارێزێت. هەرچی زووتر ئەمریکا هەست بەم زەرووڕەتە بکات، زووتر دەتوانێ بیر لە ستراتیژێکی جدیتر بکاتەوە، ئەمەش وادەکات وڵاتە زلهێزەکانی دیکەش زووتر وەخۆ بێنەوە و بیر لە داڕشتنی ستراتیژێکی هاوتەریب بکەنەوە.

پاش هەڵگرتنی سزاکان

# ململانێی ڕووحانی و موحافزکارانی ئێران قووڵتر دەبێتەوە

ڕووداو- Stratfor

پـاش ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێـوان تاران و زلهێزەکانـی جیهـان، ناکۆکیـی نێـوان لایەنە سیاسـییەکانی ئێران لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی ئابووری لەژێر چنگی کام لایەندا بێت، تەشـەنەی سەندووە.

مشـتومڕە سـەرەکییەکە ئەوەیـە کـە ئێران دەبێت هەتا چەندە لەڕووی ئابوورییەوە بکرێتەوە و دەسـتکەوتەکانی ئەم کرانەوەیە بە چ شێوازێک لە نێوان لایەنەکاندا دابەش بکرێت.

سەرکەوتنی باڵی ڕیفۆرمخواز لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیدا هیوای ئەوەی بە حەسـەن ڕووحانی، سەرۆک کۆماری ئێران بەخشیوە کە بتوانێ پلانی ڕیفۆرمی ئابووریی حکومەتەکەی جێبەجێ بکات. ئەو پلانە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە کرانەوە بـەڕووی بـازاڕی جیهانی و بە تایبەتـی ڕۆژئاوادا دەبینێتەوە.

بـەڵام ئـەم کرانەوەیـە دەکرێـت زیـان بـە بەرژەوەندییەکانـی ئـەو گرووپە بگەیەنێت کە لە ماوەی سزا ئابوورییەکاندا گەورەترین سوودیان لە ئابووریـی ئێران بینیبوو، یەکێک لەو گرووپانەش سوپای پاسـداران بووە. عەلی خامنەیی، ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتگیری لە سیاسەتێکی ئابووری دەکات کە پێشـتر لە کاتی چڕکردنەوەی سزا ئەتۆمییەکاندا پشتگیریی لێکردبوو. ئەمەش دوو ئاماژەی بۆ ڕووحانی تێدایە:

یەکـەم: ڕیفۆرمخـوازەکان وەهـا بە ئاسـانی ناتوانن موحافزەکارەکانی ئێران لە بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکان دەربکەن.

دووەم: خامنەیـی ئـەوەی لـە توانایـدا بێت دەیـکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی بپارێزێت.

ڕووحانی بەبێ جۆرێک لە پشتگیریی خامنەیی دەسـت لە ئابووریـی وڵاتەکەی وەرنـادات، بەڵام خامنەییش دەزانێت هەر چەشنە گۆڕانێکی لە پڕ و خێرا لە ئابووریی ئێراندا دەکرێت جێگرەوەیەک بۆ ئەو سیاسـەتانە بخاتـەڕوو کە ماوەیەکی زۆرە سیاسەتی گشتیی ئێران ئاراستە دەکەن.

دوایيـن سـزا ئەتۆمییەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، ئەمریـکا و یەکێتـی ئەوروپا لە دژی ئێـران ئابووریـی ئەم وڵاتـەی داتەپاند، بە جۆرێک ڕێژەی هەڵاوسـان هەتا 40% بەرزبووەوە، هەناردەکردنی نەوتی ئێرانی لە کاتێکدا کەمی کرد



کـە نرخی نەوت لە بەرزترین ئاسـتی خۆیدا بوو. ئەوەش بەربەستی گەورەی بۆ وەبەرهێنانی بیانی لە ئێـران دانا. ژمارەیەکـی زۆر لە موحافزکارانی ئێـران لەسـەر ئـەو بڕوایـە بوون کە سیاسـەتە پۆپۆلیسـتییەکانی مەحمـوود ئەحمـەدی نەژاد، سـەرۆک کۆماری پێشـووی ئێران، یارمەتیدەری کەرتی پیشەسـازی و کەمکردنـەوەی قەرزەکانی ئـەم کەرتە نەبـوو. دواجار کێشـە ئابوورییەکان و هەوڵەکانـی ئەحمەدی نـەژاد بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕابەر وای کرد باڵی موحافزکاری ئێران بەسـەر دوو جەمسـەردا دابەش ببێـت، هەر ئەم ناکۆکییەش بووە هۆی ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی 2013ی سەرۆکایەتی ئێراندا ڕووحانی سەربکەوێ. بەڵێنی سـەرەکی ڕووحانی لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا ئـەوە بـوو پەیوەندییەکانـی نێـوان تـاران و ڕۆژئاوا چاکبکاتەوە و لەم ڕێگەیەشـەوە هەناسـەیەک بەبەر ئابووریی ئێرانـدا بهێنێتەوە، یەکەم هەنگاویش بۆ بردنە سەری ئەم بەڵێنە، دوو ساڵ دانوستاندن بوو لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێـران لەگـەڵ ڕۆژئاوا. ئەرکـی ڕووحانی زیاتر لە ئەرکی عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی، سەرۆکی پێشتری ئێران دەچێت کە لە هەمان کاتدا نزیکترین هاوپەیمان و پاڵپشتی ڕووحانیشە. پاش جەنگی

ئێران و عێراق، ئەرکی بوژاندنەوەی ئابووریی ئێران کەوتە سـەر شـانی ڕەفسـنجانی، ئەویش وەکوو ڕووحانـی بـۆ جێبەجێکردنی خەونەکـەی خۆی هەوڵی چاککردنـەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش ئەمریکا دا.

ڕووحانـی بەتایبەتی بەنیـازە کەرتی نەوت و غازی ئێـران لیبراڵ بکاتەوە، واتـە وەبەرهێنانی کەرتـی تایبـەت بەرزتـر بکاتـەوە، ئەگەرچـی کۆمپانیـای نیشـتمانیی نەوتـی ئێـران وەکـوو کۆمپانیایەکی سەر بە کەرتی گشتی دەمێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەسـتەش بـە نیازە 130 ملیـار دۆلار پارە و وەبەرهێنانی بیانی ڕابکێشـێتە ناو کەرتی نەوت و غاز. هەروەها بەنیازە زۆربەی پیشەسازیی ئێران، لەوانەش پیشەسازیی ئۆتۆمبێل بە کەرتی تایبـەت بدات، بـۆ ئەوەی لەم کەرتـەدا ڕکابەری دروست ببێت. دواجاریش بە نیازە بەشێکی زۆر لە سیاسەتە ئابوورییە پۆپۆلیستییەکانی ئەحمەدی نـەژاد ڕابگرێ، لەوانەش سیاسـەتی پشـتیوانیی دارایی بۆ هاووڵاتیان.

بەڵام موحافزکارانیش سوود و قازانجی خۆیان لەم سیاسەتە نوێیانەی ڕووحانی دەوێت. بەشێکی زۆر لـە دامـەزراوە حکومـی و نیمچـە حکومییە ئابووری و سەربازییەکانی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی

موحافیزکاراندان، لەوانەش دەزگای موستەزعەفان (کە گەورەترین هۆڵدینگ کۆمپانیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت) و سـوپای پاسـداران کە دەسەڵاتی تەواوی بەسـەر کەرتە سـەرەکییەکانی ئابووریی ئێرانـدا گرتـووە وەکوو پیشەسـازیی قـورس و لۆجیستیک و نەوت.

نەوت دڵی ئابووریی ئێرانە، هەر بۆیە چاوەڕێ دەکرێت شەڕە قورسەکەی ڕووحانی و موحافزکاران لەسـەر نـەوت بێت. لـە مـاوەی سـەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاددا جومگە سەرەکییەکانی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نیشـتمانیی نەوت ڕادەسـتی بەرپرسانی سوپا کرابوون.

ڕووحانی لەگەڵ وەرگرتنی کورسـیی دەسەڵات هەوڵی دا هەموو ئەو کەسـانەی سـەر بە سـوپا لابـدات کـە لـە وەزارەتـی نـەوت و کۆمپانیـای نیشـتمانیی نـەوت پۆسـتی بەڕێوەبەرایەتیـان پێدرابوو. هەوڵەکانی ڕووحانی هەتا ئەو شوێنەش ڕۆیشت کە محەممەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی باڵای سـوپای پاسـداران، داوای لە خامنەیی کرد لە کێشەکانی نێوان سوپا و حکومەتدا نێوبژیوانی بکات. بەڵام قازانجی سەرەکیی سوپای پاسداران لە کەرتی نەوت لە پشتیوانییە داراییەکانی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەو

گرێبەستانەوە دێت کە ئەم کۆمپانیایە پێشکەشی سـوپایان دەکات. گرێبەسـتە بریقەدارەکانـی ڕووحانی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان تەنیا بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی نییە، بەڵکو ڕاکێشانی تەکنۆلۆژیا و شارەزایی بیانی بەشێک لە ئامانجەکەی ڕووحانی پێکدەهێنن. کۆمپانیاکانی سـەر بە سـوپا نەک هەر لەڕووی تەکنیکی و شـارەزاییەوە پرسـیاری گەورەیان لەسـەرە، بەڵکو زۆربەی جاران ناتوانن پرۆژەکە لە وادەی خۆیدا و بە گوژمەی دیاریکراوی خۆی تەواو بکەن.

کۆمپانیـا نێودەوڵەتییەکان دەزانـن کارکردن لە کەرتی نەوت و غازی ئێراندا ڕیسـکی گەورەی تێدایە و کارکـردن لەگەڵ بەڵێندەرە ئێرانییەکان ئاسـان نییـە. مەسـەلەکەش هـەر ئـەوە نییـە ناشـارەزایی بەڵێنـدەرەکان تێچوونـی پرۆژەکان دەباتەسـەر، بەڵکو کۆمپانیاکانی سەر بە خاتەم ئەلئەنبیـا سـزای نێودەوڵەتییـان لەسـەرە و هەرجـۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئـەم کۆمپانیایانە دەبێت سنووردار بێت. بەڵام کۆمپانیا بیانییەکان دواجار تووشـی کۆمپانیاکانی سوپا دەبن، لەبەر ئـەوەی ئابووریـی نەوتـی ئێـران بەجۆرێکە کە بـۆ پشـتیوانی لـە وەبەرهێنـەرە ناوخۆییەکان، هـەر کۆمپانیایەکی بیانی ناچـارە مامەڵە لەگەڵ

کۆمپانیا ناوخۆییەکان بکات. پرسـیارەکە لێرەدا ئەوەیە: پاش چاکسـازییەکانی ڕووحانی، ئاستی ئـەم مامەڵەکردنە هەتا کوێ دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسـیارە پەیوەنـدی بەوەوە هەیە کـە ڕووحانی هەتا چ ئاسـتێک دەتوانێت ئابووریی ئێران ئاوەڵا بکات، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی بەربەسـتی قورسی ناوخۆییش دەبێتەوە. یەکەم بەربەستی ڕووحانی بۆ موحافزکاران لەناو بودجەی 2016-2017 دایە، لەکاتێکـدا بودجەی سـەربازیی ئێـران لە 9.88 بـۆ 8.99 ملیـار دۆلار کەم کراوەتـەوە، بودجەی سـوپاش بە ڕێژەی 20% لـە 6.1 ملیار دۆلارەوە بۆ 4.8 ملیار کـەم کراوەتەوە. بودجەی ئەرتەش نـەک هەر کەم نەکراوەتـەوە، بگرە بە ڕێژەی 9% بەرزکراوەتەوە. موحافـزکاران کۆمەڵێک ناوەندی وەکوو ئەنجوومەنی پاسەوانانی نیزام و ئیتلاعاتیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بەربەستەکانی ڕووحانی ببنەوە. ئەنجوومەنی پاسەوانان دەتوانێت یاسـا پەسـەندکراوەکانی پەرلەمانی ئێران ڤیتۆ بکات. ئەمە جگە لەوەی سیسـتەمی مووشەکیی ئێرانیش هەر لە ژێر دەسەڵاتی سوپادایە، دوایین تاقیکردنەوەی مووشەکەکان پەیامی سوپا بوو بۆ ڕووحانی کە ئەگەر سوپا بیەوێت دەتوانێت کێشە بۆ پەیوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا دروست بکات.

ئامانجێکی دیکەی سوپا لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ئەوەیـە نەهێڵێ ڕووحانی بەڵێنـە ئابوورییەکانی خۆی بەرێتە سەر و بەوجۆرەش لە هەڵبژاردنەکانی سـاڵی داهاتووی ئێراندا چانسی سەرکەوتنی کەم ببێتەوە. سەرچاوەکانی نزیک لە دەسەڵاتی ئێران وا دەردەخـەن کاندیدی سـوپا بۆ سـەرۆکایەتی داهاتووی ئێران عەلی لاریجانی بێت کە تێکەڵاویی خێزانـی لەگەڵ خامنەییـدا هەیە و برای سـادق لاریجانی، بەرپرسـی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران و یەکێک لە کاندیدەکانی جێنشینی خامنەییە.

سـەرەڕای بەربەسـتەکان، ڕووحانـی لەسـەر چاکسـازییەکان بـەردەوام دەبێـت، خامنەییش کـە دیدگا ئابوورییەکەی لە هی سـوپاوە نزیکە، متمانـەی بە ڕووحانی داوە پەیوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا بەڕێوەبەرێت. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ڕووحانی دەتوانێت باڵانسـێک لـە نێوان ئیرادەی ڕیفۆرمی حکومەتەکەی و ئیرادەی موحافزکاران و سـوپادا دروست بکات بۆ جۆرێک نە شـیش بسووتێت و نە کەباب، لە کاتێکدا سەرۆک کۆمارە میانڕەوەکانی پێشـوو هیچکامیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە؟

# تویتەر تەنگی بە ئەبوو وەلید هەڵچنیوە

ڕووداو- Wall Street Journal

چەنـد کاژێرێـک دوای هێرشـەکانی 22ی ئاداری بڕۆکسل، ئەبوو وەلید بەناوی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسـلامی (داعـش) تویتێکی دانا کە تێیدا بەرپرسیارێتی هێرشەکەی لەئەستۆ گرتبوو، سەبارەت بە هێرشی دیکەش هۆشداریی دابوو.

بەڵام چەند کاژێرێک دواتر، ئەکاونتێکی دیکە بـە هەمان ناو لە تویتەر دەرکەوتەوە کە وێنەی خۆشی و ئاهەنگی چەکدارانی داعشی بە بۆنەی هێرشەکان بڵاوکردبووەوە.

کۆمپانیـا ئەمریکییەکانـی وەکـوو تویتەر، فەیسبووک و یوتیوب هاوشان لەگەڵ گرووپەکانی هاککردن، مـاوەی چەندین مانگـە هەڵمەتێکی بەرفراوانیـان بۆ بەرەنگاربوونـەوەی هەموو ئەو پۆسـت و وێنـە و ماتریاڵانـە دەسـتپێکردووە کـە پەیوەندییان بـە گرووپی داعشـەوە هەیە. ئەو ئەکاونت و پۆسـتانەی پێشـتر بـۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لەسـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەمانەوە، ئێستا تەنیا چەند کاژێرێک دەمێننەوە.

جەنگی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنگرانی داعـش جەنگـی سـەردەمی تەکنۆلۆژیایە، هەر بۆیـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وەکـوو یەکێک لـە گەورەترین بەرەکانی جەنگی دژی داعشـی لێهاتووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا شـوێنی پڕوپاگەنـدەی ئایدیۆلۆژیـای داعش نیـن، بەڵکـو یەکێک لـە کەناڵەکانـی ئاگادارکردنەوە و دابینکردنـی پێداویسـتییە داراییەکانـی ئەم گرووپەن. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ داخستنی هەر لاپەڕەیەکـی یەکێک لـە ئەندامانی ئەم گرووپە، یەکسەر لاپەڕەیەکی دیکە دەکرێتەوە.

داعـش ناوچەیەکـی بچـووک لـە عێـراق و ناوچەیەکی دیاریکراو لە سووریای لەژێردەستدایە، بـەڵام تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و تەکنەلۆژیای مۆدێـرن دەرفەتی ئەوەی بەم ڕێکخراوە داوە بە کۆمپیوتـەر، لاپتۆپ و سـمارتفۆنەکانی هەموو جیهـان بگەن. بەمـەش داعش ئەو سـنوورەی تێپەڕانـدووە کە پێشـتر ئەلقاعیدە لـە ڕێگەی کەناڵی ئەلجەزیرە و تۆڕە میدیاییەکانی دیکەوە ڤیدیۆکانی خۆی بڵاودەکردنەوە.

لە هاوینی 2015ەوە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر هەڵمەتی سـڕینەوەی هەموو ئـەو ئەکاونتانەی دەسـتپێکرد کـە گومانـی ئەوەیان لێدەکـرا پەیوەندییان بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە هەبێت، بە گوێرەی بەدواداچوونی وۆڵ سـتریت جورناڵ، تەنیا لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا زیاتر لە 26 هەزار ئەکاونتی گومانلێکراو سـڕدراونەتەوە، ئەمـەش چـوار هێنـدەی ئەو ژمارەیەیـە کە لە ئەیلولـی 2015 سـڕدرابوونەوە. هەر بەگوێرەی هەمان ڕاپـۆرت، داعش لە وەڵامی هەڵمەتەکەی تویتـەردا زیاتر لە 21 هـەزار ئەکاونتی نوێی لە مانگی ئاداردا دروستکردووە، لە کاتێکدا لە مانگی ئەیلولی پێشوو 7000 ئەکاونتی دروستکردبوو.

سەرەتای ئەمساڵ تویتەر لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاشـکرای کرد، لە ناوەڕاستی سـاڵی 2015ەوە نزیکـەی 125 هـەزار ئەکاونتیـان سـڕیوەتەوە کـە هەڕەشـە یانیـش پڕوپاگەنـدەی هێرشـی تیرۆریستییان تێدا بەدی کراوە.

تویتەر و فەیسبووک لەم هەڵمەتەیاندا تەنیا نیـن، بەڵکو گرووپ و ڕێکخراوی وەکوو کۆنترۆڵ سێکشـن CtrlSec)) هاوکارییـان دەکات کە لە سەرانسەری جیهاندا ڕاوچی ئەکاونتەکانی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکەیان هەیە. CtrlSec لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا 120 هەزار ئەکاونتی تویتەریان دیاری کردووە کە ژمارەیەکی زۆریان پەیوەندییان بە ئەبوو وەلیدەوە هەیە.

مایـکڵ ئێس. سـمیس، بەرپرسـی بەشـی ئۆپەراسیۆنەکانی گرووپی ڕاوێژکاری هەواڵگریی کرۆنـۆس لەبـارەی چالاکییەکانـی داعـش لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێت "لە مێژوودا هیچ ڕێکخراوێکی تیرۆریسـتی نەبـووە وەکوو داعش چالاکیی ئۆنلاینی هەبووبێت."

پێناچێت هیچ کەسـێک لـە دەرەوەی داعش بزانێت کەسـی پشت ئەکاونتەکانی ئەبوو وەلید کێیە. وێنـەی پرۆفایلەکەی لە ئەبو موسـعەب زەرقـاوی، دامەزرێنـەری ئەلقاعیـدەی عێـراق دەچێـت. ژمارەیـەک لە ئەکاونتـە بەراییەکانی ئەبـوو وەلید زیاتر لە 6000 فۆلۆوەری هەبووە، بەڵام بەهۆی داخرانـی بەردەوامی ئەکاونتەکان، ژمارەی فۆلۆوەرەکانی بۆ 2000 کەس دابەزیوە. یەکەمجار لەساڵی 2015دا بوو کە ئەکاونتەکەی دیاریکرا، ئەوکات ناوی "ئەبوو وەلید کوێتی" بۆ ئەکاونتەکەی هەڵبژاردبوو، سـەرەڕای ئەم ناوە کە ئاماژە بە کوێتیبوونـی ئەبوو وەلید دەکات، ژمارەیەک لـە چالاکڤانانـی CtrlSec پێیانوایە ئەبـوو وەلید یەکێک لە بەرپرسـانی داعش بێت کە ئەرکی ڕاکێشانی لایەنگرە سعودییەکانی پێ سپێردراوە. مایکڵ ئێس سمیس بەدووری نازانێت کۆمەڵێک کـەس بە هەماهەنگیی لەگەڵ یەکدی ئەکاونتەکانی ئەبوو وەلید هەڵسووڕێنن.

شارەزایانی هەواڵگری پێیانوایە ئەکاونتەکانی ئەبـوو وەلید بەشـێکن لـە تۆڕێکـی زەبەلاحی میدیایـی داعـش کـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەندەکانی خۆیان پشـت بە چەندین زمان دەبەسـتن، پەیام و ڤیدیۆکانیش زۆربەی جاران لە نووسینگە ناوچەییەکانی پڕوپاگەندەی داعش، یانیـش ناوەندی میدیایی ئەعماق بڵاودەکرێنەوە کە ناوەندی بەرهەمهێنانی پڕوپاگەندەی داعشە.

لایەنگرانـی داعـش هەمـوو جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بەکاردەهێنن، بـەڵام تویتەر پێگەی سـەرەکییانە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کە لە لایەکـەوە تویتەکان خێراتر بڵاودەبنەوە و لە لایەکی دیکەشـەوە کەسـەکە دەتوانێـت ناو و ناسـنامەی خۆی بشـارێتەوە. تویتەر 320 ملیـۆن بەکارهێنەری چالاکی هەیە و کەسـەکان دەتوانـن بەبـێ نووسـینی نـاوی ڕاستەقینەی خۆیان ئەکاونت دروست بکەن.

بۆ ئاشکراکردن و سـڕینەوەی ئەکاونتەکانی پەیوەندیـدار بـە داعـش، تویتـەر پشـت بـە بەکارهێنەرەکانی خـۆی و بەتایبەتیش گرووپی



مایکڵ ئێس. سمیس: لە مێژوودا هیچ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نەبووە وەکوو داعش چالاکیی ئۆنلاینی هەبووبێت

وەکوو CtrlSec دەبەسـتێ. بۆ ئەم مەبەستەش تیمێک دیاری کراوە کە بە سکاڵا و ڕاپۆرتەکاندا دەچێتەوە و لەسـەر ئەکاونتەکە بڕیـار دەدات. بـەڵام بەگوێـرەی سـمیس لـە کۆی ئـەو 500 ئەکاونتـەی کـە ئـەوان دیارییـان کردبـوون و سڕابوونەوە، نزیکەی 95%یان دواتر بە ئەکاونتی نوێوە هاتوونەتەوە سەر تویتەر.

بەڵام هەوڵەکانی تویتەر بێ ئاکامیش نەبوون، بەگوێرەی ئامارەکانی ناوەندی ڕیکۆردید فیوچەر (Recorded Future) ئەو حەوت هاشتەگانەی پێشتر داعش بەکاری دەهێنان، لە ماوەی نێوان مانگی ئابی پارسـاڵ بۆ مانگی ئاداری ئەمساڵ بـە ڕێـژەی 40% دابەزیون، لەبـەر ئەوەی ئەم هاشـتەگانە یەکێک لە ڕێگەکانی ناسـینەوەی ئەکاونتەکانی داعش بوو.

پرۆسـەی داخستنی ئەکاوتنەکانیش خێراتر بووە، واتە ئەو ئەکاونتەی هاوینی پارساڵ دوای چەنـد هەفتەیـەک دادەخرا، ئێسـتا لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم دادەخرێت، هەر بۆیە داعش هەندێک لە چالاکییەکانی خۆی بۆ تۆڕی دیکەی وەکـوو تێلێگـرام گواسـتووەتەوە کـە بنکەی سەرەکی لە ئەڵمانیایە.

سەرەتای ئەمساڵ تێلێگرام ڕایگەیاند، ڕۆژانە 10 کەناڵـی پەیوەندیدار بە داعش دەسـڕنەوە و لە مانگی تشـرینی دووەمی ساڵی 2015ەوە زیاتر لە 660 کەناڵی پەیوەندیدار بە داعشـیان داخستووە.

ئەبوو وەلیـد لە دوایین ئەکاونتەکانیدا وازی لـە ناوی وەلید هێناوە و زیاتر پشـت بە سـێ پیت و سـێ ژمارە دەبەستێ. وێنە و ڤیدیۆکان بابەتی جیـاواز لەخۆدەگرن، لەوانەش شـەڕ و پێکدادانـەکان، خۆشـی دەربڕینـی چەکدارانی داعش، ژیانی ڕۆژانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و سەربڕینەکانی داعش.

دوایيـن جـار کـە تویتـەر ئەکاونتەکـەی ئەبـوو وەلیدی داخسـت، دوای چەند کاژێرێک سـەرلەنوێ بە ئەکاونتێکی دیکـە دەرکەوتەوە کـە تێیدا وێنەی سـەربڕینێکی لە سـەرەوەی ئەکاونتەکەی دانابوو.

# جیهان بە نەخۆشییە دەروونییەکانەوە سەرقاڵە و کوردستان ئاماریشی نییە

رووداو- سلێمانی

خەمی نەخۆشییە دەروونییەکان بووە هۆی کۆکردنەوەی دامەزراوە زەبەلاحە تەندروستی و ئابوورییەکان لە واشنتن، ئەوە لە کاتێکدا کە وەزارەتی تەندروستی لە کوردستان ئامارێکی لەبەردەستدا نییە دەربارەی ژمارەی ئەوانەی تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتوون. پسپۆڕان دەڵێن ئاستی خزمەتگوزارییە دەروونییەکان لە کوردستان لە سفرەوە نزیکە.

رۆژانی 13 و 14ی ئەم مانگە لە واشنتنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکان میتینگێکی فراوان بە سەرپەرشتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی رێکخرا. لەو میتینگەدا جگە لە بەرپرسانی ئەو سێ دامەزراوە جیهانییە، وەزیرانی دارایی، کەسانی ئەکادیمی، پزیشکان کۆبوونەوە و پرسی زیادکردنی بودجەی تەرخانکراو بۆ تەندروستی دەروونییان گەنگەشە کرد.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ بەهای ئەو زیانە ئابوورییەی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ لە جیهانی دەدەن تریلیۆنێک دۆلارە و داوا لە وڵاتان دەکات بودجەی تەندروستی دەروونییان زیاد بکەن و لە خەمی چارەسەری تووشبوواندا بن.

## ژمارەی تووشبووان مایەی سەرسوڕمانە

بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە وڵاتانی جێگیر و بێ کێشەی گەورەدا یەک لە دەی خەڵکی گرفتی دەروونییان هەیە، کەچی لەو وڵاتانەی بەدەست گرفت و قەیرانەوە دەناڵێنن، رێژەکە یەک لە پێنجی دانیشتووانە.

سەبارەت بە ئاماری نەخۆشی و گرفتە دەروونییەکان لە کوردستان، (رووداو) پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرد، دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتەکە رایگەیاند "لە کوردستان ئامارێکی ورد لەوبارەیەوە بەردەست نییە".

پزیشکێکی پسپۆڕی دەروونی، دەڵێت گرفتە دەروونییەکان لە کوردستان بەربڵاون.

د.دانیاڵ سەعدی، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان لە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "نەخۆشی و گرفتە دەروونییەکان لە کوردستان زۆر لەوە بڵاوترن کە رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەسەر ئاستی جیهان رایگەیاندووە، چونکە وڵاتی ئێمە دەمێکە لە قەیرانی جۆراوجۆردایە و بەو جۆرە تاکەکان زۆرتر لە مەترسی ناسازیی دەروونیدان".

توێژینەوەیەکی نوێی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەریخستووە ئەگەر یەک دۆلار لە چارەسەری دەروونیدا خەرج بکرێت، ئەوە بایی 4 دۆلار بەرهەم دەدات. هەر ئەوەش بووە هاندەری دامەزراوە ئابوورییەکانی جیهان تاوەکو لەگەڵ رێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە رێوشوێنەکانی پێشخستنی چارەسەری دەروونی بکۆڵنەوە.

پزیشکە دەروونییەکەی سلێمانیش لەگەڵ ئەو ئەنجامە هاوڕایە و دەڵێت نەخۆشیی دەروونی، مرۆڤ لە تاکێکی بەرهەمهێنەوە دەگۆڕێت بۆ تاکێکی بەکاربەر "نەخۆشم هەبووە رۆژانە 200 هەزار دیناری پەیدا کردووە، ئێستا بەهۆی خەمۆکییەوە نەک وازی لە ئیشەکەی هێناوە، بەڵکو رۆژانە بە تێکڕا 60 هەزاریشی لێ خەرج دەکرێت، واتە ئەگەر حکومەت ئەم کەسە چارەسەر بکات، وەک ئەوەیە رۆژانە 260 هەزار دینار بە خێزانەکەی بدات، ئەوە جگە لەوەی تاکەکە دەکاتەوە بە کەسێکی سەربەخۆ و ئەندامانی دیکەی خێزان ناچار ناکات بەو کەسەوە سەرقاڵ بن".

رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێ ئەگەر دەزگا راوێژکارییە دەروونییەکان چالاک بکرێن و دەرمانی دژە خەمۆکی دابین بکرێ، لە وڵاتانی هەژار و مامناوەند لە ساڵانی 2016-2030 تێچووەکەی 147 ملیار دۆلار دەبێت، لە بەرامبەر ئەمەدا باشبوونی توانای کار و بەرهەمداریی نەخۆشەکان بە بەهای 399 ملیار دۆلار بەرهەم دەدات و باشبوونی تەندروستیشیان بە بەهای 310 ملیار دۆلار پارە دەگێڕێتەوە.

## "لە سفرەوە نزیکە"

د.مارگرێت چان، بەڕێوەبەری گشتیی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێ "دەبێ کارێک بکەین خزمەتگوزاری دەروونی بۆ هەمووان فەراهەم بێت کە لە هەر شوێنێک دەژین".

ئەوەی مارگرێت چان داوای دەکات، لە کوردستان تەنیا لە سەنتەری پارێزگاکان بەردەستە و لە زۆربەی شارۆچکە و شارەدێیەکانی کوردستان نێوەندی چارەسەری دەروونی نییە.

د.دانیاڵ دەڵێ لە ساڵانی گەشەی ئابووریی کوردستاندا هەندێک خزمەتگوزاریی دەروونی دابینکران، وەکوو نێوەندی تایبەت بە چارەسەر و راهێنانەوەی ئاڵوودەبووان، نێوەندە راوێژکارییە دەروونییەکان و سەنتەری تایبەت بە چارەسەری دەروونیی منداڵان "بەڵام ئەم قەیرانەی ئێستا جگە لەوەی پێشکەوتنەکانی راگرت، خەریکە دەستکەوتەکانی رابردووش بە ئاودا دەدات، دەتوان بڵێم ئێستا رەوشی خزمەتگوزارییە دەروونییە حکومییەکان لە کوردستان لە سفرەوە نزیکە".

پزیشکە دەروونییەکە دەڵێ ئێستا هۆشیاریی خەڵک لەبارەی نەخۆشییە دەروونییەکانەوە لە جاران باشترە و ژمارەیەکی زیاتری خەڵکی بۆ چارەسەر و راوێژی دەروونی روو لە پزیشکان دەکەن.

بەبڕوای ئەو دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا کار بۆ ئەوە بکرێت تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەستنیشان بکرێن و زوو چارەسەر بکرێن "هەندێک نیشانەی جەستەیی هەن، هۆکارەکەیان دەروونییە، بۆ نموونە لەوانەیە نەخۆشیی خەمۆکی بەشێوەی پشتئێشە یان سەرئێشە خۆی بنوێنێ، ئەگەر پزیشکە گشتییەکان لە بنکە تەندروستییەکان خولی دەروونی ببینن، ئەوە هەر زوو حاڵەتەکان دەناسنەوە و رەوانەی سەنتەرە پسپۆڕەکانیان دەکەن، ئەگەر شارەزاش نەبن ئەوە بە پشکنین و ئازارشکێنی جۆراوجۆرەوە سەرقاڵیان دەکەن و زۆر درەنگ دەکات تاوەکو نەخۆشییە بنچینەییەکە دەستنیشان دەکرێت کە نەخۆشییەکی دەروونییە".

ئەو بەپێویستی دەزانێ توێژەرە دەروونییەکان چالاک بکرێن و رۆڵی زیندوویان پێبدرێ، تاوەکو لەو قوتابخانە و شوێنانەی کاردەکەن حاڵەتەکان بناسنەوە و رەوانەی سەنتەرەکانیان بکەن.



## پزیشکێک: خزمەتگوزاریی تەندروستیی دەروونی لە کوردستان نزیکە لە سفر

**رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێ پێویستە لە سێ ئاستدا کار بۆ باشکردنی تەندروستیی دەروونی بکرێت لە دەزگاکانی نێو سیستمی تەندروستی:**

1- بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکانی نێو گەڕەکەکان و پزیشکەکانی خێزان و یەکەی تایبەت بە توێژەرە دەروونییەکان لە داودەزگا جیاوازەکانی وەک قوتابخانەکان.

2- نێوەندە راوێژکارییەکان.

3- نەخۆشخانە سەرەکییەکان.

بەڵام لە کوردستان زیاتر لە ئاستی سێیەمدا کارکراوە و ئاستە سەرەتاییەکان پشتگوێ خراون کە بەشە هەرە زیندووەکانن، بە تایبەت لە ئاستی بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکاندا.

# مێشکت سەرسوڕهێنەرە !!

رووداو- DW

پێکهاتەی مێشک تەواو ئاڵۆز و سەرسوڕهێنەرە، جگە لە راییکردنی کارەکانی خۆی، سەرپەرشتی رێکخستنی کاری زۆربەی ئەندامەکانی دیکەی جەستەش دەکات. ئەمانە چەند زانیارییەکن دەربارەی ئەو ئەندامە گرنگەی لەش:

### 1 - هەست بە ئازار ناکات:

شانەی مێشک ئەو پێکهاتە دەمارییە تایبەتمەندانەیان نییە کە هەستی ئازار وەردەگرن. ئەی کەواتە هۆکاری سەرئێشە چییە؟ سەرئێشە هۆکارەکانی جیاوازن، هەر لە کرژبوونی ماسولەکانی رووخسار و ملەوە، تاوەکو هەوکردنی گیرفانەکانی لووت و گرژبوون و خاوبوونەوە و تەنانەت تەقینی بۆرییەکانی خوێن.

### 2 - شانەیەکی تەواو چەورە:

65%ی پێکهاتەی مێشک لە چەورییە بەسوودەکانی وەک ئۆمێگا-3 پێکهاتووە، توێژینەوە زانستییەکان دەڵێن زیادبوونی چەورییە زیانبەخشەکان لە جەستەدا بەگشتی و مێشک بەتایبەتی، خراپ لەسەر توانای بیر و زیرەکیی مرۆڤ دەشکێتەوە.

### 3 - مێشکی پیاو قورسترە:

کێشی مێشک نیوەی کێشی کەللەسەرە. تێکڕای کێشی مێشکی خانمان 1245 گرامە، ئەوەی پیاوان زیاترە و 1375 گرامە. وەک بەراوردێک، کێشی مێشکی فیل 6 کیلۆگرامە، بەڵام کێشی مێشکی پشیلە تەنیا 30 گرامە.

### 4 - مێشکی خۆڵەمێشی و مێشکی سپی:

40%ی مێشک لە بەشێکی خۆڵەمێشی پێکهاتووە و دەکەوێتە رووکاری دەرەوەی مێشک. ئەم بەشە کاری ئەوەیە زانیارییەکانی مرۆڤ رێکبخات و هەڵیانبگرێت. ئەوەی دەمێنێتەوە بەشە سپییەکەی مێشکە کە زیاتر کاری ئەوەیە هاتوچۆ بە ئاماژە جیاوازەکان بکات لە مێشکدا.

### 5 - خەرجییەکی زۆری دەوێ

مێشکی کەسێک تەنیا 2%ی کێشی پێکدێنێ، کەچی 20%ی وزە و 25%ی ئۆکسجینی جەستە بۆ خۆی دەبات، بەوەش زۆرترین وزە دەبات بە بەراورد بە هەر ئەندامێکی دیکەی جەستە. 66%ی ئەو وزەیەی وەریدەگرێت، بۆ کارکردنی دەمارەخانەکان بەکاری دێنێ و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی خانەکانە.

### 6 - وزەی گڵۆپێک کارەبای پێیە:

بەگوێرەی ماڵپەڕی فۆکەسی ئەڵمانی، ئەو وزەیەی مێشک بەرهەمی دەهێنێ، دەتوانێت گڵۆپێک دابگیرسێنێ. واتە دەکرێ مێشک بچوێنین بە پاترییەک کە بەردەوام کاردەکات. لەکاتی لە خەو هەستاندا مێشک 23 وات کارەبا دەدات، ئەوەش بەسە بۆ داگیرساندنی گڵۆپێک.

### 7 - هەتا پێچاوپێچ بێت باشترە:


ئەو هەموو پێچەی لەسەر رووکاری مێشک هەیە، نیشانەیەکی باشە و بۆ ئەوەیە زۆرترین رووبەری هەبێت، بەوەش زۆرترین دەمارەخانەی هەبن، تاوەکو مێشکی کەسێک دەمارەخانەی زیاتری هەبن، توانای زیرەکیی ئەو کەسە زیاتر دەبێت. دەبێ بزانین وەک چۆن قەبارەی سەری کەسێک لە کەسێکی دیکە جیاوازە و پەیوەندی بە لایەنی بۆماوەیی هەیە، رادەی پێچاوپێچی و رووبەری زیادی مێشکیش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.

### 8 - بۆن لەیاد ناکات:

مێشکی مرۆڤ هیچ شتێکی وەک بۆن بیرناکەوێتەوە. ئەویش چونکە هەستی بۆنکردن لەچاو هەستەکانی دیکە، زۆرترین ناوچەی پێشوازیکەری هەیە. توێژینەوەیەک لەسەر کەسانی بەتەمەن کراوە بۆ زانینی رادەی بیرکەوتنەوەی بیرەوەرییەکانیان. لە تاقیکردنەوەکاندا وێنە، وشە و بۆن بەکارهاتوون. لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەو یادەوەرییانەی پەیوەست بوون بە بۆن، لە سەردەمێکی زووەوە بیری کەسەکان دەهاتنەوە، کەچی ئەوانەی تایبەت بوون بە وشە و وێنە، لە تەمەنێکی گەورەتر و درەنگترەوە بیردەهاتنەوە.

### 9 - پەیوەندی مێشک و ریخۆڵە زۆر پتەوە:

توێژینەوەیەکی زانکۆی بەنێوبانگی هارڤارد دەریخستووە کە تەندروستیی ریخۆڵە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کار لە مێشک دەکات، بەجۆرێک ئەوانەی رێژەی بەکتریا سوودبەخشەکانی ریخۆڵەیان ئاساییە، کەمتر تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێ دەبن و دەروونێکی ئارامتر و تەندروستتریان دەبێ.



# هەستەوەریی بەهار.. هۆکار و چارەسەر



بەشێکی زۆری خەڵک گۆرانی بە باڵای بەهاردا دەڵێن و خۆشحاڵن بە هاتنی، بەڵام بۆ ئەوانەی تووشی هەستەوەریی بەهارە دەبن، بەهار لە سەختترین وەرزەکانە و دوعا دەکەن زوو بڕوات.

## نیشانەکانی

هەستەوەریی بەهارە بەهۆی ئەوە روودەدات کە کۆئەندامی بەرگری بەشێوەیەکی توند و نائاسایی کاردانەوە دەنوێنێ بۆ دەنکەهەڵاڵەی گوڵ و گیاکان. لە ئەنجامی ئەو کاردانەوەیەی کۆئەندامی بەرگری، لووت ئاو دەکات، پژمینی زۆر و دووبارە روودەدەن، چاو سووردەبێتەوە و دەخورێ و هەڵدەئاوسێ.

نیشانەکانی ئەو هەستەوەرییە، کەسەکە تەواو بێزار دەکەن و ئەنجامدانی رۆتینەکانی ژیانی رۆژانەی ئەستەم دەکەن، تەنانەت خەوی هەندێک لە تووشبووان تێکدەدەن. باشترە بە رێنمایی پزیشک ئەم نیشانانە کۆنترۆڵ بکرێن، نەوەک زیاتر تەشەنە بکات و بگاتە کەناڵە جیاوازەکانی هەناسە و بەهۆی نۆرەی رەبۆوە مەترسی بۆ سەر ژیانی کەسەکە دروست ببن.

## جۆرەکانی

لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا 15%ی خەڵکی هەستەوەریی بەهارەیان بە توندیی جیاواز هەیە. بەشێک لە تووشبووان تەنیا بە گیا و گوڵە بەهارییەکان هەستەوەرن کە تەمەنێکی کورتیان هەیە، کەچی هەندێکی دیکە بە درەختی ئەوتۆ هەستەوەرن کە لە مانگی دوو تاوەکو مانگی 10 گەڵا و دەنکەهەڵاڵەی هەیە و بەوپێیە هەشت مانگی ساڵ لە زەحمەتییەکانی هەستەوەریدا دەژین.

## هۆکارەکان

هۆکارەکانی بە وردی نەزانراون، بەڵام پاڵنەری بۆماوەیی رۆڵی هەیە. جگە لەوە، ئێستا تێبینی دەکرێت لەنێو دانیشتووانی شارەکاندا ئەمجۆرە هەستەوەرییە بڵاوترە تاوەکو گوندەکان، وا بڕوا دەکرێ دانیشتووانی گوند بەهۆی بەرکەوتنی بەردەوامیان بە گژوگیا و ئاژەڵەکان، کۆئەندامی بەرگرییان لەگەڵ ماددە هەستەوەری دروستکەرەکان ئاشنایی پەیدا دەکات و چیدی کاردانەوەی توند و دوژمنکارانە نانوێنێ کاتێک ئەوانە بەر جەستە دەکەون.

## چارەسەر

گرتنەبەری رێوشوێن لە دژی کۆئەندامی بەرگری:

لەمبارەدا پزیشک ئەو هۆکارە دەدۆزێتەوە کە هەستەوەرییەکە دروست دەکات، دواتر بە چەند دانیشتنێک بە بڕی کەم کەم ئەو ماددەیە لە جەستەی کەسەکە دەدات تاوەکو کۆئەندامی بەرگری پێی ئاشنا دەبێت و چیدی کاردانەوەی توند لە بەرامبەریان نانوێنێ کاتێک دەچنە نێو جەستە، بەڵام ئەم رێگەیە بۆ هەمووان سوودی نییە و دەبێت پزیشکی پسپۆڕی هەستەوەری و بەرگریزانی بڕیاری لێبدات.

### - دژە هستامینەکان:

وەکو لۆرتین و هاوپۆلەکانیان کە هەندێکیان بەشێوەی حەب هەن و هەندێکی دیکە بەشێوەی قەترەی لووت و چاو. ئەمانە دژی دەردانی ماددەی هیستامینن لە خانەکانی بەرگرییەوە، بەوجۆرە نیشانەکانی هەستەوەری سەرکوت دەکەن. هەندێک لەم دەرمانانە، کاریگەریی لابەلایان هەیە، وەکوو: گێژبوون و خەواڵوویی و کەمبوونەوەی توانای سەرنجدان و دەرککردن.

### - ستیرۆید:

ستیرۆید دەبێ بە رێنمایی دیاریکراو و بۆ ماوەی دیاریکراو بدرێ و بە ئاگاداریی پزیشک بێت، چونکە کاریگەریی نەخوازراوی زیاترە، بەتایبەت کاتێک بەشێوەی حەب و دەرزی بدرێ.

## فێستیڤاڵێک بۆ کتێب لە سلێمانی



**رووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لە ڕۆژی جیهانیی کتێبدا، فێستیڤاڵی کتێب لە شاری سلێمانی ساز بکرێت و چەندین چالاکیی هونەریش بەڕێوەدەچن.
ئاڵا رەئوف، بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، لە ڕۆژی جیهانیی کتێبدا کە 2016/4/23یە، کتێبخانەکەیان و کۆمپانیای ئاسیاسێلاً فێستیڤاڵێک ساز دەکەن و چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت. ئاڵا گوتی "لە فێستیڤاڵەکەدا زیاتر لە 15 خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لە سلێمانی و وڵاتانی سووریا، تورکیا، میسر و لوبنان بەشدار دەبن، هەر لەو ماوەیەشدا پێشانگای شێوەکاری بۆ پێشمەرگە و شەڕڤانان و فۆتۆ و سیرامیک دەکرێتەوە". بە گوتەی ئاڵا، لە چوارچێوەی فێستیڤاڵەکەدا کۆڕی شیعر و سیمینار و لێکۆڵینەوە بەڕێوەدەچن، لەگەڵ ئێوارە کۆنسێرتێکیش بۆ هونەرمەند رەوا جەمال عەبدول، پاشانیش کردنەوەی هۆڵی سینەمای منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی.

## کارەکەی زەهاوی بۆ گەڕانەوەیە



**چۆمان مەحموود**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی میوزیکژەن هەژار زەهاوی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆکلیپێکە کە لە بەرازیل وێنەی گرتووە و بەنیازە بەم نزیکانە بڵاوی بکاتەوە.

هەژار زەهاوی بە (رووداو)ی راگەیاند "ڤیدیۆ کلیپەکەم بەنێوی (گەڕانەوە)یە کە لە بەرازیل وێنەی گیراوە، کارەکەم پەیامێکە بۆ ئەو گەنجانەی بە بیانووی جیاجیا کوردستان جێدەهێڵن و روو لە ئەورووپا و ئەمریکا دەکەن".

سەبارەت بە کاری دیکەی، هەژار زەهاویی دەفژەن کە پێشکەشکاری بەرنامەی ئاوازی جیهانە لە کەناڵی (رووداو) گوتی "ماوەی دوو ساڵە بەنیازی پڕۆژەیەکی زۆر گەورەی میوزیکیم کە پێویستە لە وڵاتانی ئەورووپادا کاری لەسەر بکرێت. دەکرێت بڵێین دەبێتە شاکارێکی گەورەی کوردی، ئەوە خەونی گەورەی منە کە بتوانم کاری لەسەر بکەم".

## مەهاباد لە ئیسرائیل کۆنسێرت دەکات



**رووداو- هەولێر**

مەهاباد ئیبراهیم، هونەرمەندی شاری دهۆک، لە ئیسرائیل کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیکی کوردی بۆ کوردی ئەو وڵاتە سازدەکات.

مەهاباد بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی چەندین ساڵ لە لۆس ئەنجلس لە ئەمریکا بۆ زیاتر لە 10 هەزار جووی کورد، کۆنسێرتمان پێشکەش دەکرد، ئەمجارە لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵەی کوردانی جوو لە ئیسرائیل داوەتکراوم تاوەکو لەوێش گۆرانی کوردی پێشکەش بکەم، چونکە ئەوان لە مانگی چوار و پێنج گەشت و سەیرانی هاوبەش دەکەن و حەزیان لە سەما و گۆرانی کوردییە".






## فەجری تاران بە کوردی دەستپێدەکات

**رووداو- هەولێر**

بە نمایشی فیلمەکانی کۆبانێ و شنگال و بە بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی کورد، 34هەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر لە شاری تاران بەڕێوەدەچێت.

رەزا میرکەریمی، بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە رایگەیاند "لە فێستیڤاڵی ئەمساڵدا و بەپێی ئەو هەماهەنگییەی کە کردوومانە، لانیکەم سێ فیلم لەسەر بابەتەکانی کۆبانێ و شنگال نمایش دەکەین".

هەموو ساڵێک سینەماکارانی کورد بە بەرهەمەکانی خۆیان لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی فەجر بەشداریی دەکەن و خەڵاتە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەم فێستیڤاڵە بەدەستدێنن، ئەمساڵ فێستیڤاڵی فەجر بە سەرۆکایەتی سینەماکاری ناوداری ئێرانی "رەزا میر کەریمی" بە نمایشی چەند فیلمێک سەبارەت بە بەرخۆدانی کۆبانێ و شنگال و بە بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی کورد و سینەماکارانی وڵاتانی جیهان لە ڕۆژانی 20-2016/4/25 لە تاران بەڕێوەدەچێت.

## هەڵوێست منداڵ دەبێتەوە

**رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ هەڵوێست گۆرانییەکی بۆ منداڵان تۆمارکردووە و بڕیارە لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا کلیپەکەی بڵاوبکاتەوە.

هەڵوێست بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو بەرهەمە لە هۆنراوە و ئاوازی خۆیەتی و بڕیارە بەم نزیکانە کلیپی بۆ بکات. گوتیشی "بەلامەوە گرنگ بوو ئیشێک بۆ منداڵان بکەم و لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا بڵاوی بکەمەوە".

هەڵوێست لە مانگی رابردووشدا یەکەمین کۆنسێرتی لە شاری سلێمانی سازکرد کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. بەپێی زانیارییەکانیش کار بۆ ئەلبوومێکی نوێ دەکات و بڕیارە لە هاوینی ئەمساڵدا بڵاوی بکاتەوە.





## سامی گەیشتە لووتکە

**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

کورتە فیلمی "من سامیم" کە بەرهەمێکی هاوبەشی بەریتانیا و هەرێمی کوردستانە و لە دەرهێنانی کەی بەهارە، ژمارەی بەشداریکردنی لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان گەیاندە 100 فێستیڤاڵ.

کەی بەهار دەرهێنەری فیلمەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمی من سامیم لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا گەیشتە لووتکە، چونکە تاوەکو ئەمڕۆ لە 100 فێستیڤاڵ بەشداری کردووە و 40 خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە زیاتر لە 25 جار خەڵاتی باشترین فیلم و بینەران".

کەی بەهار گوتیشی "لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە فیلمەکە لەم مانگەدا لەلایەن کۆمپانیای دیستریبیوشنی ئەمەریکی – شۆرتس ئینتەرناشنال، هەڵبژێردرا بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمەکە لە هەموو بوارەکانی تایبەت بە کورتە فیلم لە سەرتاسەری جیهان، لەوانە بۆ نیشاندان لە سینەما، تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، دی ڤی دی. ئەم کۆمپانیایە زیاتر ئەو فیلمانە بڵاودەکاتەوە کە خەڵاتی ئۆسکاریان پێدە بەخشرێ یان هەڵبژاردەن بۆ ئەم خەڵاتە، ئەمەش بۆ سینەمای کوردی دەسکەوتێکی مەزنە".





## لە کەمال محەممەد مەپرسن

**رووداو- هەولێر**

کەمال محەممەد، هونەرمەندی شاری سلێمانی، نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی بەناوی لێم مەپرسە بڵاودەکاتەوە.

بڕیار فەتاح، دەرهێنەری کلیپەکە بە (رووداو)ی گوت "ئەمە گۆرانییەکی نیشتمانیی کەمال محەممەدە و لەڕێی ئەم گۆرانییەوە دەیەوێت پەیامی خۆی بۆ هەموو کورد بنێرێت کە یەکڕیز و تەبا بن".

گۆرانییەکە لە ئاوازی کەمال محەممەد و تێکستی هیوا ئەحمەدە و هەر لە سلێمانی کلیپی بۆکراوە.

## هەرێم بەدوای کچی خەڵکەوەیە

**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

هەرێم محەممەد، هونەرمەندی گەنج ڤیدیۆکلیپێکی بەناوی کیژێ خەرکی بڵاوکردەوە کە لە ئاواز و تێکستی هونەرمەندی میللی حەسەن رەسول سیساوەییە و تۆڕی میدیایی رووداویش سپۆنسەری بەرهەمەکەیە.

هەرێم محەممەد هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم گۆرانییەی بۆ (رووداو) باس کرد و گوتی "لە ساڵی 2012 لە سەردانێکمدا بۆ لای هونەرمەند حەسەن سیساوەیی، ئەو بەرهەمەی پێشکەشی من کرد، منیش دوای چەند گۆڕانکارییەک لە دابەشکردنی میوزیک و بەرهەمەکە، جارێکی دیکە تۆمارم کردەوە و حەزم کرد ئەم بەرهەمە دوای مردنی هونەرمەند حەسەن سیساوەیی هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە".

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
لەم هەفتەیەدا دەتوانی رێککەوتنێکی نوێ بۆ باشکردنی کارەکەت بکەیت. ڤینۆس لە کەلوەکەتدا یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی باشتر خۆت لەگەڵ خەڵکانی چواردەورت بگونجێنی و سەرنجیان رابکێشیت.

### گا
بەهۆی ئەستێرەی عەتارید لە کەلوەکەتدا توانای دەربڕینت بەهێز دەبێت و دەتوانی بە گفتوگۆی هێمن بەرامبەرەکەت قایل بکەیت. ئەم هەفتەیە بۆ بڕیاری پەیوەندیدار بە سۆز و ئەڤین باش نییە.

### دووانە
هەست دەکەی کارەکانت لەجێی خۆیان وەستاون، هەوڵ بدە پلانێکی باشتر بۆ چەند ڕۆژی داهاتوو دیاری بکەیت. تەنها جوانی مەکە بە پێوەر بۆ خۆشویستنی کەسێک.

### قرژاڵ
رەنگە حەز لەسەرکێشی نەکەیت، بەڵام لەم هەفتەیەدا پێشنیاری کارێکی لەو شێوەیەت بۆ دەکرێت. لەگەڵ سۆزدارەکەت ئەو کارانە باس بکە کە بەنیازی ئەنجامیان بدەی.

### شێر
سوود لە ئامۆژگاریی نزیکەکانت وەربگرە. پەیوەندییەکی دوور ئاسوودەیی زۆرت پێدەبەخشێ. بەپێی تێگەیشتنی خۆیان مامەڵە لەگەڵ کەسەکان بکە. دەستکەوتێک باری داراییت باش دەکات.

### فەریک
هەرچەندە دەبێت گرنگی زیاتر بە تەندروستیت بدەی، بەڵام لایەنی سۆزداری پڕە لە گەشبینی. پەیوەندی و دیدارت زۆر دەبێت و گفتوگۆی زۆری لێدەکەوێتەوە، بەڵێنەکەت لەیاد مەکە.

### تەرازوو
دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ کەسێک دروست بکەیتەوە کە لێی دابڕاوی. لێکدانەوە بۆ چەند بیرۆکەیەکی باش دەکەیت و بڕیاری جێبەجێکردنی یەکێکیان دەدەی. بڕە پارەیەکت دەستدەکەوێ.

### دووپشک
رایەکی نوێ دەبیستی کە بەتەواوی سەرنجت رادەکێشێ و بیرکردنەوەت دەگۆڕێت. هەست بە گرنگیی ئەو شتانە دەکەی کە هاوکاریی ژیانت دەکەن، ئەگەر رەشبین نەبیت بەربەستت بۆ دروست نابێت.

### کەوان
بیرۆکەکانت بابەتی نوێیان تێدایە، بەڵام ناتوانی کاتی تەواویان بۆ تەرخان بکەی. باشترین پلان هەڵبژێرە بۆ جێبەجێکردن چونکە دەتوانی ئەنجامی بدەیت و سەرکەوتنیش تۆمار بکەی.

### گیسک
دەتوانی گفتوگۆی شیرین لەگەڵ ئەو کەسانە بکەیت کە دەتەوێ سەرنجیان رابکێشی. لە هەنگاوەکانتدا هەست بە گەشانەوە دەکەیت، کارەکانت باشتر بەڕێوەدەچن و چالاک دەبیت.

### سەتڵ
سەفەری کتوپڕ مەکە، خەم و دڵتەنگی گرفت چارەسەر ناکەن بەڵکو هەوڵی جددی بدە بۆ چارەسەرکردنی. هەوڵ بدە هێمن بیت و خەڵک هەڵچوونەکانی تۆ وەک خاڵی لاوازی بەکارنەهێنن.

### نەهەنگ
کاتێکی زێڕینە بۆ دەستکەوتنی پارە و لە هەوڵەکانت کەمتەرخەم مەبە. پەیوەندیت لەگەڵ ئەو کەسانەی لێت دوورن زیاد دەکات. ڕاڕا مەبە، سوودی هەندێک کار لەسەرەتای دەستپێکردنەوە دەرناکەوێت.

# ترسێک پێش لەبیرچوونەوەی



**کامەران سوبحان**

لە سەرەتاکانی خوێندنەوەمدا، کاتێک بەرهەمی بەشێک لە نووسەران و شاعیرانی پێشووتری کوردم دەخوێندەوە، پرسیارێکم بۆ دروست دەبوو: لە کاتێکدا مێژووی ڕابردوومان لەسایەی داگیرکەران و چەوسێنەرانی بێگانە و دراوسێدا نووسراوەتەوە، چۆن بەشێک لەم سەروەتە گەورەیەی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، لە ونبوون پارێزراوە؟

وەڵامەکەی هەرچی بێت گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر، مامەڵەی ئێمەیە لەگەڵ ئەو تێکست و بەرهەمانە. لەم بوارەشدا چەندی هەوڵی جیاواز هەبووە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی وەک خۆی، یان ژیاننامەی ئەو نووسەرانەی کە لەو سەردەمەدا بەرهەمیان هەبووە، بەلای منەوە ئەم هەوڵانەی پێشووی ئەدەبی کوردی، لە خانەی نووسینەوەی مێژوو ناچێتە دەرەوە، بە تایبەتیش هەوڵەکانی عەلائەدین سەجادی و د.مارف خەزنەدار و د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا.

ئەمە بابەتێکی دیکەیە، دەکرێت لە دەرفەتێکی دیکەدا هەڵوێستە لەسەر ئەو مێژووەی ئەدەبیاتی کوردی بکەین. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە ساتێک پێش لەبیرچوونەوەی بەشێک لەو ناوانە، چ وەک فیگەر چ وەک بەرهەم بدەم.

بەو پێیەی لە هونەرەجوانەکان ئەدەبیاتی تێکست و هونەری درامام خوێندووە، ئەمە بووە پاشخانێک بۆ من بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی تری ئەدەبیاتی کوردی کە لە ڕابردوودا ژیاننامەی نووسەر و ناوی بەرهەم و بابەت نووسراونەتەوە، من بێم مامەڵەیەکی درامییانە لەگەڵ ئەو نووسەرانە و بەرهەمەکانیان بکەم.

کارەکتەرێکی وەک (مەلای گەورە) لای من، بە تەنیا گێڕانەوەی ژیاننامەی مەلایەکی خوێندەوار و کراوە نییە کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا و لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا ژیابێت و شیعری نووسیبێت و قورئانی کردبێت بە کوردی. ئەمە دیوێکی درامای مەلای گەورەیە، دیوەکەی دیکەی، خەیاڵی من و بینینی من بۆ ئێستا و ئەو سەردەمەی مەلای گەورەیە، ئەم بینینە دەبێتە دەقێکی درامی و هەردوو لایەنەکە تێکەڵاو دەبێت و دەقێکی نوێ لە نێوان چیرۆک و گێڕانەوە و تێکستێکی بارگاوی بە خەیاڵ و ڕاستی دروست دەبێت، دواجار ئەو بڕیارە خوێنەر پاش خوێندنەوەی پۆرترێتی ئەو نووسەرانە دەیدات کە زۆر جار هەندێ لە خوێنەرەکانم پرسیاری ئەوەیان لێکردووم، ئایا ئەوەی لەسەر ئەحمەد موختار جاف یان پۆرترێتی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یان عەبدولڕەحیم هەکاری نووسیوتە، چیرۆکە یان وتار، ڕاستییە یان خەیاڵ؟ ئەم پرسیارانە بۆ من مایەی خۆشحاڵییە کە خوێنەر لە دڵەڕاوکێی ڕووداوەکانی بابەتەکەدا بێت.

ئەحمەد هەردی و ئەحمەد موختار جاف و بێکەس و هەژار و عەلائەدین سەجادی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و حسێن عارف و عەبدولخالق مەعروف و هەموو ئەو کەسایەتیانەی دی، من بەم شێوەیە مامەڵەم لەگەڵ کردوون. هەندێ لەو کارەکتەر و نووسەرانە پێشتر خۆم بینومن و مامەڵەم لەگەڵ کردوون، ئەمە زیاتر خەیاڵ و بیرکردنەوە و پەیوەندیی نووسین و گەمەی درامی لا واڵا کردم. بە جۆرێک لە نێوان خەیاڵ و ڕاستیدا خوێنەر دەقێک دەخوێنێتەوە کە تێکەڵەیە لە خەیاڵ و ڕاستی. زۆر جاریش ئەو کارەکتەرانە خۆیان دێنە ناو نووسینەکە و بەشداریی دەکەن لە ڕوودانی ڕووداوێک یان دیمەنێکی تایبەتدا، هەروەک پێشتر خوێندتانەوە کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خۆی وەک کارەکتەرێک بەشداریی نووسینەکەی کرد و دەنگی هەبوو لەگەڵ کارەکتەرەکانی تری ناو نووسینەکەم. ئەمە جگە لەوەی لە گێڕانەوەی ڕووداو و دیمەنی بەسەرهاتەکانی ژیان و مێژووی ئەو کارەکتەرانەدا، زانیاری لەسەر بەرهەم و تێکست و کتێبەکانیان وەک خۆی بۆ خوێنەر نووسراوەتەوە.

ئەم شێوازە بۆ من دەبێتە دەقێک بۆ لەبیرنەچوونەوە. هەمیشە لە نووسیندا ئەو ترسەم هەبووە کە نەوەکانی پاش ئێمە نەزانن هەردی و شێرکۆ بێکەس و کەریم کابان و محێدین زەنگەنە و دەیان ناوی دیکە، کێ بوون و چییان بەرهەم هێناوە. ئەم هەوڵەی من بە جۆرێکی دیکەش دەیەوێت خەیاڵی کارەکتەر و بەرهەمی نووسەر و دیمەنی درامی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بن.

لێرەدا ئاماژە دەکەم بە پێشەکی دوو کتێبی گرنگی دوو نووسەری خەمخۆری وشەی کوردی کە ئەوانیش هەردوو کتێبی (یادی مەردان و ناڵەی دەروون)ی هەردوو بەهەشتی (مەلا عەبدولکەریمی



شێخ محەممەدی خاڵ



عەلائەدین سەجادی

# کەسایەتی و ڕووداو لە گێڕانەوەی پۆست مۆدێرندا


**ئەنوەر عەباسی**

گێڕانەوەی پۆست مۆدێرن چ وەکوو کورتە چیرۆک و چ وەکوو ڕۆمان، لە زۆربەی فاکتەرە گشتییەکانی چیرۆکدا، لەگەڵ گێڕانەوەی کلاسیک و مۆدێرن جیاوازیی بەرچاوی هەیە. لەم کورتە باسەدا هەوڵ دەدەم تایبەتمەندییەکانی (کەسایەتی) و (ڕووداو) لە گێڕانەوەی پۆست مۆدێرندا بخەمە بەر باس. ئەگەرچی بۆ ئەم باسانە زۆر بە پێویستی دەزانم کە پێش دەستپێک، سەرەتا باسێکی گشتی لەسەر کلاسیزم و مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم و هۆکارەکانی بەدیهاتن و بۆچییەتی پێویستییان بۆ خوێنەر شی بکەمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە وتارەکە درێژ نەبێتەوە، ئەم کارە ناتوانم بکەم و دەبێ هیوادار بم کە خوێنەری خوازیار خۆی وەدووی ئەم باسە سەرەتاییانە بکەوێ.

## کەسایەتی لە گێڕانەوەی پۆست مۆدێرندا:

هەرکام لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرن دەتوانێ هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا هەبێ کە لە خوارەوە باس دەکرێن، یان تەنیا هێندێکیانی تێدا بێت.

1- کەسایەتی لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرندا بزۆزە و جێی متمانە نییە. زۆرجار خاوەن شوناسێکی لەرزۆک و خەیاڵین و لەوانەیە وەها کەسێک لە جیهانی ناسراوی ئێمەدا بوونی نەبێ. دەتوانین بڵێین کەسایەتییەک کە لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرندا دێتە بەر باس، کەسایەتییەکە لەنێو خەونەکانەوە هاتووەتە دەرەوە. دەتوانێ خەونێکی خۆش بێت یان مۆتەکە. بەڵام کردار و هەڵسوکەوت و ڕوانینی بۆ دنیا و هزرینی، پێکهاتەیەکە لە ڕاستی و خەیاڵ. بۆ نموونە "ڕمیدیوسی ژیکەڵە" لە ڕۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی" گابریەل گارسیا مارکیزدا وەها کەسایەتییەکە.



2- لە گێڕانەوەی پۆست مۆدێرندا ڕەوتی گشتی لە سازکردنی کەسایەتی و پێوەندییان بە ڕووداوەکانەوە تووشی بێ بنەماییەکی دژە ڕیال دەبێتەوە. بۆچی لەجیاتی دژە ڕیال ناڵێم ناڕیال؟ لەبەرئەوەی کە نووسەر ئەم کارە بە قەستی و بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ڕیالیزم دەکات نەک ئەوەی کە تەنیا ویستبێتی ڕیال نەبێ. بۆ نموونە دەکرێ کەسایەتی نێو چیرۆکەکەمان بمرێت، بەڵام هەروا وەکوو کەسێکی زیندوو لە نێو ڕۆمانەکەدا هەبێ و تەنانەت بەشێک لە چیرۆکەکەیش یان هەمووی بگێڕێتەوە.

3- یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی نێو ئەم چەشنە چیرۆکانە نامسۆگەر بوون و چەند ڕەهەندی بوونیانە و بەگشتی تووشی قەیرانی شوناسن. هەڵبەت مەبەست لەم شوناسە شوناسی بەشەری نییە، بەڵکوو بە مانای ئەملاییبوون یان ئەولاییبوونە. واتە کەسایەتی نێو ئەو شێوە چیرۆکانە زۆر جار تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێن لەنێوان چەند جەمسەریی شێوازی ژیان. شێوازێک لە قەیرانی شوناسێک کە جیهانی بووەتەوە. منێک یان ئەوێک کە بەردەوام لە نێوان خۆی ڕاستەقینە و خۆیەک کە بە ڕاستەقینەتری دەزانێت و خۆیەک کە پیشانی دەدات، سەرگەردانە. هەموو ئەمانە لە ڕێگای زمانەوەیە کە دەرفەتی هاتنە بوونیان لەنێو ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرندا بۆ دەڕەخسێ. واتە ئەم "خۆ"یانە لە سازوکارێکی زمانیدا لێکدەئاڵێن و هەموو ڕەهەندەکانی کەسایەتییەک ساز دەکەنەوە.

4- لەوانەیە ئەو کاتانەی کە خوێنەر سەیری کەسایەتییەک دەکات، ڕابردووەکەی ببینێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەنێو چوارچێوەی زەمانیدا هیچ زانیارییەکی دیاریکراو لەو کەسایەتییە بەدەستەوە نەدرابێت.

5- کەسایەتی بەگشتی لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرندا لە باری دەروونناسانەوە شیزۆفرینیکن، کەواتە یەکەم: کەم قسەن. دووەم: لەوانەیە قسەکانیان بێسەروبەر بێت و سێیەم: لە قسەکردندا ڕستەی نابەجێ لە جێگای نابەجێدا بەکاردەهێنن و کۆی ئەمە مەبەستێکی لە پشتە کە لە درێژەی ئەو خاڵانەیە لەسەرەوە باس کرا.

## ڕووداو لە گێڕانەوەی پۆست مۆدێرندا:

لە چیرۆکی پۆست مۆدێرندا ڕووداوەکان بە شێوەی پارچە پارچە و جیا لە یەک دەچنرێن و زۆر جار لە نێوان ڕووداو و گفتوگۆکانی نێو چیرۆکەکەدا پێوەندییەکی ئاشکرا بوونی نییە. لەگەڵ ڕووداوە ڕیالەکان ڕووداوی خەیاڵی و نا ڕیالیش دێنە ئاراوە و لەوانەیە تەنانەت لە باری بارستەیشەوە لە ڕووداوە ڕیالەکان قورستر بن. بە تایبەت لە چیرۆکە زانستی — خەیاڵییە پۆست مۆدێرنەکاندا. لەم چیرۆکانەدا ڕووداوە ڕیاڵ و ناڕیاڵەکان وەها لە تەنیشت یەک دادەنرێن کە مرۆڤ وەبیری وڕێنە و خەون دەخاتەوە. ئەم شێوازی گێڕانەوەیە خەون و ترس و ئاواتەکانی کەسایەتییەکان بە بنەما دەگرێت و لەوان دەدوێ و تەنانەت لەوانەیە چیرۆکەکە بە ڕێگایەکی تردا بەڕێت. بۆ نموونە دەکرێ یەکێک لە کەسایەتییەکان لە نێو چیرۆکدا خەون بەوەوە ببینێت کە خەریکە بە دەمانچەیەکی کڵۆک کە دەنگبڕێکی ژەنگاویی بەسەرەوەیە، کەسێک دەکوژێ و کاتێک لە خەو هەڵدەستێ، لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە دەبیستێ کە لەو کاتەی ئەم خەوتووە، بەڕاستی کەسێک بە دەمانچەیەکی وەها کوژراوە. کەواتە نووسەر لەگەڵ نووسینی چیرۆکێکدا دەستەویەخەیە کە هیچ شتێک تێیدا پێشبینی ناکرێت.

ڕووداوەکان بەشێوەی "ئەگەر" دێنە نێو چیرۆکەکەوە. بەو مانایەی کە ئەگەری ئەوەیان هەیە کاتێک دێنە نێو چیرۆکەوە ببنە ڕووداوێکی لاوەکی یان ئەوەی کە ببنە گرینگترین ڕووداوی نێو چیرۆکەکە و لەوانەیە کۆی چیرۆکەکە بەرەو ئاراستەیەکی دیکە ببەن. هەروەها ڕووداوەکان جێگا دەگۆڕن و هێندەک جار بوون و نەبوونی یەکتری دەخەنە ژێر پرسیارەوە و دژبەری یەکتر دەوەستنەوە و بەمشێوەیە بەردەنگ ناچار دەکەن لێکدانەوەی خۆی بۆ ڕووداوەکان بکات. کەواتە دەکرێ یەکێک لە کەسایەتییەکان هەمان گێڕەرەوەی چیرۆکەکە بێت، لە کاتێکدا لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات و لە کاتێکی تردا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە.

سەرچاوەکان:

1- چیرۆکی پۆست مۆدێرن (وتار) فروغ سەهبا.

2- ئەدەبیاتی پاش مۆدێرن، پەیام یەزدانجو، چاپی مەرکەز.

3- پۆست مۆدێرنیزم، گلێن وارد. وەرگێڕانی بۆ فارسی ئەبوزەڕ مەردومی، چاپی ماسی.



مودەڕیس و شێخ محەممەدی خاڵ) ن و پێشتر هەڵوێستەم لەسەر هەردوو کتێبەکە کردووە لە دوو نووسینی جیاوازدا، کاتێک باس لە خەمی نووسین و کۆکردنەوەی بابەتەکانی نێو ئەو دوو کتێبە دەکەن و هەردووکیان ترسیان هەیە لەوەی بابەت و نووسینەکان لەبیربچنەوە و ون ببن، بۆیە دەیانەوێت بینووسنەوە و لە کتێبێکدا بڵاوی بکەنەوە.

مامۆستا مودەڕیس لەو پێشەکییەدا دەڵێت: (گەلێ جار بیرم لە ڕۆژانی ڕابردووی ژیانی خۆم دەکردەوە و ئەو باسە جوانانەم دەهاتەوە یاد کە لە دۆستان و زانایانی خۆمم بیستبوون، دەربارەی پیاوە ناودارەکانی وڵاتەکەم. کە هەریەک لەوانە وەک گەردنبەندێکی گەوهەر وابوون لە ملی گەردووندا. تەماشام دەکرد ئەو باسە شیرینانە لەیادم دەردەچن، لەبەر ئەوە لەم دوا ڕۆژانەی ژیانمدا، کەوتمە پەلە بۆ نووسینەوەی ئەوەی لەیادم ماوەتەوە).

شێخ محەممەدی خاڵیش لە پێشەکی (ناڵەی دەروون)دا دەڵێت: (وتارەکانی ئەم کتێبە، هەریەکە بە بۆنەیەک و لە کاتێکی تایبەتدا هەڵقوڵاون، لە مێشک و دڵمەوە بۆ سەر نووکی قەڵەمەکەم و منیش خێرا نووسیومن، بەشی زۆری زادەی بیروباوەڕی خۆمن و هەریەکەی بە بیرێک و بۆنەیەک و ئاواتێک نووسراوە. خۆشم ئەوێن، ئارەزووی مانەوەیان دەکەم وەک مانەوەی خۆم، هەوڵ ئەدەم بۆ هێشتنەوەیان وەک هێشتنەوەی خۆم، لەبەر ئەوە هەوڵی چاپکردنیانم دا لەم کتێبەدا).

منیش بە هەمان ترسی لەبیرچوونەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمەی ئەوانی تێدا ژیان، ترسەکە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە و هەمان ترسی لەبیرچوونەوەی ئەو ناوانەم هەیە و بە دوو دێڕە شیعری حاجی قادری کۆیی، کۆتایی بەم نووسینە دێنم کە دەڵێت:

ئەمانە زادەی ئەفکار و خۆشەویستیی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعمان
میسالی فەرخەیی ژیشک کە پێی دەڵێ دایکی
ئیلاهی (قاقمە) یاخۆ (سەموور)ە یا (دیبا)

# تیرۆری سیاسی لە ئیسلامدا (1)



**حەمەسەعید حەسەن**

کە پەیامهێن هێشتا لە مەککە بوو، ئیسلام بریتی بوو لە بانگخوازی، تواناى ئەوەی نەبوو، دەست بداتە چەک، ئاخر ئەوسا ئیسلام ئەگەر (خەبات)ی چەکداریی کردبا، پەنایەکی شک نەدەبرد، خۆی تێدا حەشار بدات و لێی بحەوێتەوە. پێشمەرگە لە شاخەوە دادەبەزی، لە شاردا ناپاکێکی تیرۆر دەکرد و دەگەڕایەوە بۆ شاخ، لە قۆناغی مەککەدا، چونکە موسوڵمانان هەم کەمینەیەکی لاواز بوون، هەمیش بنکەیەکیان لە دەرەوەی شار شک نەدەبرد، بۆیە ئەگەر ناحەزێکی خۆیان، تیرۆر کردبا، زۆر گران لەسەریان ڕادەوەستا و قورەیش قڕی تێ دەخستن.

کە پەیامهێن کۆچی بۆ یەسروب (مەدینە) کرد، لەوێ هەوڵی دا لە دژی بتپەرستانی مەککە، بە پشتبەستن بە لایەنی هاوبەشی هەردوو ئایینەکە، لەگەڵ جوولەکەکاندا هاوپەیمانیی پێک بهێنێت، بەڵام جوولەکە ترسی لە بتپەرستان نەبوو، ترسی ئەوەی هەبوو، ئایینی ئیسلام جێ بە ئایینی یەهوودی لێژ بکات، هەر وایش کەوتەوە، بۆیە جوو لە مەدینە، لە دژی هەژموونی ئیسلام و لە قازانجی قورەیش، ڕۆڵی ڕەتڵی پێنجەمی دەگێڕا. ئیدی موحەممەد بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی جوولەکە، هانای بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتییە کاریگەرەکانیان برد.

کەعبی کوڕی ئەشرەف کە سەرکردەیەکی ناسراوی جوولەکە بوو، یەکەمین قوربانیی تیرۆری سیاسی بوو لە مێژووی ئیسلامدا. لە دوای شەڕی بەدر، کەعب سەردانی مەککەی دەکرد و قورەیشی بۆ ئەوە هان دەدا، تۆڵەی کوژراوەکانی ئەو شەڕەیان لە ئیسلام بکەنەوە. کەعب (شاعیر)یش بوو، هەم هەجووی پەیامهێن و یاوەرانی دەکرد و هەم شیوەنەشیعری بۆ قوربانییانی قورەیش دەگوت، بەڵام چونکە شاعیرێکی لێهاتوو نەبوو، ترسی موحەممەد لە شیعرەکانی نەبوو، ترسی لە چالاکییەکانی هەبوو کە وەک سەرکردەیەکی بەتوانای جوولەکە، سەنگەری دژایەتیکردنی ئیسلامی هەڵبژاردبوو.

موحەممەد ئەرکی تیرۆرکردنی کەعب بە یاوەرێکی کردەی خۆی کە ناوی موحەممەدی کوڕی مەسلەمە دەبێت و دواتر عومەری کوڕی خەتتابیش بۆ سیخوڕیکردن بەسەر والییەکانییەوە، بەگەڕی دەخات، دەسپێرێت. ئیدی کوڕی مەسلەمە کە سەر بە خێڵی ئەوس دەبێت، بە ڕاوێژ لەگەڵ سەعدی کوڕی مەعازدا کە سەرەکخێڵی (ئەوس) دەبێت، بە سەرپەرشتی موحەممەد پلانێکی مەحکەم بۆ تیرۆرکردنی کەعب دادەڕێژن.

لەو شەوەدا پەیامهێن خۆی تا (بەقیع)ی قەراغ شار، لەگەڵ بکوژەکاندا دەچێت، لەوێ چاوەڕێیان دەکات تا دەگەڕێنەوە. کوڕی مەسلەمە کە ناسیاوی کەعب دەبێت، لە نزیک قەڵاکەیەوە بانگی دەکات، ئەویش بێ ئەوەی هیچ گومانی لێ بکات، دێتە دەرەوە. کوڕی مەسلەمە برادەرەکانی بە کەعب دەناسێنێت و بەدەم پیاسەوە دەکەونە قسەوباس. کەعب کە دەوڵەمەند و تازەزاوا دەبێت، عەترێکی بۆنخۆشی لە خۆی داوە، پیاوکوژەکان بە پاساوی بۆنکردنی عەترەکەوە، لێی نزیک دەبنەوە و بە شمشێر دەیکوژن، سەری دەبڕن و سەری بڕدراوی بۆ پەیامهێن دەبەنەوە.

ئیغتیال کە وشەیەکی عەرەبییە، بەو مانایە دێت، کەسێک لەڕێی فێڵێکەوە بکوژیت، نەک جاڕی شەڕی لەگەڵدا بدەیت و بە ئاشکرا بچیتە سەری. پیاوکوژەکان وەک نەیاری پەیامهێن خۆیان بە کەعب ناساندبوو، ئاخر لە مەدینەیش کەسانێک هەبوون دژایەتیی ئیسلامیان دەکرد، بەهۆی ئەو فێڵەوە فرسەتیان لێ هێنابوو، ئەگەرنا دەرۆستی نەدەهاتن. مەبەستی سەرەکیی موحەممەد لە تیرۆرکردنی کەعب ئەوەبوو، نەیارەکانی دیکەیشی بترسێنێت و پێیان بڵێت، من وەک مەسیح نیم، دوژمنانم بە ئاسانی دەستیان بمگاتێ. بەم تیرۆرە سیاسییەدا ئەوەیش ئاشکرا دەبێت کە سەربڕینی نەیار، زەرقاوی یان بەغدادی دایاننەهێناوە، لە مانگی سێی ساڵی دووەمی کۆچییەوە، یەکسەر لەدوای شەڕی بەدرەوە، لەسەر خواست و بە پلان و بە سەرپەرشتیی موحەممەدی پەیامبەری ئیسلام پێڕەو کراوە.

پەیامهێن کەعبی کوڕی ئەشرەفی بە کەسانی سەر بە ئەوس کوشت، بەڵام تیرۆرکردنی (سەلامی کوڕی باوکی حوقەییق) کە یەکێک بوو لە سەرانی خێڵی بەنی نەزیری جوولەکە، بە کەسانی سەر بە خێڵی خەزرەج سپارد. سەلامیش هەمان تۆمەتی کەعبی وەپاڵ درابوو، قورەیشی بۆ ئەوە هان دەدا، هێرش بۆ سەر مەدینە بکەن. پلانەکە وەهابوو، پیاوکوژان بە شەو، بە نهێنی بچنە ناو قەڵای خەیبەرەوە، کە حوقەییق هانای بۆ بردبوو. هەر سەر لە ئێوارە یەکێکیان بە فێڵ لە دەرگای شوورەکەوە خۆی گەیاندبووە ناو قەڵاکە، شەو دەرگای بۆ ئەوانی دیکە کردبووەوە، چووبوونە سەر ماڵی قوربانییەکە و کوشتبوویان. سوودیان لە تاریکیی شەو بینیبوو، سەرەتا خۆیان شاردبووەوە و دواتر بە دزییەوە لە قەڵاکە چووبوونە دەرەوە.

ئیبن سەنینە کە سەر بە خێڵی بەنی حاریسە دەبێت، پەیامهێن مەحیسەی کوڕی مەسعوود بۆ تیرۆرکردنی ڕادەسپێرێت. کاتێک هەندێ جوو سەردانی پەیامهێن دەکەن و گلەیی ئەوەی لێ دەکەن کە ئیبن سەنینە بە ناهەق و بەبێ تاوان کوژراوە، پێیان دەڵێت: ئەگەر وەک ئێوە خۆی کڕ کردبا و هەجووی ئیسلامی نەکردبا، نەدەکوژرا. عەمیری کوڕی عودەی کە یاوەرێکی نابینای پەیامهێن دەبێت، بە شەو عەسمائی کچی مەروان دەکوژێت، بەو پاساوەی خەڵکی دژی ئیسلام هان داوە و هەجووی پەیامهێنی کردووە. سبەینێ دوای نوێژی بەکۆمەڵی بەیانی، پەیامهێن لێی دەپرسێت: کچەکەی مەروانت کوشت؟ دەڵێت: بەڵێ ئەی پەیامهێنی خودا. (2)

2016/4/14

(1) هادی العلوی، ألإغتیال السیاسی فی ألإسلام، دار المدى، الطبعه السابعه 2012 بغداد.

(2) هادی عەلەوی زانیارییەکانی لە ژێدەرە ئیسلامییەکانەوە، لە سەحیحی بوخاری، سیرەی ئیبن هیشام و تاریخی تەبەرییەوە هێناوە.

(*) کردە: خاراو، لێزان.

(**) دەرۆست: دەرەقەت.

# کتێب.. هاوڕێیەکی دێرین

**کاروان عوسمان شوانی**

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**
**بەکوردی گەر بنووسرایە زوبانی**
**مەلا و شێخ و میر و پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی**
**حاجی قادری کۆیی**

کتێب و نووسین دوو ڕووی یەک دراون و لێک جیاکردنەوەیان دەبێتە هۆی شێواندنی ئەوی تریان، لەو کاتەوەی مرۆڤ زمانی قسەکردنی داهێنا و نووسینی دۆزییەوە، دەکرێت بڵێین: لەوێشەوە کتێب سەری هەڵداو وەکو کۆگایەکی گەورەی دەربڕینەکانی مرۆڤ خۆی کردووە بە ماڵ و دڵ و دەروونماندا.

تا ئێستاش مێژوونووسان لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتوون کە کتێب لە کەیەوە سەری هەڵداوە، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەوە دەڵێن کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لانکەی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە (1).

سۆمەرییەکان کە کۆنترین ژیاریان هەیە، هەزاران پارچە قوڕی سوورەوەکراویان لەپاش بەجێماوە و هەمووی باس لە داستان و سەروەرییەکانیان دەکات کە هەموویان بە وێنەکێشراون و ژمارەیان -500 600 هێما دەبێت و هەریەکە مەبەستێکی هەیە.

لە میسر 2700 ساڵ پ.ز لەسەر تاتی قوڕ و گەڵای درەخت و پێستی ئاژەڵ کتێب هەبووە، نووسینی کتێب سەری هەڵداوە و تێیدا باسی شارستانییەتی میسری کراوە.

لە شارستانیەتەکانی بابلی و ڕۆمانی و هیندی و چینیدا نووسین و کتێب هەر هەبووە، بەڵام لە زۆربەیاندا کتێبەکان بەشێوەی وێنە بوون، چونکە هێشتا پیت دانەهێنرابوو.

کتێب لە شارستانییە کۆنەکاندا بەشێوەی پێشکەوتوو نەبووە، نەتوانراوە زۆر بابەت لە کتێبێکدا کۆبکرێتەوە وەک لە دونیای ئەمڕۆدا دەیبینین. هەر کتێبێک باسی سەروەرییەک، داستانێک، یان یاسایەکی کردووە، بەشێوەکی کورت.

بەڵام لەگەڵ دۆزینەوەی ئامێری چاپدا کتێب گەشەیەکی فراوان بەخۆیەوە دەبینێ و لە وڵاتی چیندا لە ساڵانی 868ی زاینی چاپ دەدۆزرێتەوە و کتێب بڵاودەبێتەوە، پاشان لە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپیدا کتێب دەبێتە خاوەن پێگەی خۆی و چاپی نوێ دادەهێنرێت و چاپکردنی کتێب لەچاو پێشووتردا زۆر ئاسان دەبێت.

تا ئەوکاتەی چاپ دەدۆزرێتەوە فەرهەنگ زارەکی دەبێت، چونکە پێداویستییەکانی نووسین زۆر بڵاو و بەردەست نابن، لەباشترین حاڵەتیشدا ئەگەر کتێبێک بنووسرایەتەوە دانەیەک یان چەند دانەیەکی لێ هەبووە کە ئەوانیش لەبەر دەستی هەموو کەسدا نەبوونە، لای نوخبەیەک بوونە، بۆیە ئەگەر کەسێک بۆی ڕێبکەوتایە کتێبێک بخوێنێتەوە ئەوا بۆ ئەوانی تری باس دەکرد و هەرکەسێک بەپێی توانای تێگەیشتنی خۆی دەماودەم بۆ کەسانی تری دەگێڕایەوە، ئەوە بۆیە باپیرانمان کە هەرچەند خوێندەواریشیان نەبوو، بەڵام ئینسایکلۆپیدیایەکی گەورەی حیکایەت بوون.

ئیتر لێرەوە کتێب گرنگییەکی تایبەتی دەبێت لە ژیانی مرۆڤدا، بۆیە بەنەختی و پوختی، کتێب بریتییە لە: هەرچی زانست و ڕووداو و پەند و ئامۆژگاری، کتێب کۆبوونەوەی ئەزموونی مرۆڤەکانە بەشێوەی نووسراو، ئەزموونی کاری تەواوی مرۆڤی سەدان و هەزاران ساڵ بەر لە ئێستایە، بەڵام لەنێو کتێبەکاندا تۆمارکراون، بۆیە گرنگیی کتێب لەوەدایە کە ئەزموونەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

"کتێب یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی نەمری، کتێبەکان نەیانهێشت ئەو ئەزموونانەی ئینسانی سەردەمە کۆنەکان بەرهەمیان هێناوە، بمرن و لەیاد بکرێن. کتێب ڕابردووی دوور بۆ ئێستا و هی ئێستاش بۆ ئایندە دەبات" (2).

ئەوە کتێبەکانن وامان لێدەکەن بەردەوام بەدوای شتی تازەوە بین و بەوەی کە تێیداین ڕازی نەبین و هەوڵی بەرەو باشتر بردنی بدەین و هەنگاو بنێین و لەدۆگما دەربچین، وا دەکات بیروباوەڕێکی تایبەت بە خۆمان هەبێت و ئاسۆی ڕوانین و بیرکردنەوەمان هەر لەڕێگای کتێبەوە فراوان دەبێت، کتێبە وامان لێدەکات قووڵتر بۆ ژیان بڕوانین و مێژووش کە لە کتێبەکاندا دەنووسرێتەوە، شاهیدی زیرەکی و بەتوانایی ئێمە بێت.

کتێبەکان باشترین هاوڕێی مرۆڤن، خوێنەر دەبێت هێندە لە کەسایەتی ناو کتێبەکانەوە نزیک بێت کەوا هەست بکات باشترینە بۆی.

"هیچ کەسێک بەقەد ئەو زاتانەی سەر کاغەز فێریان نەکردووم، خۆ ئەگەر ئەخلاقێکم هەبێ، ئەوە ئەو زاتانە فێریان کردووم، کەسێک دوای خوێندنەوەی کتێبێک نەگۆڕێ درۆ دەکا" (3).

ئێستا کتێب و چاپەمەنی تەواوی پانتاییەکانی ژیانی گرتووەتەوە و بووەتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ مرۆڤ، هەر بوارێک دەگری سەدان و هەزاران کتێبی لەبارەوە نووسراوە، زەحمەتە بتوانی بێ گەڕانەوە بۆ کتێب خۆت ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی لە شوێنێکی گشتیدا چوار قسان بکەیت، کتێب هەمیشە ئەو ماڵە گەورەیەیە کە بۆ هەر پێویستییەک دەکرێت بۆی بگەڕێینەوە تا کۆمەکمان بکات.

کتێب بەهۆی ئامێرەکانی چاپەوە بڵاوبووەتەوە و هەموو کەس بەئاسانی دەتوانێت دەستی پێ بگات، ئەگەر مەبەستی بێت، بەداخەوە هەر تەکنەلۆجیا بوو وایکرد ماڵی کتێب ڕوو لە چۆڵ بوون بکات. ڕادیۆ و tv و ئینتەرنێت کارێکیان کرد کە مرۆڤ کەمتر بتوانێت بپەرژێتە سەر کتێب، وەلێ بەهیچ جۆرێک ئەمانە ناتوانن ڕۆڵی کتێب ببینن. گرنگی و بەهای کتێب لای نووسەر و خوێنەری جدی هەر وجودی ماوە و بە حەزێکی زۆرەوە بەرەوڕووی دێن.

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا کە خوێندنەوەی کتێب بەهۆی تەکنەلۆژیاوە پاشەکشەی کرد، بەشی پەروەردە و ڕۆشنبیری لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان (یونسکۆ) هەوڵی دانانی ڕۆژێکی دا بۆ کتێب بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەدا سەرلەنوێ کتێب بیری خەڵکی بێننەوە و داکۆکی لە مافی نووسەرانیش بکەن، بۆیە بڕیاری کار و چالاکی درا لەم ڕۆژەدا تا خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ دونیای کتێب و خوێندنەوە، لەساڵی 1995دا بڕیار درا کە 23ی نیسانی هەموو ساڵێک بکرێتە ڕۆژی جیهانیی کتێب. ئەم ڕۆژەیان بۆیە هەڵبژارد، چونکە گەلێک لە نووسەرە گەورەکان لەم ڕۆژەدا لەدایک بوونە یان مردوونە، لەوانە شکسپیر و سێرڤانتس و نابۆکۆف و موریس درۆیون و چەندانی دیکە.

ئێمەی کورد گەلێکین لەچاو میللەتانی دیکە زۆر لە دواوەین لەڕووی کتێب و چاپەمەنییەوە، دەیان سەرکردە و کەسایەتی ناسراومان هەیە و زۆری تریشمان هەبوونە، بەڵام لەبەرئەوەی کەسێک یان خۆیان ئەو مێژوو و سەروەرییانەیان تۆمار نەکردووە، هەر دەماودەم پێمان گەیشتووە بۆیە گەلێک کەم و زیادی خراوەتە سەر، دەیان دەستنووسیشمان هەبووە فەوتاون بەهۆی کەمتەرخەمیی خۆمان و ئەو بارودۆخەی گەلەکەمانی تێدا ژیاوە.

ڕەنگە ئێمە دواکەوتووترین گەل بین لەڕووی هەبوونی کتێبی کۆنەوە، لەکتێبخانەی کوردیدا جگە لە شیعر هەموو کتێبەکانی تر تەمەنیان هەر کەمێک زیاترە لە سەدەیەک، بەڵام بەتەواویش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە وردە وردە نووسینی کتێبی کوردی پەرەی سەندو لەگەڵ ئاشنابوونی کورد بە چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە، ئەم بوارەش زیاتر فراوان بوو. بۆیە ئەگەر بمانەوێت کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بێت، حەق وایە ساڵانە لەیادی ڕۆژی جیهانیی کتێبدا، کتێبی زۆر و کتێبی باش چاپ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە، هانی هەموو وەرگێڕە باشەکان بدرێت تا بەرهەمی ناوازەمان بۆ وەربگێڕن، پاداشت و کۆمەکی هەموو ئەو نووسەر و وەرگێڕانەش بکرێ کە خزمەتیان بە وشە و فەرهەنگی ئەم میللەتە کردووە، جگە لەوەی پێشانگەی تایبەت بکرێتەوە بۆ کتێب و داشکاندنی بەنرخێکی زۆر بێت. دواجار لەدوای ئەو هەموو هۆکارگەلانەش کە لەبەردەستمانن، ئێمە کەمترین گرنگی بەلایەنی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری دەدەین. بۆیە حاجی قادی کۆیی دەڵێت:

**میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین**
**غەیری کوردان نییە لەڕووی زەمین**



---

(1) (تاریخ الکتاب)، الکسندر ستیبتشفیتش- ترجمە الى العربیە: د.محمد الأرناؤوگ، دارالمعرفە، لبنان.

(2) کتێب و دونیا- مەریوان وریا قانع، ل 10، چ 1 سلێمانی 2011

(3) بێ کتێب هەڵناکەم- شێرزاد حەسەن، ل4 .



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# کورد لە بەغدا چ دەکا، چ دەدا؟

خۆ ئەگەر ڕاستت دەوێ، ئەو عێراقە لەعنەتییە هەر لای کورد ماوە، ئاخر خۆیان دەمێکە نەک ئەم و ئەو هەرێم، تەنانەت ئەم و ئەو گەڕەکیشیان دابەش کردوون. دەی با هەوادارێکی سەر بە سەیدی سینە و مەمە، بچێتە ئەعزەمییە، ناوەڵا با سوننەیەک بچێتە شاری سەدر، خاڵۆ ئەوان دەمێکە پشتێنیان قایم کردووە، ئەوە هەندێ کوردە هێشتا دۆخینی سستە.

ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون کورد لە بەغدا برۆکەکی دەنگ و ڕەنگ و سەنگ هەبوو، ئاخر ئێستاش وێنەکانی مام جەلال لە بەغدا هیچی لەبن نانووسن، چونکە هەموو خەڵک دەزانن کێیە، کڵۆڵ خۆی و خۆمان، فوئاد مەعسووم بە خەتی پانیش لە بنی دەنووسن کەس نایناسێ. نزیکەی هەموو کورد، دەزانن دوا لێدوانی گواردیۆلا لەبارەی چییەوە بوو، خەڵکی ئاسایی نا، تاقە یەک سیاسەتکارم بۆ بێنن دوایین لێدوانی جەنابی سەرکۆماری لە یاد بێ. ئێستاشم لێ ڕوون نییە، داخۆ جەنابی دکتۆر نازناوی مەعسوومە، یان هەر بەڕاستی لە لێدوان، هەڵوێست و شتی وا مەعسوومە.

ئێ کە کورد لە بەغدا قرووشێکی قەڵب نەکا، دەی کەواتە ئەگەر پارە و ئیمتیازات نەبێ، بۆ دەستیان لەو سووکایەتییە بەرنابێ؟ کەس هەیە لەسەر شتێ دانیشێ و پێی خۆش نەبێ؟ ئەو کورسییە ئەوەندە دەهێنێ؟ هەموو دەپرسن کورد لە بەغدا چی دەکا؟ قوربان پرسیارەکە هەڵەیە، دەبێ بڵێن کورد لە بەغدا چی دەدا و چی دەبا؟

جا کوردی عاشق بە بەغدا، لەوەش ناحاڵین کە پۆست لە بەغدایێ، هەر وەک مەسەلەی دونیا و خەیارە، ئاخر قەینا ئەمڕۆ تۆ لە پۆستەکەدای، مەعێن زۆری پێناچێ و ئەمجارە پۆستەکە لە بەڕێزتاندا دەبێ، بێلامانێش نا.

لە وڵاتان، کێشە ئەگەر ساز بوون، ڕوودەکەنە پەرلەمان، لە عێراق و کوردستاندا پەرلەمان خۆی کێشەیە، جا خۆ کارێک ئەگەر هەیبێ، سازکردنی یاسایە، دەی وا کردیشی، لەم وڵاتەدا یاسا چ قیمەتی هەیە ببێ یان نەبێ. ئێستاکێ هەم وڵاتەکە و هەمیش هەرێمەکە، چەند ئیشیان بە زوڕنایە، ئەوەندەش بە پەرلەمان، نوێنەرانی گەلی کوردی قارەمان، هەندێکیان یەکڕین، بەعزێکیشیان لە سەنگەری بەغدان، لێرە سەرۆکی پەرلەمانیان کردووە سەرگەردان، قوربان لەوێش تاقگە ئەحمەد بەتەمایە بیخەنە شوێنی شێخ ئارام گیان، دەی پیرۆز بێ لە هەمووان.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکگرتوو، ئەوەی کە خۆیان نایزانن

لە هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستاندا کە یەکگرتووی ئیسلامی وەک حیزبێکی ئیسلامی سیاسی خۆی ڕاگەیاند، بەحوکمی ئایدیۆلۆژیا و جۆرێک لە وابەستەبیان بە ئیخوان موسلیمینەوە، تێگەیشتنێکی باو دروست بوو کە ئەم هێزە دەبنە مەترسی لەسەر ئایندەی کورد. هەرچەندە ئەوکات لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دوو حیزبی تری ئیسلامیی چەکدار هەبوون، خۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوو وەک حیزبێکی بێ چەک و میانڕەو، وێنای مەترسیەکەی قووڵتر کردەوە و وەک قۆناغێکی تاکتیکی لێکدەدرایەوە کە ئەم هێزە بەو شێوەیە دەخوازێت سوود لە دەرفەتی شەڕی ناوخۆ و جێ نفوزی هەردوو بەرەی براکوژی وەربگرێت و لەو ڕێگەیەوە پێگەی هێزە نەتەوەییەکانی کورد لاواز بکات تا دەگاتە قۆناغی دووەم کە گرتنە دەستی دەسەڵاتە.

ئەم وێناکردنە بۆ یەکگرتوو، بووە سەرچاوەی تێگەیشتنێکی هەڵە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی، سەرباری شەڕی ناوخۆ و دوژمنایەتیکردنی یەکتری، هەردوولا یەکگرتوویان وەک مەترسییەکی هاوبەش دەبینی. زۆر نووسەر و نوخبەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانیش لەژێر کاریگەریی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە، ڕۆڵیان هەبوو لە شۆڕکردنەوەی ئەو شێوە ناساندنەی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ناو ڕای گشتیی کوردستان.

سەرباری ئەو ڕێگری و کەند و کۆسپە سیاسی و ئیدارییانەی بۆی دروست دەکرا، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی بەخێرایی گەشەی دەکرد، پێچەوانەی یەکێتی و پارتی کە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە گۆڕەپانی سیاسیان تا دەهات بەرتەسک دەبووەوە، تا گەیشت بەوەی هەریەکە لە سنوورێکی دیاریکراودا کاربکەن، بەڵام یەکگرتوو تاکە هێز بوو بەو فراوانییە لە سنووری هەردوولا لە ڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازی و فکری و سیاسییەکانیەوە پەرە بەخۆی بدات و ئەوکات بوو بە هێزی سێیەم. بووە یەکەم هێزی سیاسی سەرتاسەریش لە بادینانەوە تا گەرمیان. ئەمەش ئامانجی سەرەکیی ئەم نووسینەیە و بایەخ و پێویستی مانەوەی یەکگرتووی ئیسلامی و سوودی بۆ یەکێتیی نەتەوەیی کورد، بەستراوەتەوە بە پاراستنی ئەو پێگە سیاسییە سەرتاسەرییانەوە.

ڕەنگە خۆیان درک بەو پێویستیە نەکەن کە مانەوەی یەکگرتوو، گەشەکردنی بۆ ئێستا و ئایندەی کورد چەند خزمەت بە یەکێتیی نەتەوەیی کورد دەکات، ڕەنگە لە بنەڕەتدا ئەوە ئامانجیان نەبووبێت و قەدەری سیاسی ئەو شەرەفەی پێ بەخشیبن، بەڵام ئەوە ئەو ڕاستییەیە کە زۆر کەس نایبینێت. ئەو حەقیقەتەیە کە تێگەیشتنی هەڵەی زۆربەمان لەسەر یەکگرتوو دەگۆڕێت. ئەویش لەبەر ئەو واقیعە تاڵەی دوژمنانی کورد بناغەکەیان دارشتووە و شۆڕشەکانی کورد درێژەیان پێداوە، واتە لێکترازاندنی کۆمەڵایەتی و یەکێتیی نێوان خەڵکی کوردستان.

لە سەرەتای لکاندنی ئەم بەشەی کوردستانەوە بە عێراقی عەرەبییەوە، یەکێک لەو ڕێگە و شێوازانەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عەرەب کاریان لەسەر کردووە، دروستکردنی درزی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوان (بادینان و سۆران) بووە، ئەوەی لەسەردەمی شۆڕشدا بۆ ناوچەو جێنفوزی مەلایی و جەلالی و دواتر بۆ ئیدارە و زۆنی سەوز و زەرد، ڕەنگی دایەوە و تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەو لێکترازانە درێژەیان هەیە و تا دێت دابڕانەکە قووڵتر دەبێتەوە، مەترسیەکانیشی تەنیا بەوەوە نەوەستاون کە وەک دوو بەرەی لێکترازاو بمێنێتەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕق و کینە، ڕەتکردنەوەی یەکتری و نەیارییەکان پەرە دەستێنێ.

مەترسیی ئەم لێکترازانە تەنیا لەڕووی سیاسیەوە نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و هاوبەشیی و یەکێتیی نێوان خەڵکیشی گرتووەتەوە، ئێستا ئەگەر ئامارێک بکرێت لەناو ئەو گەنجانەی شاری سلێمانی کە لە قۆناغی جیاجیا ڕوویان لە هەندەران کردووە، سەدان گەنج دەدۆزیەوە کە هاوسەرگیریان لەگەڵ کچی بیانی کردووە، سەدان کەس هەن خێزانەکانیان ئێرلەندی و ئەڵمانی و سویدین، بەڵام لە هەموو سلێمانی سەد کەس نییە خێزانەکانیان بادینی بێت، ئەمە بۆ ئەوێندەریش ڕاستە. دەربڕی ئەو لێکترازانە کۆمەڵایەتی و هاوبەشییەی نێوان ئەم دوو ناوچەیەی کوردستانە کە د.مارف عومەر گوڵ لە کتێبی (جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا) ئاماژە بۆ خاڵێکی زۆر گرنگ دەکات لە بنەماکانی ناسینەوەی تاوانی جینۆساید بە پشتبەستن بە پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید کە لە 1948/12/9 لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، یەکێک لەو شێوازانەی وەک تاوانی جینۆساید تەماشا دەکرێت نەهێشتنی (یەکێتیی هاوبەش)ی نێوان خەڵکە.

دوژمنانی کورد یەکێک لەو شێوازانەی بۆ جینۆسایدکردنی کورد بەکاریان بردووە، ئەو ڕێگەیە بووە و ڕایەڵەکانی پەیوەندی و هاوبەشی و یەکێتیی نێوان ئەم دوو ناوچەیەی کوردستانیان بچڕاندووە، لەڕووی فەرهەنگی و کولتووری و خۆشمان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە درێژەمان پێداوە.

بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی ئەگەر بەخۆیان بزانن یان نا، ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە پێکەوە بەستنەوەی ئەو هاوبەشی و یەکێتییەی نێوان خەڵکی ئەم دوو دەڤەرە، هەر ئەوەش سەرچاوەی کێشەگەلێکی نێوان هەندێک لە یەکگرتووەکانە کە هەزمی ئەو پێکەوەییە ناکەن و جیاوازی لە دیدو سیاسەتی یەکگرتووش لەمەڕ بەشێک لە کێشەکانی هەرێم ئەوە سەرچاوەکەیەتی. بەڵام زۆرجار حیزبەکانی تر و میدیاکان لێی تێناگەن و هەرلایەکی ئەو بەرەیە دەخوازن یەکگرتووی ئیسلامی وەک ئەوان سیاسەت بکات.

ئەوەی پێویستە یەکگرتوو بیکات سیاسەتکردنە بۆ مانەوەی ئەو یەکێتی و هاوبەشیەی نێوان بادینان و سۆران.

کەواتە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنانەی بەهەڵە لەسەر یەکگرتوو دروست بوون کە دەبنە مەترسی لەسەر ئایندەی کورد، لەسەر بیری نەتەوەیی، هەموویان هەڵە بوون و ئێستا یەکگرتوو یەکێکە لەو یارمەتیدەرانەی کە یەکێتیی نەتەوایەتی کوردی پاراستووە، ئەگەر وابکەن ئەمە لەژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەشیان لە دروستکردنی پەیوەندی و ڕایەڵەی خوێنەوە ڕەنگ بداتەوە، دەبنە زامنی یەکپارچەیی و پێکەوەیی و هاوبەشی ئەم دوو ناوچەیە بۆ داهاتوو. لە بنەڕەتدا ئەوەش پێگەو بنەمای دەوڵەت دروست دەکات پێش هەر شتێکی دیکە.

بۆیە خوازیارم کە ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی لەبەردەم کۆنگرەی حیزبەکەیاندان، دوو شت بکەنە بنەمای کۆنگرەکەیان، یەکەمیان دەستگرتن بەو سەرتاسەرییبوونەیانەوە کە سوود و قازانجەکانیم بۆ ئێستا و ئایندەی کورد خستە ڕوو، دووەم ئازایانە ئامانجی خەباتی داهاتوویان دەستنیشان بکەن بەوەی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی تێدەکۆشن و ئەو لۆمەیە لەسەر خۆیان و هێزە ئیسلامییەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی کوردی و مێژووی ئیسلام نەهێڵن کە دەگوترێت هەموو گەل و نەتەوەکانی دیکە ئاینیان بۆ خزمەتی گەلەکەی خۆیان بەکار بردووە و کورد خۆی کردووەتە قوربانیی ئاین. یەکگرتوو دەتوانێت ئەو مۆدێلە بێت کە کوردیش وەک فارس و تورک و عەرەب کەڵک لە ئاین وەربگرێت بۆ دەوڵەتی کوردستان.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# سێکۆلاریزاسیۆن و مانگاکانی هیندوستان

دەگێڕنەوە لە سەردەمی فتوحاتدا، کاتێک سوپای هێرشکار بەرەوڕووی کتێبخانەکان دەبووەوە، ئەمیری ئەودەمی موسوڵمانان ئەمری کردبوو بە کتێبەکاندا بچنەوە، ئەگەر لەگەڵ ناوەڕۆکی قورئان ناتەبا بوون، بیانسووتێنن، ئەگەر لەگەڵ ناوەڕۆکی قورئانیش تەبا بوون، مادام خۆمان قورئانمان هەیە، پێویستمان بەوانە نابێت!

ئیسلامیستەکانی کوردستان ئەو فۆرموولەیان بۆ سەردەمی ئەمڕۆ ئاوا دارشتووە: سێکۆلاریزم خەڵکی خوانەناسیش دەگرێتەخۆ، کەواتە بەکەڵکی ئێمەی موسوڵمان نایەت. خۆ ئەگەر چاکە، ئێمە هەموو چاکییەکانیمان لە قورئاندا هەیە، کەواتە چ پێویستمان پێی نییە!

ئەم نیگا نارسیستییە بۆ ئایینی ئیسلام، هەم لەگەڵ مێژووی ئەزموونکراوی حاکمیەتی ئیسلامی ناتەبایە، هەم نیشانەی تێنەگەیشتنە لە جەوهەری سێکۆلاریزم و هەم لەگەڵ بەرژەوەندیی موسوڵمانانیش نەگونجاوە. من لەم نووسینە کورتەدا تەنیا ئاوڕێکی خێرا لە پرسی "بەرژەوەندیی موسوڵمانانی ئاسایی" دەدەمەوە.

جارێ با ئەوە بڵێم، لەقەڵەمدانی سێکۆلاریزم بە خوانەناسی و ئیلحاد، یان نیشانەی نەزانینییە یان نیشانەی چەواشەکاری. ئاتەییسم بەمانای خوانەیارییە، بەڵام سێکۆلاریزم بە مانای لەبەرچاوگرتنی پانتاییەکی سەربەخۆیە بۆ عەقڵ و ئاوەز لەتەنیشت پانتایی ئاینییەوە. کەواتە، بەپێچەوانەی ئاتەییسمەوە کە بەرامبەر بە بوونی خودا ڕادەوەستێ، سێکۆلاریزم کێشەی نە لەگەڵ بوونی خودایە، نە لەگەڵ بوونی ئایین. سێکۆلاریزم ئایین نییە، هەتا هاتبێ جێی ئایینەکانی دیکە بگرێتەوە. سێکۆلاریزم دەسکەوتێکی مرۆڤایەتیی پێنجسەد ساڵی ڕابردووە کە جەوهەرەکەی کورتکردنەوەی دەستی بنیاتی ئایینە، بۆ ئەوەی عەقڵانیەت و ئاوەزمەندی جێی بگرێتەوە.

هەرچی سێکۆلاریزاسیۆنیشە، ئاماژەیە بە ڕەوتی دابەزاندنی بنەماکانی سێکۆلاریزم بۆ ناو کایەکانی ژیانی دنیایی ئادەمیزاد و ڕێکردنی کۆمەڵگەکان بەرەو مۆدێرنیتە. لەباری تیۆرییەوە سێکۆلاریزاسیۆن ئاماژەیە بە بڕەوسەندنی چوار ڕەوت: یەکەم: بەرگرتن بە خۆسەپاندنی هیچ ئاینێک. دووەم، لێکجیاکردنەوەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە. سێیەم، کردنی عەقڵ بە بنەمای بەڕێوەبەرایەتیی ژیان. چوارەم، ڕەچاوکردنی ڕوانگەی زانستپەروەری. سێکۆلاریزاسیۆن یان بەدنیاییبوون ئاماژە بەو گریمانەیەشە کە بەتایبەتی لەسۆنگەی مۆدێرنیزەبوون و عەقڵانیزەبوونەوە، دواجار هەیمەنەی دامودەزگای ئایین لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا لەکزی دەدات، بەڵام ئایا ئەمە بەمانای لەمەترسیکەوتنی ئایینی مرۆڤەکانە؟

من لێرەدا و لەڕێی هێنانەبەرباسی نموونەی هیندوستان، دەمەوێ بیسەلمێنم کە سێکۆلاریزاسیۆن نەک هەر بەزیانی ئایینداران نییە، بەڵکو-مادام لێرەدا قسە لەسەر ئیسلامە- لەسەر موسوڵمانان واجبی ویژدانییە کە نانێک بخۆن و سەد نان بکەن بە خێر بۆ ئەوانەی سیستمی سێکۆلاریان داهێناوە. ئەوەی ئیسلامیستەکان موسوڵمانانی لێ دەسڵەمێننەوە، سێکولاریزاسیۆن نییە، بەڵکو وێنایەکی چەوتی سێکولاریزاسیۆنە کە زادەی خەیاڵگەیەکی نارسیستی و دەسەڵاتخوازیی رووتە.

ئەزموونی تائێستا سەلماندوویەتی، سێکولاریزاسیۆن لەو شوێنەدا کە موسوڵمانان کەمینەن، بووەتە هۆی پاراستنیان لە جەوری زۆرینە، لە زۆربەی ئەو شوێنانەشدا کە موسوڵمانان زۆرینە بوون، بووەتە هۆی پاراستنی هێمنایەتیی کۆمەڵایەتی. سێکولاریزاسیۆن خێری لە شەڕی بۆ موسوڵمانان زۆر زیاتر بووە. تەنانەت ئەگەر لە چەند نموونەیەکی دڵتەزێن بەڵام دەگمەندا، بۆ وێنە موسوڵمانەکانی هیند کەوتوونەتە بەر پەلاماری "هیندۆسە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان"، ئەوە نەک خەتای سیستمی سێکۆلاری ئەو وڵاتە، بەڵکو ئاکامی کەمتەرخەمیی دەسەڵاتی سیاسی لە پەیڕەوکردنی دەستووری بنچینەیی سێکۆلاری هیندوستان و دواجار قەیرانی ناوخۆیی هێڵی سیاسیی هێندوو خۆیەتی.

هیندوستان کە بە گەورەترین دیمۆکراسیی دنیا لەقەڵەم دەدرێت، گەورەترین کۆمەڵگەی سێکۆلاری دنیاشە. من لێرەدا پێم خۆشە چەند وێنەیەک لە کاریگەرییەکانی سێکۆلاریزاسیۆن لەسەر کۆمەڵگەی فرەکولتوور و فرەئاینی هیندوستان لەگەڵ خوێنەر بەش بکەم:

گەرچی سۆسیۆلۆژیای هیندوستان پێ لەسەر کاریگەریی سێکۆلاریزاسیۆن بۆ کاڵبوونەوەی باوەڕە ئاینییەکانی خەڵک لەو وڵاتە دادەگرێت، بەڵام نزیک بە حەفتا ساڵ دوای چەسپاندنی سێکۆلاریسم لە دەستووری بنچینەیی وڵاتدا، هێشتاش ئایین نەک هەر بەرهەڤبوونێکی یەکبڕی لە ژیانی زۆربەی خەڵکی هیندا هەیە، بەڵکو گرینگترین فاکتەری ناسێنەبەخشی جڤاکە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەو وڵاتەیە. هیندوستانی سێکۆلار، بە گوێرەی ئەزموونی من، ئاینیترین وڵاتی دنیایە. لەڕاستیدا، ئەگەر گرووپی خێڵە کۆچەرەکان و کاستە کەمپایەکانی لێ دەربکەیت، هەرچی گرووپی گەورەی هیندە، هەر لە هیندۆسی زۆرینەوە بگرە تا کەمینەی (130 ملیۆنی!) موسوڵمانان و زەردەشتییەکان و کریستیان و بوودایی و ئەو هەموو لق و پۆپانەی لە هیندۆییسم بوونەتەوە، دین جەوهەریترین پاژی پێکهێنەری جیهانبینی و ناسێنەی کۆمەڵایەتییە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو سوننە لە سوننەی هیندی تۆختر کەمە. شیعە لە شیعەی هیندی تۆختر کەمە. کریستیان لە کریستیانی هیندی تۆختر کەمە و هەتا دوایی. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە وڵات، وڵاتی هیندە و هیندۆسەکان بۆ خۆیان زۆرینەی ئاینین، ئەویش بە قەبارەی زیاتر لە یەک ملیار مرۆڤەوە. خۆ دینداریش لە هیندۆسی تۆختر هەر نەبووە! کەچی هەموو ئەو گرووپە ئاینییانەی هیند، بە تۆخ و ناتۆخیانەوە، لە تەنیشت یەکتر دەژین، کەس ڕێی لە یەکتر نەگرتووە و کەس بێڕێزی بە یەک ناکا. وڵاتیش وڵاتی هەمووانە و هەر ئەم پێکەوە ژیانەشیان، هەوێنی جوانی و مایەی شانازییانە لە جیهاندا. ئەوەی ئەو پێکەوەژیانەی ئەو هەموو ئایین و ئاینزایەی هیندوستانی دەستەبەر کردووە، نە دڵفراوانیی هیندووەکانە و نە چاکە و باشەی هیچ دینێکی دیکە، بەڵکو ئەوە بوونی دەستوورێکی سێکۆلارە کە ڕێی لە هیچ دینێک نەگرتووە، بەڵام ئازادی و ماف و ئەرکی پێکەوە هەڵکردنی بۆ هەمووان دەستەبەر کردووە.

یەکێک لە خەسڵەتە باشەکانی سێکۆلاریزاسیۆن لە هیندوستان کە بۆ وێنە لەڕێی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەوە پەیڕەو کراوە، بژارکردنی ڕێژەیی هێندێک نەریتی ناحەزی کولتووری و بگرە ئاینیی هیندۆسە کە بۆ وێنە وەک هەڵاواردنی کاستە کەمپایەکان و بە گڵاولەقەڵەمدانی هێندێک گرووپی دەرەکاست، هەزاران ساڵ پەیڕەوکراون. سێکۆلاریزاسیۆن، فریادڕەسێکی گەورە بووە بۆ پاراستنی گرووپە لاوازەکان بەرانبەر ئەو ستەمکارییانەی بەناوی دینەوە پەیڕەو دەکرێن. سێکۆلاریزاسیۆن لە هیند، کاری کردووەتە سەر ڕەفتاری جڤاکی و سیاسیی موسوڵمانەکانیش: هەر بۆ نموونە، بەراوردێک بکە لە نێوان ئاستی ڕادیکاڵیزم لەناو کەمینەی 130 ملیۆن موسوڵمانیی هیندوستان و زۆرینەی موسوڵمانی دانیشووی پاکستان، ئەوە لە کاتێکدا هەردوو گرووپەکە، دەچنەوە سەر یەک تۆرەمەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی هاوبەش.

سێکۆلاریزاسیۆن، ڕێز و ڕوومەتی بە هەموو پێکهاتەکانی هیند و بیروباوەڕەکانیان بەخشیوە: بۆ وێنە، هەتا ئێستاش ئەگەر مانگایەک لە چەقی شەقامە قەرەباڵغەکانی هیندوستاندا لێی دانیشێت، نە موسوڵمان، نە کریستیان، نە هیندۆس، نە باوەڕدار، نە بێ باوەڕ، کەس نە وەحەی لێ دەکا و نە هۆڕنی بۆ لێ دەدا. ڕێزگرتن لە مانگا، وەک ئاژەڵێک کە نیعمەتێکی بەنرخی وەک شیر بە ئادەمیزاد دەبەخشێ جێی ڕێز و حورمەتی قووڵی هیندۆسەکانە. هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی کەس موناقەشەی مەسەلەکە نەکا. لەو گەڕەکەی ساڵانێک پێشتر لە هیندوستان لێی دەژیام، کاتێک دەنگی بانگی موسوڵمانان لە مزگەوتەکانەوە بەرز دەبووەوە، ژنە هیندۆسەکانیش، بۆ حورمەتی موسوڵمانان، پەچەی سەر شان و ملیان هەڵدەکێشایە سەر سەریان. هیچیەک لەم جۆرە ڕەفتارانە ڕیشەیان لە باوەڕی دینیدا نییە. ئەوە بەهرەی فەرهەنگێکە کە سێکۆلاریزاسیۆن بە هیندوستانی بەخشیوە، فەرهەنگی پێکەوەهەڵکردن، بەبێ ئەوەی کەس بۆی هەبێ خۆی بەسەر ئەوی تردا فەرز بکات.

بەرەوڕووی یەکتر ڕاگرتنی ئیسلام و سێکۆلاریزاسیۆن، تەنیا زیان بە موسوڵمانان دەگەیەنێت. ئەوەی کە گۆیا "لەو جێیەی ئیسلام حاکم بێت، پێویست بە سێکۆلاریزاسیۆن نابێت"، پشت بەهیچ ئەزموونێکی سەرکەوتووی مێژوویی نابەستێ. ئەوە لە کاتێکدا، پەیڕەوکردنی سێکۆلاریزاسیۆن پەراوێزێکی پارێزراو بۆ هەموو خۆوڵاتیان، بە ئیماندار و بێ ئیمانەوە دابین دەکات. ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە کۆمەڵگەی فرەکولتووری کوردەواری پێویستی پێیەتی.



مەسعودی مەلا هەمزە
masoudhawler@yahoo.com

# یەک دەنگ لە ناوەند، هەرێمیش بکەنە پەند

ڕووداوەکانی دوای (12ی ئۆکتۆبەر)، بەتەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی دابەشی سەر چەند بەرەیەکی دژ و جیاواز کرد، بە جۆرێک هەموو ئومێدێکی دانیشتن و کۆبوونەوە و سازانیان لە گۆڕ نا، لەلایەکی دیکەوە هەر لایەنە و بەجۆرێک لەژێر بیانوویەکدا خۆی لە کۆبوونەوە دەدزییەوە و مەرج و مەرجکارییان دەکردە بیانوو بۆ کۆنەبوونەوە.

ئەم دووری و دابڕانەی نێوان لایەنەکان گەیشتە ئاستێک هەموویان تەنیا وەک پاڵەوانی شاشە و لەمیانی بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، وەلێ کەسیان هیچیان پێ نەبوو بۆ چارەسەری و تەنیا موزایەدەیان بەسەر میللەتەوە دەکرد.

هاتنە پێشەوە و ڕاگەیاندنی کابینە تەکنۆکراتەکەی عەبادی هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و زۆر شتی ئاوەژووکردەوە، بەجۆرێک ئەو پارتی و گۆڕانەی لە هەرێم بە هیچی یەکتر ڕازی نین، لە بەغدا لەتەک یەک دادەنیشتن و بەحیساب یەکدەنگیی کوردیان دەپاراست، پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە ئەرێ دەکرێ ئێمە لە بەغدا یەک دەنگ بین و لەناو خۆشمان فرەدەنگ و پارچە پارچە؟

هەر لە سەرەتاوە و بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەمەوێ بڵێم درۆیەکی زۆر گەورەیە کە باس لە یەکڕیزی بکەین بۆ بەغدا و کەچی لەناوەوە پەرتەوازە بین و تەنانەت ئامادە نەبین لەگەڵ یەکتریش دابنیشین، ئەم قسەیەی حیزبەکانی کوردستان وەک ئەوە وایە تۆ خانوویەکی گەورەت هەبێ، لە ناوەوە وێران بووبێ و کەڵکی دانیشتنی نەبێ، کەچی بڵێی لە ناوەوەی بگەڕێن با هەوڵ بدەین دەرەوەی جوان بکەین، چونکە خەڵک دەیبینێ!

ئاخر ئەمە کوێی مەنتقە تۆ لە کوردستان بە چەقەنەیەک سەرۆکی پەرلەمان و چوار وەزیر و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی بنێریەوە ماڵەوە، کەچی بڵێی وەرن با یەکدەنگ بین بۆ ئەوەی لە بەغدا پۆستە وەزارییەکەی گۆڕان نەفەوتێ!

چۆن دەکرێ نزیکەی دووسەد ڕۆژە پەرلەمانی کوردستان کۆنەبووەتەوە و لەبەر جیاوازیی حیزبی ئامادە نین دانیشن، کەچی بڵێی لەوانەی ئێرە بگەڕێن با فراکسیۆنەکانمان لە بەغدا یەکدەنگ بن و شەڕی کورد بکەن.

بەبڕوای من ئەوەی ئێستا لایەنەکان دەیکەن، سەر دەگرێ و هەر بەڕاست لە بەغدا و ناوەند یەک دەنگ دەبن و لە هەرێمیش فرە دەنگ، چونکە شەڕی بەغدایان شەڕی پۆست و ئیمتیازە نەک شتی دیکە، ئاخر سەیر لەوەدایە تا ئێستا یەک سیاسی کورد نەیگوتووە مەرجی متمانەدانمان بە کابینە تەکنۆکراتەکەی عەبادی جێبەجێکردنی مادەی 140 و ئیستیحقاقاتەکانی پێشمەرگە و قووتی خەڵکی کوردستانە، هەمووی هەر دەڵێ پۆستەکانی کورد کەم نەکرێتەوە، کەوایە دەبێ ئەو میللەتە تێبگات کە سەرجەم حیزبەکان بەبێ جیاوازی، شەڕی کورسی و پۆست و دەسەڵاتیانە لە بەغدا، نەک شەڕی بەشداریی ڕاستەقینە و دابینکردنی مافەکانی کورد، بۆیە یەکدەنگ دەبن لەوێ ئەگەرنا هەموویان سوێندیان خواردووە لە ناوەوە چاکی نەکەن و بەردەوام بن لە کێشە و ململانێ.

زۆر چاوەڕێ بووم و پێشبینیم دەکرد حیزب و لایەنە سیاسییەکان کابینە تازە تەکنۆکراتەکەی عەبادی بە هەل بقۆزنەوە و بڵێن وەرن با دانیشین و کێشەکانی ناوخۆمان چارەسەر بکەین و ئینجا بە یەکدەنگی بڕۆینە بەغدا، نەک بڵێن ئێرە لێگەڕێ با شەڕی ئەوێ بکەین.

مەبەستمە بڵێم: با سەرجەم لایەنەکان بەگشتی و پارتی و گۆڕان بە تایبەتی، ناکۆکییەکانیان وەلانێن و کێشەکان چارەسەر بکەن، ئینجا بە یەک تیم و کۆدەنگییەوە بچینە بەغدا، نەک سەرۆکی هەرێم لای گۆڕان ماوە بەسەرچوو و ناشەرعی بێ و سەرۆکی پەرلەمان لای پارتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بێ و وەزیر لە ماڵەوە دانیشتبێ و لەکاتی ئامادەیی خۆیدا کارەکانی بە وەکالەت بەڕێوە ببردرێ و بشڵێن با هەموومان لە بەغدا شەڕی ئەوە بکەین وەزیرێک زیاتر وەربگرین.

ئیتر دەبێ هەموومان لەوە تێبگەین بانێکە و دوو هەوا ناکرێت، یان دەبێ لە هەموو شتەکان کۆک و تەبا بین، یانیش با ناتەبا و ناکۆک بین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەگەر پارتی واز لە یەکگرتوو بهێنێ

1

یەکگرتووی ئیسلامی تاکە حیزبە لە کوردستان کە دەتوانرێ بە حیزبێکی کلاس ناوببردرێت و خاوەنی جوگرافیای سیاسییە، بەڵام سەرباری ئەوە، ئەویش وەکو هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستان، لە قەیراندایە. بەشێکی گەورەی ئەو قەیرانە، دەرهاوێشتەی ئەو پەتایەیە کە لە ئەنجامی نادامەزراوەیی سیاسەت لە کوردستاندا تووشی حیزب هاتووە. ئەوەش وایکردووە کە ململانێی دەسەڵات لەناو یەکگرتوو و هەموو حیزبەکانی دیکە بە ڕێڕەوی ئاسایی خۆیدا نەڕوات.

ئەگەرچی یەکگرتوو کارنامەیەکی خاوێنی هەیە لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دیتمان کە چۆن ئەم دەستاودەستکردنە زۆر بە خراپ شکایەوە و لە چوار ساڵی ڕابردوودا، لایەکی بەلای هەولێر و دهۆک و، لایەکەی دیکەی بەلای سلێمانیدا شکایەوە.

لە ڕۆژئاوا، کاتێ سیاسەت بە دامەزراوەیی بوو، ئیتر پێویستیان بە سەرکردە نەما. حیزب بووە دامەزراوە و پێویستی بە بەڕێوەبەر بوو. ئێستا هەمان نیقاش لە کوردستان لەسەر ئاستی حیزبی سیاسی و سەرکردایەتیی وڵات هەیە. ئایا حیزب و وڵات بە بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوە دەچێت؟! ئەوانەی سەرکردەیان هەیە دیفاع لە بوونی سەرکردە دەکەن و، ئەوانەیش کە نیانە بەناوی نوێخوازی پەنا دەبەنە بەر بەڕێوەبەر!

حیزب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەڕێوەبەر بەڕێوە ناچێ و ئەوەی خەڵک لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، سەرکردەیە نەک پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب.

لە ئاستانەی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیدا، هەندێک گرەو لەسەر پارچە پارچەبوونی یەکگرتووی ئیسلامی دەکەن. ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە هەڵقوڵاوە کە سەرکردایەتیی ئێستا (باڵی هەولێر و دهۆک) نزیکن لە پارتی و پێویستە ئەمینداری داهاتوو و سەرکردایەتیی ئەو حیزبە یان وەک ئێستا بمێنێتەوە، یانیش بە هەمان ئەندازە نزیک بن!

ئەوە ڕوانینێکی هەڵەیە، چونکە پارچە پارچەبوونی بەرامبەرەکانی پارتی، نەک لە قازانجی پارتی نییە، بگرە لە زەرەرێتی. یەکێتی نموونەی هەرە زیندووی ئەو باسەیە. سبەی گۆڕان و یەکگرتووش وایان لێبێت، کارەسات ڕوودەدات، چونکە جەماوەری بەرامبەری پارتی لە کۆنترۆڵ دەردەچن و کایەی سیاسی بەرتەسک دەبێتەوە. بۆیە باشترین شتێک کە پارتی دەتوانێ بیکات، خۆ بەدوور گرتنە لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکگرتوو.

## هاتنەوەی سەلاحەدین بەهائەدین

2

دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەناو یەکگرتووی ئیسلامیدا رووی دا. ئەوەش لە کاتێکدایە کە یاسای حیزبە سیاسییەکان لە کوردستان هی ساڵی 1993، هیچ بڕگە و بەندێکی تێدا نییە حیزب پابەند بە دەستاودەستکردنی پۆستە ناوخۆییەکانی بکات، یان ناچاری بکات چوار ساڵ جارێک کۆنگرە ببەستێ. ئەوەش پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهانە کە تێیاندا یاسایەکی بەهێزی حیزبە سیاسییەکان هەیە و تەدەخولی ورد و درشتی ڕێکخستن و ئیدارەی حیزب دەکات.

ئەو دۆخەی ئێستا یەکگرتوو تێیکەوتووە، بە تایبەتیش کە سلێمانی ئامادە نییە ملکەچی بڕیارەکانیناوەند (لەهەولێر)بێت، مەترسییەکی گەورەیە و هاتنەوەی سەرکردەیەکی بۆ کۆکردنەوەی ناوماڵی یەکگرتوو کردووەتە زەرووەرەت. دروستکردنەوەی یەکگرتوویەکی بەهێز و یەکدەست لە قازانجی هەموو لایەکدایە. پێش هەمووانیش پارتی. ئەگەرنا دوور نییە ئەو بەشەی سلێمانیی یەکگرتوو، لە غیابی سەلاحەدین بەهائەدیندا، بەیەکجاری لە یەکگرتوو دابڕێن و ڕێگەیەکی جیاواز بگرنە بەر.

هاتنەوەی سەلاحەدین بەهائەدین بۆ ئەمینداریێتیی یەکگرتوو گرنگە. چونکە بەر لە هەموو شتێک، سەرباری ئەوەی کە پۆستی ئەمیندار لە چوار ساڵی ڕابردوودا لای محەممەد فەرەج بووە، نوێنەرایەتی نێودەوڵەتیی یەکگرتوو لەسەر ئاستی ئیخوان و سوننە هەر لای سەلاحەدین بەهائەدین بووە. ناڕازییەکانی سلێمانیش دێنەوە ژێر باری یەک سەرکردایەتی و، یەکگرتوو دەبێتە خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوە.

لەم قۆناغەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە عەلمانی و ئیسلامییەوە، بەسەر دوو بەرەی شیعە و سوننەدا دابەش بووە، هەڵوێستی قاتعی یەکگرتوو بۆ ئاییندەی کوردستان، بە تایبەتیش کە پارتی بەردەوام دەڵێ (ئێمە و یەکگرتوو لقی یەک درەختین) گەلێک چارەنووسسازە.

## ئەدی لە پەرلەمانەکەی خۆمان؟

3

خۆشبەختانە پەرلەمانی بەغداش بەدەردی پەرلەمانەکەی خۆمان چوو. سوێم لە هیچیان نییە. چونکە هەردووکیان ترەکەڵەکە بوون و، عاقیبەتیشیان دیار بوو. داخی گرانم بۆ ئەو کەسانەیە کە خەریکی ئەزموون گواستنەوە بوون، ئەوانەی یەکەمجار ئی کوردستانیان دەبردە بەغدا و، ئەوانەیش کە پێیانوابوو هی بەغدا دیموکراسیترە و دەبێ بێتە ئێرە.

خوا دای و دوای چەند ساڵێک ئەزموونی دەببە تێگرتن، هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی و تەعتیلکردنمان گەیاندە ناوجەرگەی پەرلەمانی بەغدا، بەڵام هەموو ئەوانە بە لایەک، ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو کە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا سروودی ئەی ڕەقیبیان دەگوتەوە! زۆر سەیر و سەمەرە بوو. دەڵێن بۆ؟ چونکە لە 2013 وە گوێم لە سروودی ئەی ڕەقیب نەبووە لەناو پەرلەمانی کوردستان! بژی پەرلەمانی بەغدا کە لە پەرلەمانەکەی خۆمان دیموکراسیترە و ئازادیی ئەوەمان هەیە لەوێ سروودی ئەی ڕەقیب بڵێینەوە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# کێن ئەوانەی دەنگ بە ئاکەپە دەدەن؟

بۆ تێگەیشتن لە توانای مانەوە و توانای بەرەنگاریی پارتی داد و گەشەپێدان، سازدانی سۆسیۆلۆژیای هەڵبژاردن بەهای تایبەتی خۆی هەیە. ئەم سۆسیۆلۆژیایە تێماندەگەیەنێت کە سەرکردەکانی پارتی داد و گەشەپێدان، لە هەموو هەلومەرجەکاندا دەتوانن گرەو لەسەر وەفای بلۆکێکی بەهێز لە کۆمەڵگای تورکیدا بکەن، بلۆکێک کە لە هەر هەڵبژاردنێکدا بەلای کەمەوە ڕێژەی 40%ی بۆ دابین دەکات.

لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیا، ئەم بلۆکە پێکهاتەیەکە لە چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتیی جیاوازی جیاوازکراوی جیاوازکار کە لە جەماوەرە "شەعبیە" مەحرومەکان لەلایەک و چینی ناوەندی خوارەوەی پەراوێزخراو لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوە دەگرن. ئەم گرووپە کۆمەڵایەتیانە، کە لەنێو سەنتەری شارە جوانەکاندا گەورە نەبوون و دەستیان لە پەروەردە و کولتووری "ڕاقی" گیر نەبووە و بەردەوام لەلایەن نوخبەکانەوە پەراوێزخراون، لە ئێستا و ئێرەدا، مەخزەنێکی گەورە و دەوڵەمەندی دەنگدانی وەفادار بۆ پارتی داد و گەشەپێدان پێکدەهێنن.

بەدیوێکی دیکەدا، ئەم گرووپە کۆمەڵایەتیانە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ کردەی ئاینداریدا هەیە و هەڵگری کۆی ئەو بەهایانەن کە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بە بەهای "موحافزکار" ناودەبرێن. لە یادەوەریی دەستەجەمعی ئەم گرووپە "موحافزکارانەدا"، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، تەنها سەرۆکی وڵاتێک نییە، بەڵکو ئەو پیاوە "ئازا" و "نەبەرد"ەیە کە بە ئیسرائیل و ئەمەریکا دەڵێت "نەخێر" و لەڕێگای ئەوەوە تورکیا دەتوانێت خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی "گەورەکانی" دنیا.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کە ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی دەچێتەوە سەر گەڕەکە مەحرومە "شەعبیەکانی" ئیستەنبوڵ، شانسی تۆڵەکردنەوە لە نوخبە کلاسیکیە سیاسی و کولتووری و پەروەردەیی و ڕووناکبیرییەکانی تورکیا بە مەحرومەکان دەبەخشێ و دەرگاکانی سەرکەوتن و فرێنیان لێدەکاتەوە. هەژموون لەسەرکراوەکانی دوێنێ، لە کەسایەتی ئەردۆغاندا، نەک هەر ڕێگای چوونەدەرەوە لە سیستەمی هەژموون دەبینن، بەڵکو دەیانەوێت هەژموونیش بەسەر سەنتەرەکانی بڕیاریشدا بکەن.

لەپەنای ئەم گرووپە کۆمەڵایەتیانەدا، گرووپێکی دیکەی "دەوڵەمەندی ئایندار" بە هەموو توانایەوە پشتیوانی لە داد و گەشەپێدان دەکات. ئەم گرووپە، چەند بەرزکردنەوەی ئاستی دەوڵەمەندبوونی لا گرنگە، هێندەش دەستگرتن بە بەها ئاینییەکانەوەی لا گرنگە. لێرەوە ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە ئاینییەی کە داد و گەشەپێدان پێشنیاری دەکات، وەڵامی تەواوی پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی ئەم گرووپە کۆمەڵایەتیە دەداتەوە.

ئەم بنکە جەماوەریە بەوەفایە، کە هیچ حیزبێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن نیەتی، مەرجێکی سەرەکیە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان. دەڵێم مەرجێکی سەرەکیە، بەڵام خۆی لە خۆیدا بەس نییە بۆ بردنەوەی ڕەهای هەڵبژاردنەکان.

لە مانگی جونی 2015 دا بینیمان کە سەرەڕای دەنگی گرووپە میللییەکان، گرووپەکانی چینی ناوەندی نزم و گرووپی دەوڵەمەندی ئایندار، پارتی داد و گەشەپێدان نەیتوانی زۆرینەی ڕەها بەدەستبێنێ و ناچار بوو پەنا بۆ حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەرێت. بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەها، دوو مەرجی دیکەی سەرەکی هەن و بەبێ ئامادەبوونیان، داد و گەشەپێدان ناتوانێت حوکمی وڵات بکات، ئەو دوو مەرجە بریتین لە دروستکردنی دۆخێکی بابەتی کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ بەرژەوەندیی حیزبدا لەلایەک و دروستکردنی ستراتیژێکی نوێ کە بتوانێت لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا بڕوات لەلایەکی دیکەوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم دوو مەرجە، ئەردۆغان چرکەساتێکی زۆر گرنگ هەڵدەبژێرێت کە لەسەر ئاستی جیهان بە چرکەساتی "سروچ" (پرسووس بە کوردی) بەناوبانگە. لە 2015/7/20دا، تەقینەوەیەکی توند لەم شارەدا ڕوودەدات و نزیکەی 30 کەس دەکوژرێن. قوربانییەکان لەو کەسانەن کە خۆیان وەک نزیک لە کێشەی کورد پێناسە دەکەن. ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار، ئەم ڕووداوە وەک دەسپێکی ئامادەکردنی دۆخێکی نوێ و ستراتیژێکی جیاواز لە ڕابردوو بەکاردەهێنێت و جەنگ لەدژی "تیرۆریزم" ڕادەگەیەنێت.

بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانەوە و لەبری ئەوەی ئەردۆغان تۆڵەی قوربانیەکان، کە کوردن، لە جەلادەکان، کە ئیسلامیستە ڕادیکاڵەکانی داعش بکاتەوە، جەنگ دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان و تەواوی لق و چڵ و باڵەکانی ڕادەگەیەنێت! لەم ڕێگایەوە ئەردۆغان دەیویست قەناعەت بە کۆمەڵگای تورکی بکات کە تورکیا لە دۆخی جەنگێکی بابەتیدایە لەگەڵ تیرۆریزمی پەکەکەدا و تاکە ستراتیژێکی "مومکین"یش لەگەڵ ئەم حیزبەدا بریتییە لە بەکارهێنانی هێز، چونکە ئەزموونەکانی ڕابردوو دەریانخست کە دانوستاندن لەگەڵ پەکەکەدا بێهودەیە، لەکاتێکدا هەموو چاودێران دەزانن بەرپرسیاری یەکەمی شکستی دانوستاندنەکان تورکیایە نەک پەکەکە. ئەوەی بۆ ئەردۆغان گرنگە، چاودێران نین، بەڵکو یادەوەریی کۆلێکتیڤی تورکەکانە، بەتایبەتی جەماوەرە ناسیۆنالیستەکە، هەروەها ئەوەی گرنگە دڕانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو ستراتیژی بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەرە.

بەمشێوەیە، سەرلەنوێ فڕۆکە تورکیەکان دەفڕنەوە و بۆمبەکانیان بەسەر بارەگاکانی پەکەکەدا دەبارێننەوە. سەرلەنوێ ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار خۆی وەک پاڵەوانی بەرگریکار لە یەکێتی خاکی تورکیا دەخاتەوە سەر شانۆ، سەرلەنوێ پارتی داد و گەشەپێدان خۆی وەک گەرەنتی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات پێناسە دەکاتەوە.

ئەم دۆخە نوێیە، بەم ستراتیژە نوێیەوە، چی بە ئەرۆغان و داد و گەشەپێدان بەخشی و چی لە تورکیا و کۆمەڵگاکەی سەندەوە؟



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# یاسای بە تاوان ناسینی "ئینکارکردنی ئەنفال"

ئەوەی ڕۆژی چوارشەممە (4/13)، ڕۆژێک پێش یادی تاوانی ئەنفال لە هۆڵی پارلەمانی عێراق ڕوویدا لە سووکایەتیکردن بە قوربانیانی گەلی کورد بەپێی گێڕانەوەی پەرلەمانتارە کوردەکان دەرهاوێشتەیەکی سروشتیی ئەو بۆشاییە یاساییەیە کە هەموو تاوانەکانی دژ بە گەلی کوردی تێدا دەسووڕێتەوە.

ئەو تاوانانەی لە چەندین ساڵی ڕابردوودا بەرامبەر گەلی کورد کراون، نەک هەر لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە داوای لێبووردنیان لەسەر نەکراوە، بەڵکو هیچیشیان نەخراونەتە ناو چوارچێوەیەکی یاساییەوە و بە یاسا ئیدانە نەکراون و بە یاساش چوارچێوەڕێژ نەکراون، بەشێوەیەک کە کەس نەتوانێ سووکایەتی یان ئینکاری ئەو تاوانانە بکات کە دژی گەلی کوردستان کراون، یان لە گرنگی و قورساییان کەم بکاتەوە، یان گومان بخاتە سەر بنەما سەرەکییەکانی ئەو ڕووداوانە وەک ئەوەی نزار خەزرەجی کتێبێک دەنووسێت و ڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ئەستۆی حکومەتی عێراق دەکاتەوە و دەیخاتە ئەستۆی ئێران.

هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوون، دەبێت وەک خۆیان بەیاسا چوارچێوەدار بکرێن، بە شێوەیەک کەس نەتوانێ لەڕووی مێژووییەوە بنەما سەرەکییەکانی دەستکاری بکات.

ئەمڕۆ بەبێ بوونی یاسایەک کە پێش لە ئینکارکردن یان گۆڕینی ڕاستیی ڕووداوەکان بگرێت، زۆر بەئاسانی هەر کەس لەعێراق یان لە جیهاندا دەتوانێ ئینکاری ئەنفال، کیمیاباران یان ڕاگواستن و هەموو ئەو تاوانانەی دیکە بکات کە بەرامبەر کورد کراون و وەک عالیە نوسەیف سووکایەتییان پێ بکات و وەک نزار خەزرەجی بە ئارەزووی خۆی کتێبیان لەبارەوە بنووسێ و ڕاستییەکان چەواشە بکات.

هیچ شتێک سەنگی خۆی وەرناگرێت و پارێزراو نابێت ئەگەر لە ڕێگەی یاساوە پاسەوانی نەکرێت، ئێستا لە عێراق ئەمە حاڵی ئەنفال، کیمیاباران و ڕاگواستنە و هەر سات و وەختێک ئەم بابەتانە کە بەلای کوردەوە برینێکی قووڵن، لەلایەن هەر کەسێکەوە دەکرێت حورمەتی بشکێنرێت و سووک بکرێ.

ئەوە ڕاستە کە ئەنفال و کیمیاباران وەک تاوان بەپێی یاسا لە پەرلەمانی عێراق بە جینۆساید ناسێنراوە، بەڵام هیچ یاسایەک نییە کە ئینکارکردنی ئەو تاوانانە وەک تاوان بناسێ هەروەک یاسای بە تاوان ناسینی ئینکارکردنی هۆلۆکۆست کە لە دەیان وڵاتی ئەوروپا چەسپێنراوە و هەتا ئێستاش چەندین نووسەر و سیاسی لەسەر ئینکارکردنی ئەو ڕووداوە دادگایی کراون.

هیچ کەس بەقەدەر کورد لە گرنگیی یاسایەک وەک ئەوەی جووەکان بۆ پاراستنی ڕاستیی ڕووداوەکانی هۆلۆکۆست دەریانکردووە، تێناگات، بەوپێیەی کورد و جوو خاوەنی یەک برینن و خۆیان دەزانن کوێیان دێشێ.

جووەکان لەڕێی ئەو یاسایەوە توانیویانە هۆلۆکۆست بکەنە ڕاستییەکی مێژوویی چەسپاوی بێگومانی حاشا هەڵنەگر کە بەبێ بوونی ئەم یاسایە لەوانەیە ئەو ڕاستییە مێژووییە زیاتر لە گومانێکی لەسەر دروستبکرایە و دەستکاریی بنەماکانی بکرایە، هەوڵەکانیش لەم ڕووەوە زۆرن.

لێرەدا بەگرنگی دەزانم پێشنیازێک بخەمە بەردەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە هەوڵی گەڵاڵەکردنی یاسایەک بدەن تاوەکو بەپێی ئەو یاسایە هەموو ئینکارکردن و گۆڕینی بنەما سەرەکییەکانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن بە تاوان هەژمار بکرێت.

نوێنەرانی کورد لە بەغدا و پەرلەمانی کوردستانیش درکی مێژوویی و یاساییان لاواز بووە کە تا ئێستا پرۆژەی یاسایەکی لەم شێوەیەیان گەڵاڵە نەکردووە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# نزیکبوونەوەی تاران و هەولێر

ئەو هەرایەی لە بەغدا لەسەر دابەشکردنی کورسی و دەسەڵات هەیە، هیچ نییە لەچاو ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش بۆ باشووری کوردستان بەڕێوەن. گرنگترینیشیان ئەوەیە کە وەک دەردەکەوێت قۆناغی داهاتوو قۆناغی نزیکبوونەوەی زۆرتری هەولێر و تاران دەبێت. بەڵام دەکرێ چاوەڕوانی دووبارەبوونەوەی سیناریۆی هاوشێوەی گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە بین: تا دوێنێ تا سەر ئێسقان لەیەکدی دڕدۆنگ و ئەمڕۆ دوو پارتنەری ئابووری و سیاسیی ستراتیژی؟

شتێک هەیە کە چیدی دوودڵی هەڵناگرێت. ئەو دەوڵەتۆکەیەی پێیدەگوترا عێراق کۆتایی هاتووە. هەرای چەند ڕۆژی ڕابردوو لە زۆنی سەوز بیرخەرەوەی ڕاستییەکە کە عێراقییەکان خۆیانی لێ نەبان دەکەن: عێراق ئەو ماڵەیە کە گەورەی تێدا نەماوە و براکان دەیانەوێ لەیەکدی جیاببنەوە، بەڵام نە خزمانیان دەهێڵن و نە خۆشیان بوێریی ئەوەیان تێدایە بەبێ سەرئێشە کۆتایی بەو هاوماڵییە بهێنن.

هەم ئەوەی بەرپرسانی ئێرانی لەژێر لێوەوە درکاندوویانە و هەم ئەوەش کە هەندێک کاربەدەستی کوردستان باسی دەکەن، پەیوەندییەکانی کوردستان و ئێران، بەتایبەتی لە بواری وزەدا، وردە وردە بەرەوپێش دەچن. ئەگەر زانیارییەکان ڕاست بن، هەنگاوی یەکەم بەوە دەستپێدەکات کە لەجیاتی تانکەر، بە بۆڕی نەوتی کوردستان بۆ پاڵاوگەکانی کرماشان و تەورێز هەناردە دەکرێن و بەدوایدا پرۆژەی گەورەی دیکەش دەستپێدەکەن. لەو نێوانەدا بەغدا-ی شیعە تێداهەمەکارە، کە هەرچییەکی پێکرا کردی بۆئەوەی شکست بە پەیوەندی و ڕێککەوتنە وزەییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە بهێنێ، تووشی هەڵوێستێکی دژوار دەبێت و ناتوانێت بە هەمان دەنگی زوڵاڵ دژایەتی پەیوەندییە وزەییەکانی هەولێر و تاران بکات. کوردستانیش لەوە دەردەچێت کە هەموو هێلکەکانی لە سەبەتەی تورکیادا دابنێت.

بەڵام ئەمە دیوە ڕەنگینەکەی چیرۆکەکەیە. دیوەکەی دیکەی ئەوەیە کە ئەگەر ئەو پرۆژەیە سەربگرێت، هەژموونی ئێران بەسەر باشووری کوردستانەوە زۆرتر دەبێت. هەولێریش ناچار دەبێت زۆرتر لە جاران لە سیاسەتگوزاریی خۆیدا ڕەچاوی نیگەرانی و بەرژەوەندییەکانی تاران بکات. دەشکرێ مەسەلەکە بەو دیوەدا ببینین کە مادام بەرژەوەندیی گەورەی هاوبەش لەنێوان کوردستان و ئێراندا دروست دەبن، کەواتە هەردوولا ناچارن موراعاتی یەکدی بکەن و لەجیاتی ئەوەی لەیەکدی بترسێن، مانەوەی یەکدی وەکو گەرەنتیی سەقامگیری لە ناوچەکەدا دەبینن.

هەرچەندە ڕوحانی لە دیداری هەفتەی ڕابردوویدا لەگەڵ ئەردۆغان باسی ئەوەی کرد کە هەردوو دەوڵەت دژی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکەن (کە ئاماژە بوو بۆ عێراق و سووریا)، بەڵام هەردوو سەرۆک دەزانن هەڵوەشانەوەی عێراق حەتمییە و تەنیا مەسەلەی کاتە. بۆیە بیانەوێ و نەیانەوێ لە ئایندەی نزیکدا دەبێ مامەڵە لەگەڵ کوردستانێکی سەربەخۆدا بکەن کە هاوسنوورییانە و پایتەختەکەی هەولێرە. کەواتە بەستنەوەی ئەو کوردستانە سەربەخۆیە لەڕێگەی پرۆژەی وزەییەوە بەخۆیانەوە کارێکی ستراتیژییە، بۆئەوەی بڵێسەی سەربەخۆییخوازی کورد لە ناوچەکەدا لەدەست دەرنەچێت و بۆیان کۆنترۆڵ بکرێت. بۆ هەولێریش ئەو بەستنەوەیە گرنگە بۆئەوەی لەجیاتی مێژوویەکی نەخشاو بە ڕووباری خوێن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە، بەرژەوەندی و نەوت ببنە گەرەنتی بۆ مانەوەی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



ئەحمەد خەلیل بۆ (روودا‌و):
## جارێکی دیکە خۆشەویستی ناکەمەوە
12 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی روودا‌و
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی روودا‌و دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





